موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

# ڕەهێڵ

کۆبەرهەمی شیعری

* ناوی کتێب: ڕەهێڵ
* شیعری : موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی
* چاپ: یەکەم
* چاپخانە: چاپخانەی شەهاب – هەولێر
* تیراژ: (٥٠٠) دانە
* لەسەر ئەرکی شاعیر چاپکراوە
* مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی
ساڵی ٢٠١٢ی دراوەتێ

نرخی (٦) هەزار دینارە

# پێشەکی

به وشەی ڕەسەن

کرداری ڕەسەن

ئاکاری ڕەسەن

بەوەی بە کوردی دەئاخفێت و ئەویندارى پیتی کوردی و زمان و زاراوەی ڕەسەنی کوردییە

بەوەی ژیانی خۆی بۆ زمانی زکماکی دایك، زمانی کوردی تەرخان دەخات و تەنانەت لە خەونیشدا بە زمانی کوردی دەئاخفێت

بەو وشە نەترسانەی لە هەر کوێیەك بێت ڕاستی دەڵێن و لە سانسۆرو دکتاتۆرەکانی وشەو چاوسوورکردنەوە ناسڵەمێنەوەو گفتاری خۆیان بە گوێی نەوەکاندا دەدەن و چاوەڕوانی پاداشتی خەلیفە ناکەن

بەو خامە بەجەرگانەی بە خوێنی جەستەو بە دڵ و گیانی لەخۆبوردانەوە ڕستەی بەرخودانی وشە دەڕازێننەوەو لە سەنگەری نەبەزیندا دڕ بە هزرە بەسەرچووەکان دەدەن

بە هەموو وشەیەکی کوردی زاری منداڵی کورد گۆی دەکات و دەڕژێتە زەریای زمانی کوردییەوە

بە بیری کوردانە

کرداری کوردانە

ئاکاری کوردانە

# خەون

له خەونمدا خەون به شاری خەونەوه دەبینم
له خەونمدا خەون خەونێكی خەونینه له نێو خەوندا
له شاری خەوندا خەریكی خەون بینینه
له خەونمدا لەسەر نوێنی خەونی شاری خەون
ڕاكشاوم و خەون به بەژنی زراڤی خەونەوه دەبینم
له ئامێزی بنەڤشەیی خەوندا
خەونەكانم دەزێن
خەون خەونی خەونێن دەباتەوەو
خەون به خەونێكی ئەرخەوانی دایكی خەونەكانەوه
دەبینێت
له بەهەشتێكی بەرینی خەوندا
له نێو نوێنی نیانی خەوندا
خەونێكی دی به خەونەوه
دەبینێت
له خەونیدا
له ناو كۆشكی خەونینی شاری خەوندا
له تەنیشت بەژنی خەونی خەونانەوه ڕاكشاوه
ملوانكەی خەون به باڵای خەونەكاندا
شۆڕ دەكاتەوه
دەستی خەون دەگرێت
پیاسەی خەون لەگەڵ پەری خەوندا دەكات
له زەماوەندی خەوندا هەڵپەڕكێی خەون دەبەستێت
شاباشی خەون به باڵای خەوندا هەڵدەدات

تەك خەونی خەوناندا
ڕەشبەڵەكی خەون دەبەستێت
ئاوی شادی خەون بە سەر بووكە بە بارانێی خەوندا
دەكات
تەك هاوەڵەكانی خەوندا
بە ڕێگەی خەوندا
بەرەو لووتكەی خەون بڕۆن
لە لاپاڵی خەوندا
سەرەو لێژی خەون نەبنەوە
تا لەگەڵ خەوندا
بە شەقامەكانی شاری خەونی خەونیندا
تێدەپەڕن
باخچەكانی شاری خەون
بە پیاسەی خەون
بەسەر دەكەنەوە
لە خولگەی خەوندا
زنجیرەیەك خەون دێنن
خەونێكی خەونین ببنەوە
لە خەونمدا
خەونێكی ئەرخەوانی
بە شاری خەونی خەونانەوە دەبینم
چوومەتە شاری خەون
ژوورێكی ڕازاوەی خەونینیان
بۆ ڕازاندوومەوە
گڵۆپە رەنگاورەنگەكانی خەون

بۆم پێدەکەنن
پەنجەرەکانی کۆشکی خەون
بێ پەردە
لە ڕووی خەونەکانی منداڵی خەونمدا
کراونەتەوە
چاوی خەونیان
لە دەروازەی خەونی خەونەکانە
پەرژینی خەونی باخچەکان
لەبەردەم هەرێزی خەونی ئێوارانداا
چاوەزاری خەون
بە تەوێڵی خەونی هەژارانەوە
دەبەستن
بەرماڵی عەشقی خەون
لەسەر سینەی هەرمێی خەونین
ڕادەخەن
تا سێوەکانی کوڵمی خەون
لە شەوە ڕووناکەکانی خەوندا
سوورتر هەڵگەڕێن و
تینی خەون
بە چاوی خەونەکان
ببەخشن
چی دی
خەون نەبێتە خەونێك خەونی پێوە نەبینرێت
لە خەونمدا
خەون بە شاری خەونەوە دەبینم

له شاری خەوندا

له ناو كۆشكی خەوندا

لەسەر قەرەوێڵەی نیانی خەون

له ئامێزی نوێنی خەوندا

به باوەشێك خەونی پەمەییەوه

ڕاكشاوم

خەون به بەژنی خەونی خەونینەوه دەبینم

له بەرەبەیانی خەوندا

مۆتەكەی خەون

بینەقای خەونم دەگرێت

به ئاگەی خەون دێم

دەبینم

لەشەوی خەوندا

خەونم به شاری خەونه بینیوه

مۆتەكەی خەون

چنگ له بینەقام دەنێت

له نێو خەوندا

بمخنكێنێت

لەپڕ له خەونی خەونین ڕادەچەنم

دەبینم

هەناسەبڕكێی خەونمەو

تەنیا خەونم بەو خەونانەوه بینیوه

كه له شاری خەونی خەونیندا هەن

ئەو خەونانەیش خەونی من نین

خەونی خەون بینانه

لەوانەی خەون
بە پاشای خەونی خەونینەوە دەبینن
منیش بە دەستی بە تاڵی خەونەوە
لە شاری تراویلکەی خەونەکانمەوە
شۆڕ دەبمەوەو
بە دەست بەتاڵی
لەبەر دەروازەی خواپێداوانی خەوندا
لەپی خەونم
لە شاری خەونی خوا پێداوانی خەون
پان دەکەمەوە !!

٢٠٠٥/٨/٩

# ڕێگه

ڕێگەیەك
ڕۆیشتەوە سەر ڕێگەیەك
دوو ڕێگەیان لێ بووەوە
لە شاڕێگەیەکدا
گشت بزر بوون
ڕێگەیەك لەدایك بوو
لەبەردەمی ڕێگەیەکدا
بۆ ڕێگەیەك گەڕا
توولە ڕێگەی ڕێگەکانی هەڵلووشی
تەرمی ڕێگەی
هیچ ڕێگەیەکی دەڤەری ڕێی
دانەپۆشی
ڕێگەکان قوت بوونەوە
بەناو دۆڵی ڕێگەکاندا
بەرەو ڕێگە
شۆڕبوونەوە !!

٢٠٠٥/٨/٩

# شەقام

شەقام لە شەقامەوە دەزێت
شەقام کوڕی شەقامی دەبێت
شەقام بە شەقامدا
لە شەقامی شەقام تووڕە دەبێت
لە شەقامدا بارگەی شەقام
تووڕدەدات و
یاخەی شەقام توند توند دەگرێت
شەقام
چاوی شەقام
لە شۆستەکان دەبوغزێنێت
زمانی شەقام
لە دەروازەی شەقامەکاندا
دەردەهێنێت
شەقام بە شەقامدا
لە کۆڵانی شەقامەوە تێدەپەڕێت
لە ئامێزی شەقاماندا
بە خۆشنوودی شەقامەوە
هەڵبپەڕێت
هۆرەی شەقام
بۆ شەقامی شەقامەکان
لە شەقامدا جوان بچڕێت
شەقام بۆ شەقامی بڵێتەوە
بە نێو خولگەی شەقاماندا
بۆ شەقامان
بخولێتەوە !!

٢٠٠٥/٨/٩

# هزرو شایلۆغانی پرسیار

ئەو شەقامەی لە تەنیشتی هزرەکانتەوە
باوێشکی گەردەلوول لێ دەدات
چاوی بە فرۆی مانگەشەو نەکەوتووە
ئەو نامەیەی بە دێڕی شکۆ
دەست پێ دەکات
ئەسپی بێ حیلکەی چاوەزارە
بە دەوری قەڵاتی بیردا
غار غارێنی هەناسەی با دەکات
با سواری پشتی هزرە سووتاوەکانە
هزری سووتاویش
جڵەوی خەونی لاپەڕەکانی دوێنێ
لە دەستی ئاسۆی تەسکی خۆرەتاو
ناستێنێت
ئەسپی دەڤەر مل لە پەنجەرەی پێکدادانەکان
دەسوێت
سوێسکەی نێو هێلانەی وێنە دڕاوەکان
گۆرانی و لاژە
بۆ تەرمی هێلکە دۆڕاوەکان
کۆ دەکاتەوە
ئاو ماچی سوور لە چاوی باران دەڕفێنێت
باوەشی هۆش بە باڵای زامەکاندا
ناکات
ئەو شێرەی دوێنێ

به بەردەم ڕەشنووسە پەڕپووتەکاندا
ڕستەی هەڕەشەی لە گەردنی وشەکان
دەئالآندو
کەڵبەی لە ڕوومەتی منداڵە زەندەق چووەکان
جیڕ دەکردەوە
لە ئاهەنگی شاردنەوەی وێنە قێزە ونەکەیدا
ڕێژنەی گوللە
بە ئاسمانی شارەوە
سروودی هەتاوی خەواڵووی
بە گوێی کەڕی زەردەواڵەکاندا
پەرت دەکردەوە
ئەو شێرەی دوێنێ
ڕەفتارو کرداری لە پێستی شێردا
ڤەشێردبوو
قۆرتی مێژوو سەرجەلەی ساختەی
بۆ دەنووسییەوە
سەردێڕی نەبەردییە دەستکردەکانی تووڕ دەداو
تەزبیحی بێ هۆشی دەبڕییەوە
قۆرتەکان
لە باوەشی دارستانە ترساوەکانی شارو
جۆگەڵە لێخنەکانی هەستدا
دەلەرزین
ئەو تفەنگەی دوێنێ
لوولەی هەڕەشەی لە لووتکەی سەر بە تەمی
چیا سەرکەشەکانی بەفر

دەکرد
زەندەقی مەلۆتکەی دڵە سەوزەکانی دەبرد
لە مۆزەخانەی هەڕاج و بیرچوونەوەدا
گیرساوەتەوە
ئەو گەردانەی لە ڕێگەی شەکەتیدا
بوو بە هاوەڵی خەونەکانت
دەزووی بیرچوونەوەی هەتاو شکۆدار ناکات
ڕێگەی بیرەوەرییە سرکەکان
ئاسکی هەناسەی سوار
بە لاژەی دەستەمۆی ئێوارە
گۆش دەکات
شکۆداری لە بینینی گلێنەی خۆرو
دەست لە ملانێی تیشکدا
هەناسەبڕکێی ڕۆژی هەینییە
شەموان قەرەوێڵەی پشوو
بێزار دەکات
باران نامەیەکی ڕووشێنراوە
لەسەر کاغەزی ئاورێشمێکی شین
ڕاکشاوە
دڵۆپی شوێن
بە دەوری چاوەکانیەوە
پرسەی ڕۆژێکی ناهەموار دەگرن
دێیت قفڵی پرسیارێك دێنیت
زاری تەرەکیوی پرسیارەکان
قوت دەکەیتەوە

با بۆ باوەشی بۆران و
سروە بۆ ئامێزی دەریا
ڕەوانە دەکەیتەوە
دانایی پرسیار لەوەدایە
سوخمەی هۆشت بەرەڵڵا نەکەیت
دروشمی سەر زاری ئێوارە کۆڕ
بۆ قەتماغەی برینەکانی گەردەلوول
بەرز نەکەیتەوە
ڕێڕەوی ئەو یاساشکێنییە
پاشقولی فێڵی سەردەمی جاڵجاڵۆوکەیە
گەردنی وشە جەڕێنراوەکان
دوا مێخی دەواری ڕستە بێ ڕێتمەکانە
لێزمەی هەڕەشەو گوڕەشە تاڵەکان
مل لە دیواری ورە بێدارەکان دەسوون
هزرت هزریوە
لە هزری هزرانی هزردا
دیواو دیوە
تا هزر بڕکات
هزرت هزری هزراوی چنیوە
ئەو شەوەی کاکێشانی هزرت کشا
بیرت لەو هزرانە دەکردەوە
لووتەوانەی نەفرەتیان رسکیوە
گوارەی گوێڕایەڵی تەماشایان خەملێوە
تا گەردانەی ڕستە نەجمیوەکان
بانگی گوڵاوی دەنگت نەکەن

تا گلێنەی پرسیارە ڕفیوەکان
سەری هۆش لە سینەی خەمت نەدەن
باڵەخانەی وەڵام لەناختدا
ناجمێت
تا هەناسەی با
سییەکانی خەیاڵ
لە خڕۆکەی خوێنی ژیانی لێوان لێو
لە گەردانەی خەونتدا
نەشواتەوە
شانەکانی مێشکی ئارەزووت
جووت نابن
بە جووت بوونی نیازەکانی دروشمی ڕێ
باوێشکی نیوەڕۆی مانگ
بەیداخی شەکەت
هەڵدەپەسێرێت
ئەو ناوەی لە ناوی ناوت نابوو
زاری فەرهەنگێکی دی
دەکردەوە
تۆ بە هەنگاوی ماندوو
پرسیارت لە ماڵی ڕێتم دەکرد
ئەو کورسییەی لە ئاگرە سوورەکەی پێرار
قاچەکانی سووتابوون
بەر ڕەشەبای دەستی گەندەڵی کێبەرکێ کەوت
لە ژێر سمی ئەسپە دارینەی خۆردا
فرمێسکی لاساری دەڕێژێت

جلّەوی بەر کۆسەبەبارانێ کەوتووە
کیژی باران ملوانکەی تۆرانی لە ملە
زاوای ساڵ چاوەڕوانی مرواری
هەورە تریشقەی وەرزە سەوزەکانە
وەرزیش بە خوێنی مێژووی دەلەسە سوورە
مێژوو چەموولەی نەفرەت
لە ڕوومەتی وەرز نوقم دەکات
ئەو ڕێبازە دوور دەستەی پەناکان دوور دەخاتەوە
ڕستەی مەرگ لە چاوەزار
مارە دەکات
دانایی ئەو نقێمە شێنە نییە
بە تەوێڵی بەختی بیرەوە
ببریسکێتەوە
تا ملوانکەکان
دانە دانە لە گەردنی ڕۆژ نەکەیتەوە
تیشکی دیتن  ڕێی هۆزارت پێ نیشان نادات
ئەو ئاوازەی ڕێتمی هەنسکی خۆی  ڕووتاندەوە
شوێن پێی تۆزو بای بێزاری کەوت
تۆ چۆکی ئەو چۆکەیت
لە کاروانی پیتەکانی زاردا
دەزووەکانی قورگت پسێنراون
ئەو زارە بێ زارەیت
زارەکانی زارت تێك ئاڵاون
کولووی وەرزت تێ ئاڵاون
هەناسەی وەرزەکان سوارن

هەنسکی مانگەکان بوارن
سروەت هەنگاوێکی بەجیماوی
تاسەی سووتاوی قەلەندەرێکی ئەم هەتاوە
بێ سرەوتەیە
لە شایلۆغانی پرسیارە تاڵەکاندا
واقی ئەندێشەی چاویلکەی ڕۆژ
دروشمێکی ئەبڵەقاوی ڕەفتارە
مانشێتی خەوەنووتکەی دیوارە
لە ئامێزی پرسیاردا پرسیارە
بە تەڵە ڕیشی سەرسوڕماندا
بەرەو ژێی هەناسە بڕکێی خەونە بزڕکاوەکان
هەڵزناوە
ئەو گرمۆڵە پرسیارانەی دەورووژێن
بێ بەرسڤن
ئەو وشە کرمۆڵانەی دەخزێن
هەر سەر کزن
با وێنەکەت نەقرتێنرێت
ئەو بازدانە
بە هەنگاوی دەلەسە
هەڵمەواسە
کەی پێناسە
چوارچێوەی خەونەکان دەگرێتەوە
شەو هەناسەیەکی خنکاوە
با دەروازەیەکی تۆراوە
ئاسمان ڕەنگێکی بزرکاوە

ڕێ گەڵای داربەڕوویەکی تۆراوە
چیا ڕووبارێکی لە گێژەنك دەرهێنراوە
کانی تونێلێکی تاریك و
جۆگە بسکێکی سووتێنراوە
بازوو گۆچانێکی شکێنراوە
چاو خوێنەو خوێنی ڕۆژی تێ زاوە
هەواڵ وشەیەکی ڕەش داگەڕاوە
نەکەیت خۆت لە قەرەی هەناسە بدەیت
نەکەیت پەنجە بۆ دوگمەی تاسە ببەیت
نەکەیت شایلۆغانی پرسیار
بە بەرسڤی کەنار
ڕوون کەیتەوە
نەکەیت ئەم هەتوانە
بۆ چاوی زام
نوێ کەیتەوە
نەکەیت تایتلێك بیت
بێ سەرەتاو کۆتایی بیت
نەکەیت پەرداخێکی بزەی زەرد بیت
پەیکەرێکی خوارو خێچی بەرد بیت
لافاوی گاڵتەجاڕی
لە زستانی پڕ ڕەهێڵەو زوقمی نادانایی
وڕینەدا
غل بیتەوە
ئەو شەوەی شەو دەنوێت
هەتاو هەڵدێت

ئەستێرە ئێشك ناگرێت
ئاسۆ ئاسمان بە جێ دێڵێت
ڕووبار کەنار دەتۆرێنێت
قۆناغ ڕێ دەڕفێنێت
ئاو خۆی کۆ دەکاتەوەو
هزری کانی ناهزرێنێت
خوڕە گەرووی خۆی کپ دەکات
تاڤگە ئاوازەکان دەسڕێتەوە
دروشم لە دوای دروشم
دروشم دەپسێنێت
ڕەنگ لە دوای ڕەنگ کاڵ دەبێتەوە
ڕێ بەرەو هەوراز مل دەنێتەوە
هەوراز لە نشێودا دەگیرسێتەوە
چاوی هزرت
وشەی ڕستەی نەهامەتی
ناخوێنێتەوە
چرای کزی خوێندنەوە
بەسەر پردی پردەکاندا
غلۆر غلۆر دەبێتەوە
چەوگانەکان هەڵ دەگریت و
فرمێسکی ڕۆژ
ناسڕیتەوە
فرمێسك مێژوویەکی خوێناوییە
ملوانکەی دوێنێ
بیر دێنێتەوە

گەردانە دوای گەردانە دەکەوێت
هەواڵ دەڵێت :
مەداڵ نقێمێکی شکاوە
لەبەر چاوی هەتاوە
دەرۆزەکەری مێژوو
لەنێو لەپی ناوە
لەپ چەپۆکی نەفرەتە
نەفرەت ملوانکەی خەون دەهۆنێتەوە
خەون لە خەون هەڵدێت
بالۆرەکان دەزێن
بسك و بازووی با
دەتەزێن
با گڤەی خۆی دەنێژێت
هەور تەرزە دەڕێژێت
باران سروودی بێ بارانی دەبێژێت
ساڵ وەرز قەرد دەکات و
وەرزیش لە ساڵ هەڵدێت
هاوین زستان دەڕەتێنێت
پاییز بەهار دەتەزێنێت
با هۆرەی گەرما دەچڕێت و
ڕیتم لاژەی سەرما ئەزبەر دەکات
ئەو خەونەی دایکم دەیبینی
هەورێکی هەڵنەهاتووە
ساجی ڕۆژگار دەیسووتێنێت
ئەو هۆرەیەی باوکم ئەزبەری کردبوو

چیاو ڕووبار
نەیانقۆستەوە
ئەو ڕێگەیەی نەیبڕیم
هەورازەکانی فریو دا
ئەو شەوەی بەرگی نووتەکی دەباراند
پاییز گەڵای خەونەکانی دەتاراند
هاوین ڕاپۆرتی گەرمای دەنووسی
گەرمایش گڕی سەونی دەبەشیەوە
سەون سەونی دەسووتاند
تۆی ڕێبواری ئەسپ تۆراو
حیلکەی ئەسپی مێژووت
نەدبیسترا
خەناوکەی خەونەکانت
بە بەرچاوی ڕۆژی هەینی جوگرافیاوە
زەوت دەکرا
زاری گریان دەهاتە گۆ
ئەشك و فرمێسکی تۆ
دەریای چاوی هۆشیان دەتەنیەوە
لە پانتایی شاردا
لاژەکانت بەرەنسکی  غەمیان دەدا
ناز لە ڕیتم و ئاوازی نوێ
دەتۆرا
ستران ڕێی هەناوی بزر دەکرد
حەیران لە قەڵاتی بیردا
پەنای تکای بۆ بەژنی مەقام دەبرد

ئەی حەیرانی دڵی خەفەت
ئەم برووسکەت
لە چی دەوارێکی داڵدان و ئەشکەوتەوە
قۆستووەتەوە
خەفەت کاروانێکی حەسرەت زەدەی
دەڤەرێکی بێ هەواڵ و
دەمژمێرە
کەلانێکی بێ شمشێرە
سوپێرێکی بێ سێبەرو بێ سوپێرە
ئەی غەمزەدەی ڕۆژگاری شێت
ئەم هەنسکی شەوارەیەت
لە چ گەمییەکی بێ گەمیەوان
لە چ سەوڵێکی بێ ناونیشان
لە چ چەرخێکی بێ دەرەتان
وەرگرتووە
چ قوڕگێکی نەهامەتی و بەڵا
بازووی گیانی هیواو ئومێدی تۆی
ڕزاندووە
گڕی ڕکی سەردەمەکان
چەندین جاڕو تایەو شەغرەو
بەری ڕەنجیان
سووتاندووە
خەرمان لە دوای خەرمان
بە بەرچاوی پەری هەتاوەوە
خەرمانەکانت دزران

شکارتەو گەنمی بازووی بەختت
هاتنە شەوتن
زاری سۆزێك نەتەرەکی
ئەشکی بەزەیی
نەڕژایە سەر کوڵمی زرتە بۆزە دڵڕەقەکان
لە هزرێکی هزریندا دەهزرێنیت
هزر ئاسۆیەکی هزراوە
پەی بە چ هزرێکی نەهزراو بەیت
هزرێکی نەدرکاوە
هەر دەهزری و
لەگەڵ هزری هزرەکاندا
لە پێدەشت و چەمی ماندوویەتی پڕ چەوگاندا
بە باوێشکی خەیاڵەوە هەر دەخەبتیت
هزرێکی بەهزر ڕاودەنێیت
هۆرەی ڕێتمت
لاژەی ستران
دەڵێتەوە
ڕەنگی ئاسۆی هزرەکانت
لە هزریندا کاڵ دەبێتەوە
تۆی بێ خۆرو بێ چەوگان
ترووسکەی دەڤەرێکت لێوە دیارە
تا چاوی ماندووی خەونت بڕکات
بێ هەتاوە
بێ ئاوازو بێ مەقامە
بێ هەناوە

بێ تەرازوو، بێ ئاسمان
لە دوو ڕیانی ڕستەی بێ بەڵێندا
پەشۆکاویت
تینووی ئۆقیانووسێك ڕیتم و ئاوازی هۆرەو لاژەو حەیران! ! !

پیرمام   ٢٠٠٨/٤/٢٠

# چەند چامەیەکی کورت

## تووڵەمار

### بیر

بیرێك بە پەیژەی چەوت و چێڵی بیرێکدا
بە نقەنق ڕۆچووە خوار
لە ناخی هەنسکی قووڵی بیردا
بە دوای وێنەی ڕوخساری بیرێکدا گەڕا
بیر بوو بە پەرژین ، بە دیوار
لە بەر دەمی واقی وڕیدا
هەڵزناو بوو بە سێ تووله مار ! ! !

### باران

بارانێك دوای دڵۆپەکان کەوت
ئاسمانی کاتی بڕی
هیچ فرمێسکێکی مێژووی ئاوی نەسڕی
دڵۆپەکان
بروسکێك بوون
تیژ تێپەڕین
بە سەر لووتکەو
پێدەشتەکانی تینوویەتی خاکی بریندا
ڕۆچوون

لە چاوی هۆش بزربوون
باران گەڕا، گەڕا
کانی و ڕووبار
گۆم و دەریا
چۆم و زەریا
شوێنێك نەما
ناونیشانی دڵۆپەکانیان پێ نەدا
ناچار باران
گەڕایەوە باوەشی ئاسمان
تا سەرلەنوێ بە فرمێسك و ئەسرینان
دڵۆپەکان
پەروەردەکات
لە وەرزی خەونەکاندا
ببنەوە باران
تەوژمی ژیان
ببەخشنەوە بە درەختە تینووەکان

## کانی

کانییەك بەردێکی خستە نێو ئاوی کانییەکەوە
کانییەك خۆی لە کوڕی کانییەك تووڕە کرد
کانییەك گوێی کوڕی کانییەکی دراوسێی ڕاکێشا
کانییەك سکاڵای لە درەختی بەرماڵی کانییەك تۆمارکرد
کانییەك ئاوی لە چاوی کانییەك قەدەغەکرد
کانییەك خەونی بە باڵای کچە کانییەکی دراوسێیانەوە بینی

کانییەك پرچی کیژۆڵەی هاوسەری کانییەکی ڕاکێشا
تا بەردەم دادگەی کانییەکان ڕانەوەستا
کانییەك پارچە زەوییەکی کانییەکی زەوت کرد
گوڵە بەڕۆژەی تێدا چاند
هاوینی کانی هات
ئاگری تیَ بەردا
کانییەك لە ڕێی کانی کچە کانییەکی ڕامووسی
کانییەك مێژووی کانییەکی نووسی
جوگرافیای ژ بیرکرد
کانییەك بە دوای بەژنی کانییەکدا عەبداڵ بوو
بەرەو ڕووی دەڤەری کانییەکان چوو
کانی لە ئامێزی کانی کانیاندا
بەڕۆدا چوو
کانییەك کوڵی لە کانییەکی دەڤەری ڕامووسان گرت
لە ناخی کانییەکدا نغرۆ بوو
کانییەك دووی کانییەکی کانییەك کەوت
لە دەڤەری کانییەکدا ڕێی کانی بزرکرد
کانییەك بووە کانی، کانییەکی پڕ کانی کرد

# بەفر

بەفر

بەفر بەفر

بەفر بەفر بەفر

بەفر بەفر بەفر بەفر

بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر

بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر

بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر

بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر

بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر

بەفر بەفر بەفر بەفر بەفر

بەفر بەفر بەفر بەفر

بەفر بەفر بەفر

بەفر بەفر

بەفر

ت

و

ا

ی

ە

و

ە

ت

و

ا

ی

ە

و

ە

تـوایەوە

تـوایەوە تـوایەوە

تـوایەوە تـوایەوە تـوایەوە

تـوایەوە تـوایەوە تـوایەوە تـوایەوە

تـوایەوە تـوایەوە تـوایەوە

تـوایەوە تـوایەوە

تـوایەوە

ت

و

ا

ی

ە

و

ە

!

# ئاڵا

نەمردم و
ئاڵای دەوڵەتی سەربەخۆی خۆم
بەسەر بەژنی ئەوینتەوە بینی
شەکایەوە
نەمردم و
درەختی گوناهی دوێنێم
لە نێو باخی ئێرەم بینی
پاڕایەوە
نەمردم و
ڕەزی ماچم
لە دەڤەری هەناسەتدا دیت
دەژیایەوە
نەمردم و
ژانی دووریم
لە هەنسکی گرینتدا دیت
دەتوایەوە
نەمردم و خونچەی بەزەییم دیت
لە نێو چڵ و پۆپی ڕامووساندا
دەکرایەوە
نەمردم و مەرگی مەرگم بینی
بەبەر چاوی ئەوینتەوە

له ئەژمەتی مەرگ بوو

بوورایەوە

نەمردم و

بەژنی سەرفرازی خاتوونانەم دیت

له بەهەشتی بەهەشتاندا

هەر هەڵدەچوو

دەڕوایەوەو دەڕوایەوە !! ٢٠٠٤/٨/٢

@
@
@
@
@
@@@@@@@@@@@@@@@

# ئاگر

بەبەرچاوی مێژووەوە
ئاگر لە بەژنی ئاگرێك بەربوو
قرچەقرچی تا کەشکەشانی فەلەك چوو
هاوارو فیغان و قیژە هەڵچوو
دەستێك نەبوو
بڵێسەی گڕ لە جەستەی گڕ
بتەمرێنێت
ئاوی هێورو ئارام بێنێت
هەڵقرچانی دەروونی گڕ
دامرکێنێت

هەولێر ٢٠٠٥

# ئەفسانەی سێو

" تاکە سێوێکی لەت و پەت کراو
سێ لەتیان کرمێو
لەتێک خوێن تێ زاو
چوار چەقۆی تیژی ژەهراوی
ڕووبارێک ژان و زامی بێ هەتاو
ئاسمانێک ئاخ و هەناسەی لە گڕ
خەونێکی سووتاو
ئۆقیانووسێکی پڕ خوێنی هەڵچوو
زارێکی ون و نەخشەی نەکێشراو
سەرەتاتکێی ڕێی مەرگی ناکام و
زریانی ماچ و بەیداخان دەکەن "

**نووسراوێکی سەر سنگی زامی(هەڵۆ)یەک**

پێ لەو دیوی سنووری زامە دڕەکان
هەڵدەهێنم
دوو شاڕێگەم لەبەردەمدا قەتیس ماوە
بە زامەوە هەڵێم
یان بەشاخی شەرمی دڵدا هەڵبزنێم
ئەو سرووده بێ ئاوازەم
لە لا سەیرو سەمەرەیە

گشت ئاڵاکان
بەسەر کۆشکی بێ هیوایی و دووفاقیوە
هەڵکراون
چاو ناوێرێت بزەی برۆ گرمۆڵەکان
لەکەناری شەکانەوەی گشت ئاڵاکان
دەرباز بکات
زارێکی ترەکیو نازێت
وشەیەکی هەتاو نەدیو
یاخی نابێت
چی دەرگە هەن هەر دادەخرێن
زوڵف و گێسووی ئافرەتە تێکسمراوەکە
لە پەردەی کەناڵی نۆوە
وێنەی واوەیلێ و شین دەگرێت
ئەنتیناکان
هەر ئاوەژوو دەکرێنەوە
زارۆکە بێ دەسماڵەکەم
لەبەر دەرگەی برسێتیدا
ڕێی فێرگەی خوێن ناگرێتەبەر
پەیامە سووتێنراوەکانی باپیرەم
لە لێواری ئاوارەیی پیتەکاندا
دەخوێننەوە
پەندە تیژو توندەکانی لێوو زاری داپیرەکەم
لە ئاوێنەی پشت گوێ خستن
دەتۆرێنن
ملوانکە سەد دانەییەکەی گەردنلغی چامەکانم

پاسارییەکی تەرەی دڵێکی بێ باڵە
لەدەروازەی مۆزەخانەی کۆنی سڵدا
دەرزی و سووژن ئاژن دەکرێت
ئەسپی ئەم هەناسە سوارە
سروودی ئەم هەموو تاسە
بێ دیوارە
بێ دەنگ دەکرێت
شەقامی بیر
پڕ لە یاساووڵی سوێڵ درێژە
تێڕامانی زامەکانیش
پێپلکانێی گێژو وێژە
کۆرپەی ساوا
ئەڵهای خەونی ژیژکە دەکات
سووچەڕی هەردی نەسرەوتن
لە جەنگەڵستانی خوێندا
تیری ڕەقی ڕق دەهاوێت
لە کۆڵانی ئەو دیوەوە
حەپە حەپی گەماڵەکان
بەگوڕ بەر گوێی کۆرپەکانی گەڕەك دەکەوت
دڵ نەدەسرەوت
دروشمە بێ بریقەکان
لەناو چاوی ڕەشبینیدا
چاوی کینەو ڕق دەگێڕن
ئەم پیتەم لا نادروستە
ئەم سروودەم لا ناقۆڵاو نابەجێیە

ئەو خەونەشم لا بێ ڕێیە

با دەستی لم

لەگەردنی پەنجەرەکان وەردەینەوە

دوازدە مێخی سەرزەنشتیش

لە پەرژینی بازرگانە بێ ئەوکەکان

بچەقێنین

مایکرۆفۆنە دڕاوەکان

مێشکی هەستی ڕۆژانەیان

پێ لەق کردین

با هەر زارە شێتەکانیان

لە ئامێزی مەزادخانەی هەڵاتن و چاوکوێریدا

لە هەسانی هەراسانی بسوێن

ئەم سروودە

لە خەونامەی باپیرمەوە

بۆ ڕامانی باوکی بیرم دارێژراوە

ئاوڕێکی تیژ لە ڕابردووی وشەکانیان

دەدەمەوە

ئەمڕۆی خەونە ئاڵۆزو ڕیزبەستووەکان

دەترازێنم

سبەینێی کاوێژی مێژوو

دەقرتێنم

چی هەنگاوی زۆر سواوی مەلۆتکە هەن

لەناو ڕێگە دوورەکاندا

دەناسمەوە

با ئەم پەنجە پڕ برینە

لەبەردەمی گورگە بۆردا
بێ دەنگ نەکرێت
وەرە سەیری تەلاری ئەم
ناخە سڕو بێگەردە کە
چۆن کانیاوی پشتی گوندە دێرینەکە
بە برژانگە خەملێوەکان
دەپێونەوە
وەرە قامکی ئەم هەناسە هەڵایساوە
لە قامکی نیازەکانت بئاڵێنە
با پێکەوە چامەیەکی تەڕو تەرچك
بۆ چاوە پڕ خەونەکانی بەهەشتی دڵ
مارە بکەین
چی هەستم هەن
پەپوولەی هۆش
لە ئێوارە کڕەکاندا دەژمێرنەوە
ئاشپەزخانەی کەیبانووە لەرزۆکەکە تەماشاکە
کوانووە ڕووتە نوستووەکان
لە ئامێزی خامۆشیدا
پەرێشانن و گینگڵ دەدەن
لەو شەقامە مەپەڕەوە
تەونێکی کوێر
هەنگاوی نازت دەژمێرێت
پێ هەڵبێنە
ساتۆری کول تیژتر دەکرێت
ساتۆری کول برایەتیی زامان ناکات

ڕێگەی فریاد بە خەونەکان ناداتەوە
بە نێو درزو پێچەکاندا گوزەر دەکات
لایەنگری چەقۆ دەکات
چەقۆی تیژیش چاوی مۆنی بێ برۆیە
فرمێسکی ڕژد بەسەر لەشی سێوەکەدا
دەپرژێنێت
ئەو شارێگە تاریکانە
زوڕناژەنە دەنگ کزەکان
ڤەدەشێرن
ئەم برینە تروسکانە
تەلیان لە بینەقای زاری چامەکانم ئالاندووە
مەڕۆ ، مەڕۆ
لە پێچی ئەو دیوی ڕەشی مێژووەوە
دەنگی ئەسپە زامدارەکە
شەتەك دەدەن
مەڕۆ ، مەڕۆ
لێرە پیتی پیتەکانیش
لە ئێوارەی کەرنەڤاڵدا
بۆ پەرستگەی ڕێی پەرستن
دەکەنەوە
ئاگەدار بە ئاگەدار بە
ئەو قۆرتەیەی ئەو دیوی گوێت
بەسەدان مەتری سێ جا
چاوی شێتیان
لە زاروکە ماتەکانمان

دەقرپێنن
ئاگەدار بە ئاگەدار بە
ئەو شوێن پێیە
بەرەو لووتکە سپییەکانت
ناکاتەوە
ئا ئەم بەفرە گیرو ماتە
دڕکەزێی دوێنێی تێیە
خوێنی ئەمڕۆ
لە قابلەمەی سبەینێدا دەخواتەوە
لە دوا لاڕەی پەراوێزی ئاهەنگی باو بۆرانەوە
وەڕەی سەگە بازووەکان
ناسنامەیە
هەل و ڕێگەی دەنگ هەڵبڕین
لە هوزاری کێلە بەردینەکان دەگرێت
وەرە ئەی یار
با پێکەوە ئەم برینە کۆنەی مێژوو
گۆڕەوشارکەین
ئەم برینە کرمێ نەبووە
لەتە سێوە خوێن تێ زاوەکە
زاوای ئەمڕۆ قەت ماچ ناکات
بەڵێ ماچیش گوناهێکی نەهەنگییە
لە ناخەوەی زەریای گیاندا
پەلەقاژێی کۆچ دەیگرێت
داستانی سێو
بڕبڕاگەی داچەماوی پشتی کۆمی ئەم خاکەیە

پەرداخێکی درزبردووی گەردوونی ڕێی
کریستاڵە
با تێ بگەین
هەموو پەنجە کۆڵەکانیش
دەرەقەتی چاوی قینی داڵەکان دێن
لە ئامێزی پێچەکاندا
چی چرایەو پێ کراوە
چی نزایەو داگیرساوە
بە هەناسەی گەردەلوولی چاو زیتەکان
دەستەمۆنە
نزاو چرا پێ کراوەکان
سووتەمەنی ڕۆژگارە بێ زارەکانن
دوێنێ دڵی گەشی ساوای چارەنووسم
لە لانکی ئارامیدا
خەوەنووتکەی پشووی دەژمارد
ئەمڕۆ لەبەر درزی گوزگی چەقۆکاندا
گەردنی حەز دادەماڵێت
سبەی لە ئۆردووی تەم و مژدا
چاوەڕوانی پەڵەی ساڵی هەتاو دەکات
ئەم ساوا بێ پەڕو باڵە
ئەم چاوە بێ ڕۆژو ساڵە
ئەم برینە بێ ساماڵە
ئەم خەندەیە بی کوووتاڵە
لەنێو چەقی دووڕێیانی هەناسەدا
پەرت دەبنەوە

با هەناسەی هەناسەکان
لە فەرهەنگی دڵەڕاوکێی پێراریاندا
ژەنگی سەرکوت زینیان نەکات
ئەو خەندانە
گازی ژەهر لە گەردنی هۆشم دەگرن
ئەو لێوانە
بە ڕووباری خوێنی مێژووم
خۆ سوور دەکەن
ئەو زارانە
تا دێت تەشەر لە بەرۆکی شارم دەدەن
شار سێبەری مۆتەکەیە
پەتای گێرفان
بە پایتەختی ویژداناندا
تووڕ هەڵدەدات
ئەوە دڵی باپیرەمە
لەسەر کوانووی گورگە بۆران دەبرژێنرێت
ئەوە گوڵی داپیرەمە
لەنێو جاڕی ڕاوچییاندا
بێ بۆن دەکرێت
ئەوەیش زاری چامەکانە
لە دەروازەی خۆرەتاودا پێی شل بووە
باچی دیکە سەیوانی ڕەش قەت هەڵنەکەین
با چی دیکە ئەم سروودە بێ زارانە
بە نێو هەوری زاری خاکدا قەت هەڵنەدەین
ئەم سروودە جووت زنجیرە

ئەم سرroوودە پیرەمێردی ماندووی گیرە
ڕمە، ڕقە، دڕكە، تیرە
با گەردنمان لەم بازنەیە
دوور خەینەوە
با دەروونمان لەم سارێژە
پڕ كەینەوە
باهۆز بەفر دەخنكێنێت
ڕەشەبا هەور سنك دەكات
پەتەكانیش گشت دەبڕرێن
سەرەتاكان ڤەدەگەڕێن
ئا ئەو خەونە تەماوییە
لە دووڕێیانی باوبارندا
دەبێتە تەرم
نەتزانیوە
چی كاروان بوون
جێیان هێشتین
گازەرایان بە ڕق كوشتین
با ئەو دەرگە نەسووتێنین
خەونەكانمان ڕاڤە دەكات
خەون بە خەونی خەونەوە دەبینین
خەون ناسنامەو پاسپۆرتێكی نەدراوە
خەون سكاڵای مۆرنەكراوە
خەون هۆشیاری بێ هەنسك و تین و تاوە
پرشنگێكی بێ هەتاوە
زراڤێكیان پێ نابەخشێت

هۆرەکانمان ناشواتەوە
با بەندەری هۆش دانەخەین
ئەم تەلارە
دوو دیوارە
هەورەکان گل دەداتەوە
بروسکەکان دەخواتەوە
نازناومان لێ زەوت دەکات
پەراسووە پەژموردەکان
تێك دەنێت و
بوخچەی کۆچبار دەکاتەوە
سا با بڕۆین
ئەم دڕکە زێ ئاڵتوونییە
دادی ئاومان نادات
پرشنگێکی دیکەی سەهەند
لە گەردنی ئاسکەکانمان
تێك ئاڵاوە
ئەو یادگارو بەسەر هاتە تێکچرژاوە تۆمار دەکات
لە ناشتنی ئەفسانەی ڕێی باپیرماندا
پێڕەومان کرد
باپیرەمان
جووتە دانی فیلێکی جەنگڵستان بوو
بەدەست باخەڵی دوێنێوە دەینرکاند
زارو گەرووی تلیشاوی دەکردەوە
ئاسکی ئەشکی داهۆڵیانەی
بۆ لاپەڕە دەبردەوە

هۆ هۆ خەونە پەمەییەکان
ئەم زامەیشم
لە گەردانەی سینگی دوێنێ ئێوارەتان
مەکەنەوە
منم عەڤدالّی داستانێکی بێ ناونیشان
من ڕێبواری نیشانێکم بێ جەنگەڵ و
جەنگڵستان
لە سێبەری ترسێکدا بوو پەروەردە بووم
لووتی چیای سەرچۆپیی خەوش فڕێ نادات
چیایش گڕی خوێن و ئەشك و فرمێسکانە
لە کەنارە نادیارەکان
گوزەر ناکات
زەڕنەقووتە ڕووتەکانی
پەرتەوازەی دارستانی نامۆیی بوون
باراناوی مێژووی چاوکوێر دەخۆنەوە
لەناو ڕستەی پەرستگەدا
فەرهۆنگە ناو قەبەکان تووڕ هەڵدەدەن
چەوگانی دەست کێویلەکان
تێکدەشکێنن
وەرن با ئەم گڕی سوورە گەردەلوولە
هەڵسەنگێنین
لە مایکرۆفۆنی ناخماندا زاوزێ دەکات
پێناسەی هیچ چیایەکم نەکردووە
بۆ خۆشنوودی پەڕەسیلکەی خەونێکیش
نەدرکاندووە

با بزانن ئەم ڕێگەیە
چاوترووکان دەبەزێنێت
دوژمنی ڕاز
خولیای بووە
بابزانن ئەم چرایە
شادەروازەی گفتی ئاخە
هەوڵە تەڵخە چرژاوەکان
لە شکستیی هەنگاوەکان
مارە دەکات
من پێم گوتن
ڕووبارەکان لە سێدارەی سەما مەدەن
بەهارەکان لە پاییزی ڤیستیڤاڵی پەمەییدا
مەسووتێنن
شەوە ڕژدە چاوسوورەکان
بۆ ملکەچی وشەکانتان
مەنەخشێنن
ئەو دروشمە گوێ کەڕکەرە
لەسەر زاران تاوتوێ مەکەن
هێلەکانیش گوێڕایەڵن
گڵکۆو گۆڕە بێ کێلەکان
(ئم)ی توورە
لە ڕوخساری مێرووستانی ویژدان دەکەن
کوا کەی ئەوە تیشکی ڕۆژی شوناسییە
ئەم گەشتە سەربڕاوەمان
بۆ سەردێڕی مێژووی تۆقین

لەسێدارەی ترس دەدات
کوا کەی ئەو چرای خەونە
هەر دووکەڵی بێ هەڵویستی
بە دوو دیدەی هەڵوەستەدا دەکاتەوە
من دەبینم
گومان لە ژێر چەتری ڕەشی سایەقدا
ژێرکراسی خۆنەناسی تووڕ هەڵدەدات
باڵی ڕووتی دەگرێتەوە
ئەژنۆی جووڵەو بزاوتنی
هەڵدەڕووشێت
دڵی هەناسەکان
زارەتەرەك دەبێت
کوا کەی چ کات ئەو هەتاوە
ملوانکەمان
بەگەردنی کچی مانگدا هەڵدەواسێت
گەردانەکە لەسەردەمی ڕاموسانی ئەزموونەوە
بەبەرچاوی گاڕانەوە
تووڕدراوە
لە ژێر زەبری سوڕی قاچدا
نرکە نرکی هەژان
دەهەژێنێت
چاوی شینی ئەم چیایە
ئاسۆی ئاڵی گشت ڕەفتارە خەونییەکان
ماچ دەکات و
پەژموردەیی ژانی بێچووە چۆلەکەکان

دەشێرنەوە
خەونی سەدە ئاییندەکان
خەوە نووتکەی زڕی دوێنێ هەڵدەستێنێت
تێ بڕوانن
گۆی ئەم سەرەم
گۆی ئەم زەوییەی تێ ئاڵاوە
دەریای چاوم
هەموو زەریای ئەم جیهانەی تێ ڕژاوە
چی خڕۆکەی خوێنم هەنە
چاوی قیچیان
لەیەك دیکە قیچ کردووە
کەی ئەم یارییە کوشندەیە
لە بەرایی گۆڕەپانی ئەم ناخەدا
کۆتایی دێت
ناخمان پارچە دەسماڵێکی شڕو هوڕە
ناخ داهۆڵە
لە پێدەشتی بیرو هزری دەرزی ئاژن کراواندا
بەخەنجەرو نێزەی جنێو لەت کراوە
ناخ داهۆڵە
سروود بێژی مۆن و سەرشێت
لە چوارمێخەی ژانی داوە
ئەو مێخە نووك دڕکاوییە
ئاگرێکی هەڵایساوە
لە دیوارو شوورەی مێژوو بەردراوە
مێژوویش شەرمی پەردەیەکی پشت پەردەیە

خوێنی ئەشك و بەزەیی قەت تیَ نەزاوە
با چاو لەو خوێنە گەشە کەین
باسەر لەو شوێنە کەشە دەین
با پشتوێنی ڕەنگین بۆ ئەو پشتوێنە بەین
پشتوێنی ڕق وشەکانمان ژیرو هێور ناکاتەوە
دیلی چرا خوێن پیَ دەکات
دوگمەی ڕازی نهێنییەکان
لەناو سینگی ڕەشی ڕستە بیَ خاڵەکان
دەردەهێنێت
با ڕوخساری ماچەکانمان
بگرینەوە
با دەروازەی نهێنیەکان
هەڵدەینەوە
ئەو دەرگانە کلۆم نادرێن
دڕك و مێخە ساردەکانیش لە پەرژینی
هەناسەوە
گوزەر دەکەن
چی گوزەر هەن گرژو دڕژن
ناکرێت وێنەی دڕژی و مۆنی بگرینەوە
وێنە گورزێکی تەریکە
تەپلَی کڵاوقوڕنەکانیان
تەڕ تەڕ دەکات
کوا کەی بەفرو بارانی ڕاز
ئەم دڵانە داگیر دەکات
چی ڕازمان هەن درکێنراون

چی خەونمان هەن دامرکاون
چی وەنەوزو باوێشکمان هەن
زڕ زڕاون
ئەم جەنجاڵە
پێستی سەری هۆش و نەستی سووتاندووین
ئەم ساماڵە
چاوی بیری ڕفاندووین
ئەم سیپاڵە
هەنگاوی ڕێی لەرزاندووین
ئەم هەرزاڵە
ئەژنۆی بیری ڕووخاندووین
با سەری ڕاز
ڕاست هەڵبگرین
نهێنییەکان پاڵ کەوتوون
با دەستدرازە کرمینەکان دابدڕین
لانکە شڕو وڕە هەژێنراوەکانیان
لە سووچێکی تابلۆکەوە
بڵێسەی گڕ دەڵێنەوە
ئەوە پەلکە زەردو سوورەی لێوی ماچە
ئەوە زاری تەوشەو پاچە
لە ئاوێنەی درزبردووی چاوی گڕدا
پەلەقاژێی ژیان دەکات
ئەو بڵێسە زۆر تووڕەیە چۆن ڕاچەنی
چۆن ئەو لێوە بارگرتووە هات پێکەنی
چۆن دووکەڵی هەناسەکان

به پاچینەی بەرزی بیردا تێر هەڵزنی
با پرسیاری بێ ناونیشان
لە کۆڵانی تیرۆر بکەین
با سەری لەق
لە دەروازەی بێ یاسایی توند توند هەڵسووین
کوا کەی ئەمە هاوخێزانی بەدادییە
سا دووپێی لێ بترازێنە
خۆ ئەودیوی زامەکانمان
سواری هەناسە سوارییە
کێ پەلی ئەم کۆنە ڕازە
مارە دەکات
کێ کەلی ئەم پیرە بازە
چارە دەکات
کێ مەلی ئەم هەموو نازە
لەسێدارە قوتار دەکات
خۆزگە موورووی هیواکانمان
دەهۆنیەوە
خۆزگە دەریای تەونەکانمان
دەتەنیەوە
کام دەرگەیە
چاوی هۆشمان دەشواتەوە
کام بڕگەیە
ناونیشانی هەڵۆکانمان
دەباتەوە
سەجەرەی ژین چارەنووسە

چارەنووسیش ڕدێنێکی پەرت و تەڕە
بە ڕۆژ تیشکی پەرت و تەرشە
بە ڕۆژ تیشکی لێ دەدزرێت
قۆرتی مێژووی قووڵتر دەکرێت
بۆچی ترسی هەنگاوەکان
ڕێی دەروازەی ناکاو دەگرێت
بۆچی بینایی چاوەکان
بۆ باوەشی فرمێسك دەبرێت
کەی ڕێککەوتن پەڵە دەدات
کەی نەسرەوتن پەلە دەکات
هەنگاوێکی دی بهاوێین تا ڕوخساری ڕێگەکانمان
ڕەنگی ئاسۆ دەدۆزنەوە
ئاسۆکانمان مەمکی ئاسمان دەمژنەوە
با ئەو مەمکە لەبیر نەکەین
داپیرەمان لە تەوێڵی باپیرماندا
دەیشاردەوەو
خەوەنووتکەی نێو ئامێزی
لە خۆڵەمێش مارە دەکرد
ئێستەیش ئەو مەمکە دێرینە
زاری شیرەکان دەمژێت
کۆنە مێشکەو
لە لۆژیکی سپیی بیردا
هەر دەپژێت
من هەر دەمگوت
ڕووبارەکان لەسەرچاوەی نیازستان یاخی دەبن

دیوارەکان ئامێزی خۆی بۆ پەرپووتیی ڕازەکانمان
دەکەنەوە
سوارەکانیش لەسەر پشتی مێژووی ئێمە
پیادە دەبن
بە لووتکەدا هەڵدەزنێن
بۆ هەورازی بیرچوونەوە
هەر مل دەنێن
چ سوارێکن
چ پەرژین و دیوارێکن
هۆ هەتوانە دێرینەکە
چەند سروودو هۆرەو حەیران
بۆ کۆرپەڵەی زامەکانمان
داتەکێنە
قەتماغەکان ڕەنگی شوورەیەکی سووریان
لێ نیشتووە
چی شوورە هەن
وێنەی خامە هەڵدەواسن
با هەنگاوێك دابچێنین
ڕەزی ناخمان کۆکەینەوە
ئەم هەورازە دادمان نادات
ئەم ڕێگەیە هەنگاوەکان
بۆ مەرەزەی ڕازمان نابات
با دروشمی پیری دەریا هەڵبژێرین
ئاسمان ماچمان بۆ ناژمێرێت
باران خەونی ئەرخەوانی گرەکانمان

بۆ نانێرێت

دەڵێن خەونەکانتان زڕن

پردەکانی ئاییندەشتان مات و کڕن

ڕێگەی هەڵچوون و داچوونیش

لەسێبەرە ڕژدەکاندا

هاجەو کوانووەکانیش دڕن

کوا پەتاکان

گەرووە هەڵایساوەکانی گڕکانەکان

لە کاروانی چارەنووسی ملوانکەدا داگیراون

نازەکانیش شڕو هوڕن

لەم ئاقارە زامدارەدا

ئەفسانەی سێو

لەتە سێوێکی کرمێیە

لە سێوستاندا کرمی گومانی تێیە !!

هەولێر ١٩٩٦/١٠/٦

# کۆچ

که کۆچ دەکەم، بەتاسەوە،
خاکی دێرین، بۆ تەرمەکەم،
باوەشی توند دەکاتەوە!!
گڵی وشك و ژێرزەمینی تاریك،
دەبنە یانەی خەونەکانم،
بەسەرهاتی بێ ئاگەییم،
دژم دەدوێت!!
چرۆی گوناه،
لەسەر باڵ و لەشم دەڕوێت!
که کۆچ دەکەم، لەغاردانی لاپەڕەدا،
پێنووسەکەم، نووکی دەشکێت!!
بەسەر دێڕی وشەکاندا،
یادگارێکی بێ چێژ دەبێت،
مەرەکەبی خەونی دەڕژێت!!
که کۆچ دەکەم،
ژێی ئاوازم تێکڕا دەبڕێت!
دەنگی سازم وا دەگلێت،
دەهۆڵی ڕێی ژین و ڕازم..
یەکجار دەدڕێت!!

١٩٨٨

# گاڵۆك

زامت دوو چاوی

ئەشك تیَ زاوی

ئەم سەردەمەن

کە گڕ دەگرێت

هەر هەڵدەچێت ، هەر هەڵدەچێت !!

***

ڕێگەت گاڵۆکێکە

پیرەمێردێکی کەنەفتی بیَ باڵ

بیَ یادگارو بە بیَ سیپاڵ

لەبەردەمی بای سەردەماندا

ڕایگرتووە

ڕەنگی مەرگی لیَ نیشتووە !!

***

خۆت لە خۆت بزر دەکەیت

کە دێیتەوە هەر بزریت !!

***

ئاوەکانت ڕاناهێتیت

کە سەر لە ڕێی کانیاو دەدەیت

جۆگەکانت دەرباز دەبن

پەنا بۆ گەردنی ڕووبار دەبەیت

زەریا دێت و

ئاوان لە ناو دەتارێنێت !!

***

قژی هۆنراوەکەت شانە بکە

با گەڵاکان هەڵنەپڕووکێن

وشەکان دێن

ڕاو وەرزی پایز دەنێن

گەڵا زەردەکان

گشت دەتۆرێن !!

***

لە ئامێزی وشەی دڵدا

ون دەبیت و

لە شەقامی وشەی زاردا

خۆت دەنوێنیت ، دەژێیتەوە

هەنگاوی نوێ دەنێیتەوە !!!

***

خۆت ڕەشەبایت

بە زستان و تۆف و سەرما

هەڵدەکەیت و

هەر بە تەمایت

گڤە گڤ و هاژە هاژت

هەورازەکان بگرێتەوە

چەم و دۆڵ و جەنگەڵەکان

تێکەڵ ببن و

دەرگەی پەڵەت بکرێتەوە !!

# له خانه‌قین خۆره‌تاوه

ئێسته له خانه‌قین خۆره‌تاوه
مێرده‌زمه‌ی ترس و تۆقین ڕه‌وی کردووه
خه‌رمانی ترس سووتاوه
گێلاسه‌کان هه‌موو زیندوو بوونه‌ته‌وه
ئالآی به‌و به‌و له‌سه‌ر خدر زینده‌و
باوه مه‌حموی و عه‌لیاوه هه‌ڵکراوه
خه‌نده‌و بزه‌و پێکه‌نین
به‌سه‌ر پردی ئه‌ڵوه‌نی مێژووی خوێندا
شیرین
شیرین
تیَ ده‌په‌ڕن
غه‌مه ڕه‌شه تاڵه‌کان
ده‌سڕنه‌وه
خه‌ون و هیوای ملوانکه‌ی نوێی گه‌ردنی خاك
ده‌هۆننه‌وه
ئێسته له خانه‌قین خۆره‌تاوه
ئاوی ئه‌ڵوه‌ن
سه‌مفۆنیای ئازادی ده‌چڕێت
پاشاکۆپری
ئاوی ئه‌ڵوه‌ن
سه‌مفۆنیای ئازادی ده‌چڕێت
پاشاکۆپری

فرمێسکی شادی دەسڕێت
پوورە خانزاد
زیندوو بووەتەوە
سەرچۆپی بۆ زەماوەندی
کاوە دەگرێت
ئێستە لە خانەقین خۆرەتاوە
بەمۆو داڵەهۆ
ڕەشبەڵەکی سەرفرازی دەگێڕن
پاشاکۆپری شمشاڵی نوێ دەژەنێت
ئەڵوەن ئەڵڵاوەیسی و ئەفشاری نوێ
دەڵێتەوە
پەژارەی ڕەش ڕەو دەکات و بوخچەی ڕەشیش
دەپێچێتەوە
ئێستە لە خانەقین خۆرەتاوە
خوداداد ئای ئەڵوەنی سەردەم دەچڕێت
قەلەڕەشی مەرگ و خوێن
بەر ئاسمانی ئەرکەوازی و کارێز ناگرێت
دەستە ڕەشەکانی ستەم
ڕۆڵە نەبەردەکانی مەزرەعەو حەمیدیەو جەلەوە
بەرەو ژوورە تاریکەکانی مەرگ و ئەشکەنجە
ڕاناماڵن
دڵە پڕ لە ڕقەکانی رق
خوێنە گەشەکانی خاکپەروەران
لە سێدارە نادەن
دەنگە زوڵاڵەکان کپ ناکرێن

جوانی کیژۆڵە هەتاو پەروەرەکان
نادزرێن
ئێستە لە خانەقین خۆرەتاوە
کەلآت حەیرانی خاك دادەڕێژێت
ئیمام عەباس بەرگی جەژن دەپۆشێت
لە گۆڕەپانی تەیارەخانە
وەرزش و یاری و پێشبڕکێی وەرزی هەتاو
دەست پیَ دەکات
باڵەجۆ ئازادەو ئاوی ئازادی
دەبەشێتەوە
چی دیکە باوەگەزی گیانی لاوەکان
نقوم ناکات
کۆردەرە
هیوای گەنجەکان
ڕاناماڵێت
قەسری باخ بیری سروودی قوتابییەکان ناکات
چی دیکە قشڵە نابێتە جێی فرمێسك و هاواری
لاوە خوێنگەرمەکانی ڕێگەی سەرفرازی
چی دیکە قەلەڕەشکەکانی مێژوو
بەناو تاریکە بازاڕو شەقامی باتاو
ئۆرۆزدی و مەزرەعەدا
سروودی خوێن ناڵێنەوە
چی دیکە پوورە خانزاد
پوورە حەلاو
پوورە خەجیَ

**لەبەردەم گرتووخانەی شاردا**

**بەچاوی پڕ فرمێسك و دڵی پڕ لە غەم و**

**هەنسكی ساردەوە بۆ دیتنی كوڕ و مێردو كوڕەزاكانیان**

**ڕاناوەستن و**

**چاوەڕێی دەستی قەلە ڕەشكە داخ لە دڵەكان ناكەن**

**قفڵە قورسەكانی ستەم بكەنەوە**

**تا چەند ساتێك رازی دڵ**

**بۆ گیراوەكانیان هەڵڕێژن و**

**بە خەفەت و پەژارەوە**

**بۆ ماڵە ساردو سڕەكان بگەڕێنەوە**

**ئێستە لە خانەقین خۆرەتاوە**

**جەژنی ئازادییە**

**تیشكی هەتاو پرشنگدارە**

**دارپرتەقاڵەكان گەشاوەتر**

**دەروازەی ئازادی كراوەتر**

**پەنجەرەی شار ڕازاوەتر**

**دەنوێنن**

**سروودی ئەی ڕەقیب**

**بە ئاسمانی شارەوە**

**ئەسپی سەرفرازی**

**بە شەقامی بیرو هۆشدا**

**دەحیلێنێت**

**كۆتری ئازادی**

**بە ئاسمانی هیواوە**

**لە شەقەی باڵ دەدات**

مەشخەڵی گڕ هەڵکراوە

وشەی زاران پێکراوە

شار بەرگی ڕەنگینی پۆشیوە

بەهار پێکی بەهاری نۆشیوە

ئێستە لە خانەقین

شایی و خەنەبەندانە

وەرزی دوژمنان قڕانە

سۆزی بەمۆو سیروان و ئەڵوەن تێکەڵاوە

ئاڵای ئەڤین هەڵکراوە

خاك خاکی باپیرانە

خانەقین بووکی کوردستانە

ئێستە لە خانەقین خۆرەتاوە

خۆرەتاوی ئازادییە

دڕی بە دوژمنان داوە

وشەی سەرفرازی میدیاو کەیخوسرەوی

لەسەر زاران ناوە

لە بەمۆوە بۆ ئەڵوەن و

لە خاکەوە بۆ ناوجەرگەی شار

بروسکەیەو داگیرساوە

ئێستە لە خانەقین خۆرەتاوە

لە بانەبۆر، لە چیاسورخ، لە چوارکلاو

لە حەوش کوڕی، لەقۆرەتوو

لە عەلیاوە

لە قوڵەو دەکەو تۆڵەفرۆش

لە ئەرکەوازی و هەردوو کارێز

له بانمیل و نەفتخانەو

دارەوشکە

مەشخەڵی گڕ، ئاڵای ئەوین

بەیداخی خاك

بەیداخی سەرفرازی

بڵند بڵند هەڵکراوە

هەولێر ٣١ / ٢٠٠٣/٧

# سووتان

دەبوو من بێم
لە بەردەمی گێتیی بزەی چاوانتدا
هەر بسووتێم
دەبوو من بێم
لە لاولاوی قەدی حەزت
زوو بئاڵێم
دەبوو من بێم
هەتاوی ڕێی ئەوین بم و
بەسەر دەشت و چیای
 بەژنی زرافتدا
هەڵبزنێم
دەبوو من بێم
گەردانەی ماچ بهۆنمەوە
ئەو گەردنە بلوورینەت
بتەنمەوە
لە ڕۆژگاری زەردەگرەو پڕ سەووندا
دانەپچڕێم
گڕو ڕازی دووری بم و
لە نێو دەریای نزیکیتدا دابمرکێم
دەبوو من بێم
پڕ گەردوونێك بەڵێن بێنم
نازەکانت بلاوێنم
لە زریان و سەهۆڵبەندو بەستەڵەکی کۆسپەکاندا
دانەمرکێم
دەبوو من بێم
مژی تینوو

له کانیاوی لێوان بنێم
دەبوو من بێم
تۆوی وەفاداری
لەنێو کێڵگەی پەڕەی مێشکی
بێ کەناری ڕۆژگارتدا
بووەشێنم
لەبەر گەرمای خۆرەتاوی ئەوینتدا
هەڵبقرچێم
بەڵام گیانە تۆ بوویت
بەژنی خۆتت پێ پیشان دام
ئەسپی نازت
زوو لێ تاودام
گڕی ئەشق و سۆزت هێنا
ئاگرە سوورەی وات تێ بەردام
دانەمرکێم
گیانە گڕی سۆزەو
لە هەناوی ئەشق بەر بووە
تەماشا بووم
بە کۆتەرەی ئەشقی پیرۆز
لە جێ ژوانی تۆی نازداردا
گڕی شێتی و شەیدایی تۆم تێ بەر بووە
لە ئەژمەتی بەرزیی بەژن و
دەریای چاوو
بەفری ڕوخسارتدا
هەر دەسووتێم ....هەر دەسووتێم.....هەر دەسووتێم ! !

# ماچ

وەرە با گوڵە ماچ
لەسەر پەڕەی ئەو لێوانەت
جوان بڕوێنم
تینوویەتی و تامەزرۆیی ساڵی دووری
بە پێکی ماچ تێر بشکێنم
لە هەنگوێنی ماچەکاندا
بتوێینەوە
خێوەتی نوێی ماچەکانمان
هەڵدەینەوە
لەو بەهشتە شیرینەدا
بە ژەمە ماچ
بژێینەوە
گوڵی ماچ بین
لەناو ماچدا بڕوێینەوە
وەرە دەروازەی ماچ
لە پاساری ئەم ماچانەم بکەرەوە
ئامێزە ماچ بۆ ماچەکان
ببەرەوە
ڕووباری ماچ چاوەڕێیە
مژدەی ماچی لێوی پێیە
پێی ئارەزووی لێ هەڵبێنە

دوگمەی سوخمەی چی ماچ هەیە
بترازێنە
ماچ لەسەر ماچ
ماچ لە دوای ماچ
لە ماچاندا ببارێنە
پەلەوری پەژارەکان
بەڕەوە ماچ
بتارێنە
وەرە سەد گوڵی ماچ
لەسەر لێوی ماچەکانت
جوان بڕوێنم
تا هەتایە لە لانکی ماچەکاندا
کۆرپەی ماچەکانت
بە ماچ
بلاوێنم
کۆرپەی ماچەکانت
بە ماچ ڕابژێنم !!      ٢٠٠٢/٧/٣١

# مۆبایل

مۆبایل تاك تاك
له باڵەخانەی تلیاك
جێگۆڕكێی
خەونەكانی زامان دەكەن
پێكڕا دراوسێكان
شۆستەكان
هەڵدەكۆڵن
ژنه دراوسێكان
پێكڕا
شۆستەكان
زامڕێژ دەكەن
زام
كۆڵەكەی داربەڕووە
داربەڕوو
ئاوڕ ناداتەوه
هاوین پەلەقاژێی مەرگه
زستان
خەوەنووتكەی ژنه
ژن
له كۆلآنان
له پرسان
ڕەش دەكاتەوه
ڕەش
ڕەنگی رووی رەشه

لە چاخانان
دەڕژێت
ڕاپۆران دەنووسرێن
ڕاپۆر
لەسەر ڕاپۆر
ڕاپۆرانێ دەکات
مۆبایل
ڕاوی ئۆتۆمبیل
خۆش دەکات
شەقامەکان
بە ئاپوورە دەزێن
تاك تاك
مۆبایل
کۆشکی تلیاك
تلیاك دەڵێن
تلیاك
سروودی زاری نێرەمووکە
لەناو مۆبایل پووکە
ڕێتمێکی جووکە جووکە
ژن لە کۆڵانان
لەبەر دەرگان
گەپان
دەخوێننەوە
گەپ
گەپێکی گەپینە

له گەپان

دەگەپێت

فیلی مۆبایلە

کۆمەو

له کۆم و سێڵ

بزرو وێڵ

دوا گۆرانی گەپ

له هۆڵی ڕێتمی

(ئاندن) و (ڤە)دا

دەجەڕێنێت

تاك تاك

مۆبایل

دەغەزرێت

هێڵ پڕ نابێت

بازنە

دەتۆرێت

مەسج دەپچڕێت

ناوەوەی بازنە

دەپسێت

تاك تاك

تاك تاك

مۆبایل

مۆبایل

مۆبایل

٢٠٠٤/١٠/١٧

# چرپەی هەناسە سوارەکان

با ئەم جارەیش بە چرپەیەکی دی
گوێم لە دەنگی هەناسەی بارانی حەزت بێت
وەرە ترپەی ئەم دڵە بریندارەم
تامەزرۆی بیستنی لێدانی ترپەی دڵی بەهاری گەنجیتە
وەرە خۆم بێ تۆ
بە چۆلەکەیەکی سەربڕاوی
نێو ئاسمانە چۆڵەکان دەزانم
گڕی هەناسەت بێنە
تێکەڵی هەناسەی برینم کەو
گوێ لەم ئاوازە بریندارە بگرە
با پێکەوە
لەو مەزارە سووتماکەی دڵ
تێر ئاوی زیندەگانی هەڵمژین
ئێستە خەون بەو بەژنە زراڤەی ڕۆحتەوە
دەبینم
وەرە لە خەونی پەمەیی ئەم جارەشدا
سەرخەوێکی ئەرخەوانی بشکێنین
ڕەزی دڵ
تینووی هەزار ساڵەی دووری ئاوی زیندەگانییە
خۆت دەزانیت هەرچەندە دوور بیت
ئاوی سازگاری ئەم ژیانە تاڵەم لێ تاڵتر دەبێت
وەرە بارانی حەزی منداڵیت

بەسەر پێدەشتی سنگی پەژارە لێ نیشتووی ژینمدا
ببارێنە
وەرە لە نێو ڕەزی ئەویندا
زەردەواڵەی غەم و پەژارەکان
بتارێنە
تەمی دووری هەزار ساڵە
بە هەنگوێنی وردە ماچان بڕەوێنە
چی چرپە هەن
هەناسەی سواری ئەم دڵەن
گەشتی دووری ئاوێنەکان
دەست پێ دەکەن
دێن و دەبنە دووکەڵی غەم،
لە دەروونی کلۆڵمدا
پەنگ دەخۆنەوە
دەڤەرەکانی مێشك دەگرنەوە
ئەسپی خولیام زین دەکەن و
بە ئاسمانی خەونەکانی یادوەریدا
گەشتێکی دی
بۆ ئۆقیانووسی مرازەکان
دەست پێ دەکەن
وەرە لە ئامێزی مرازێکی گرمۆڵەبووی
هەناسەی سواری ئەم خەونەدا
سەرخەوێکی دی بشکێنین
لە هەواری ئەڤینیاندا
ڕەگەکان گشت دەربێنین

باوەشی خەون بە زراڤی ماچەکاندا بکەینەوە
لە نێو ئۆقیانووسی هەنگوێناوی خەونەکاندا
بتلێینەوە
خەون بە خەونی خەونەکانی منداڵیوە
ببینین و
بە دارستانی یارییەکاندا بچینەوە
هەردوو بە دوو
لە ڕووباری حەزەکاندا شەکری حەز بین
نەتوێینەوە ،
نەتوێینەوە ،
نەتوێینەوە !!! حوزەیرانی ٢٠٠٤

# یادداشتی مرۆڤێکی ڕەوەند

یەکەمین دڵۆپی خوێن کە ڕژا
خوێنی من بوو
یەکەمین مێشکیش کە پژا
مێشکی من بوو
یەکەمین دەست
پشکۆی ڕقی پێدا چزا
دەستی من بوو
یەکەم پەنجە
لە ئازاری قیندا ڕزا
پەنجەی من بوو
یەکەم مەبەست
لە دەروازەی شاری هیوای خۆرەتاودا
هەڵکڕووزا
مەبەستی نێو دڵی من بوو
یەکەمین خەون هەڵپڕووزا
خەونی من بوو
یەکەمین بەش
لە خەرمانی بەشەکاندا
هەڵلووشرا
بەشی من بوو
یەکەمین لەش لە ئارامگەی دێرینیدا
دەرهێنرا

لەشی من بوو

یەکەم دەوار

لەبەر چاوی ئەبڵەقاوی جیهان

گڕی دەربەدەرییەتی تێ بەردرا

دەوارە شڕەکەی من بوو

یەکەمین شار

بەفەرمانی زوحاکی دڕ

سکی خەونی هەڵتلیشێنرا

شارە بێ فەڕەکەی من بوو

یەکەمین زار

لە فەرهەنگی قسەو باسی ڕۆژانەدا

قرتێنرا

زاری من بوو

یەکەمین چاو

فرمێسکی خوێناوی تێزا

چاوی من بوو

یەکەمین ناو

لە ناوەندی ناوەکاندا بەدیل گیرا

ناوی من بوو

یەکەمین سەر

لە جەنگەڵی سەرەکاندا پەڕێنرا

سەری من بوو

یەکەم چرا

بە دەستی ڕق بە زەبرە ڕق

کوژایەوە

چرای من بوو
یەکەمین ژین
دەرگەی سەوزی لێ داخرا
ژینی من بوو
یەکەم مرۆڤ
ناوو بەرگی مرۆڤی لێ وەرگیرایەوە
تەنیا من بووم
گێژەلووکەی ڕەشی گەردوون
لەناو دڵی شارەکەمدا
هەڵی کردو
بە پرووسك و ئێسکی خوێناوییوە
هەڵیگرتم
بەرەو دوورگەی نەمانێکی بێ دەروون و
گەرداوێکی بن نەهاتووی سەختی بردم
لەناو تەمی ڕۆژگارێکی لێڵاویدا
بۆ هەمیشە ونی کردم
نوقمی کردم !!                    ١٩٨٦

# ڕەشەبا

ڕەشەبایە
لەو پێدەشتە، لەو چیایە
لە گلێنەی ئەم هیوایە
ڕەشەبایە
گڤەی دێت و گڤەی نایە
دەروازەی شار
بێ پاسەوان، بێ یاساوڵ
شەقەی دێت و بەرەڵایە
ڕەشەبایە
دڵی شاریش بێ ڕووناکی و بێ چرایە
بێ یاسایی ، بەرەڵایی
لەناخدایە، لە چاودایە
ڕەشەبایە
لەو پێدەشتە ، لەو هەورازە
لەم چیایە
خەونی ئەرخەوانی مێژوو
بێ داڵدەیە ، بێ پەنایە
لووتکەی بەرزی هیوای دێرین
ئاسۆی دڵان
بێ ناسنامەو بێ نیگایە
ڕەشەبایە
تفەنگ سوارە
یاسایش پیادە
لەشی ئاواتی پڕ برین و

شاریش جادە

خەم میوانی خوانی ڕاخراوی ڕووت و قووتە

تەك هەنسك و ئەشكی سوێرو

خوێندا جووتە

خوێنی بیریش بێ پەنایە

ڕەشەبایە

دەهۆڵی ڕێ

هەر لێ دەدرێت

هەر دەدڕێت

مایكرۆفۆنی درۆی زلیش نایەتە گۆ

بێ نیگایە

تاسەو هەناسە دەخنكێت

ڕەشەبایە

بریتی قووڵ لەنێو جەرگەی بریناندا

قووڵتر دەزێت

خەون تێ دەچێت

ڕەشەبایە

پەری ئومێد بێ دروشم و

بێ نیشان و بێ ئاڵایە

ئەوەی كلیلی دەروازەی خەونی لایە

دەڵێن دێت و كەچی نایە

ڕەشەبایە

گڤەی دێت و گڤەی نایە

زاری شارە بێ هەناسە

بەگلەیی و بە گازەندەو سكالایە

خوێنی برین

کانییەکی بن چیایە
لەنێو ڕەگ و ڕیشەی داربەڕووەوە
هەڵقوڵاوە
هەر دەڕوات و دوایی نایە
شاری دڵیش بێ چاوساغ و
بێ شاژن و بێ پاشایە
ڕەشەبایە
لەو چیایە
گڤەی دێت و گڤەی نایە
بەش.. بەش دەخوات
گەش .. گەش دەبات
لەش .. لەش دەخات
هەش .. ڕەش دەشوات
خەمی زەوت و بێ زارەکی
گوللەیەکە تیری ژەهرە
لەنێو جەرگ و سینەدایە
ڕەشەبایە
گڤەی دێت و گڤەی نایە
ڕێ گیراوە
کانی و کانیاو ، جۆگەو ڕووبار
بۆ شار نایە
سکی ورگن، ملی قەبەو زۆر زل
چاوی کوێری بێ کل
پڕتر دەبن
ورگی گیرفان
زلتر دەبێت

چاوی گلیش .. گلتر دەبێت
ڕەشەبایە
گڤەی دێت و گڤەی نایە
زاری ڕاستی
نابزوێت و ورتەی نایە
هەنگاو .. هەنگاو دەخنکێنێت
ئاگر .. ئاگر دەسووتێنێت
هەتاو بێ پشتیوان، بێ برایە
تا ئەو بایە
لەو هەورازە .. لەو چیایە
هەر گڤەی بێت
هەڵبکات و بە گەردنی شاخ و
داربەڕوودا هەڵبزنێت
گیان بسووتێت
چرای دڵمان خامۆش دەبێت
کۆرپەی بیرمان
ڕەشپۆش دەبێت
ڕەشەبایە
شاری دێرین بێ شاژن و
بێ پاشایە
بێ پەیوەست و بێ یاسایە
دەروازەی شار
چوار وەرزی ساڵ
لەسەر پشتەو بەرەلایە
ڕەشەبایە
گڤەی دێت و گڤەی نایە

شار نوستووەو

بێ ئاگایە

دەڕوانێت و بێ نیگایە

چاوەڕوانە

وەرزی پێنجەم بە پێی خۆی بێت

وەرز بزرەو

لەنێو گەرووی نەهەنگدایە

وەرزیش نایە

شاری هەتاو بێ دەروازەو

بێ یاسایە

بەرەڵایە

بێ شاژن و بێ پاشایە

ڕەشەبایە

گڤەی دێت و گڤەی نایە

خەونی گەشی دێرینە ساڵ

بێ پەڕو باڵ

هەر دەڕوات و

بەدی نایە

بەدی نایە

بەدی نایە

شاری هیوا

بێ یاسایە

بێ شاژن و بێ پادشایە !!

هەولێر ١١/٤-٩/٥/١٩٩٤

# پێنجینەی گۆڕستان

پێنج ڕۆژانە
لە ماڵماندا شین و واوەیلێ و گریانە
گوڵخونچەکان برسییانە
پاروە نانێك
نەچووەتە سەر ئەو لێوانە
کوانوو : خامۆش
کەندوو : پەرۆش، هیزە : ڕەق هەڵهاتوو
دڵیش ماندوو
خوان تامەزرۆی لەتێك نانە
برسێتیمان بەرانبەر بە کۆشکی بەرزی
میری دەسەڵاتدار
بڵێسەی هەڵچووی گڕکانە!!
پێنج هەفتانە
ئەم زمانە
کوشتەی قاژە گۆشتێکی مەڕنە
بۆی برنجی نەکردووە
ڕانە قەل و قازو مری نەدیتووە
پڕ لە ئێش و پڕ لە ژانە
چی گیرفانە
چی باخەڵی مووچەخۆرو فێرکارانە
جێی تلیلی و شایلۆغانی مشکەکانە
چی داهاتی بازگەکاانە
چی دۆلاری گومرکانە

بۆ تفەنگ و مەترەلۆزو حەفتاو پێنجی و

تۆپ و چەك و

بۆ دۆشكانە

پێنج ساڵانە

چی بەرهەمی مێژووی كۆنی تێكۆشانە

هەرچی خوێنی گەشی شەهیدانە

چی ئاواتی ڕەش و ڕووتی كوردستانە

چی ئارەقەی ماندوویەتی شێخ مەحموودو

قازیو شێخ سەعیدو

كەڵەمێردەكانە

بۆ دۆلارو پارەو دراو

ئاودیو دەكرێن

پێنج ساڵانە

چی داربوڕووی شاخەكانە

چی بەرهەمی كێوو دەشت و چەمەكانە

چی جێ و شوێنەواری شارستانی و

خەونەكانە

چی بەرهەمی هزرو بیرو ئەندێشانە

بۆگیرفان و پارەو نازناو

ئاودیو دەكرێن

پێنج ساڵانە نانمان ، ئاومان

چارەنووسی ڕێ و هەتاومان

هەر زەوت دەكرێن

ورگنەكان ، بەرگنەكان

چاوی زیتیان هەر زیتەی دێت

لەسەر پەتی پەتپەتێنیێ
پەتپەتێنێی خۆیان دەکەن
ڕەش و ڕووتان
بێ نان دەکەن
گەل و خاکیش بێ هەتاوو ئاسمان دەکەن
لەژێر قاچی ستەمیاندا
خاکی خوێن و باوباپیران
بوو بەخاکی مردووە زیندووەکان
بوو بە پووشی بێشەی سووتاو
بوو بە گڵکۆ
به گۆڕستان ! !                    هەولێر  ٢٨ / ٩ / ١٩٩٥

# هەرەس

من لە کەناری ئەم بەرەوە
ئەوان لەو بەرەوە
من زەردەخەنەی تۆراوی سەر لێوی زارووەکان
ئەوان ژاڵکەتاڵ
من شاخێکی مەندو بەفر بەزێن
ئەوان کەندو کۆسپ و سەد هەزار چاڵ
من خامەیەکی نەترس
ئەوان تفەنگی پرس
من لە کەناری ئەم بەرەوە
ئەوان لەو بەرەوە
من پەڕەسیلکەی مێژووی دێرین
ئەوان تامەزرۆی مەرگی خوێن
من لە کەناری ئەم بەرەوە
سروودی نوێی هەتاوی ماد دەڵێمەوە
ئەوان لەو بەرەوە
سەنگەرەکان بەمەرگ و خوێن
خەڵات دەکەن
من لەم بەرەوە
بەبازووی برسی و تینووەوە
کۆرپەی لەڕی دواڕۆژ ڕادەژێنم
ئەوان لەو بەرەوە
لوولەی ڕقیان

بە چاوانی ئاواتەوە دەنێن

دەیانەوێت

بە بەفری شاخ

بە سەهۆڵی لووتکەی مێژوو

هەرەس بێنن !!　　　　　　　　　　١٩٩٦/١/١١

# هەڵ ..!!

ئەو کوێخایە
گورگە لەپێستی مەڕدایە
کەڵبەی تیژی لە دەمدایە
گوایە ، گوایە
بە گاڵۆکی چەوت و چێڵی
بە هەنگوێن فرت و فێڵی
دانەوێڵە
بۆ برسیەتی کۆترەکانی من دەهێنێت
بە ئاسمانی ئاڵۆزمدا
قەل و داڵە نەوسنەکان
بەیەکجاری دەڕەتێنێت
گوایە ئەو کوێخایە
گوندی هەستەکانم
زوو ئاوەدان دەکاتەوە
ترسی خوێنی ڕابوردوومان
لێ دوور دەخاتەوە
کۆشکی بڵند بۆ ئاواتە خنکاوەکان
دروست دەکات
چی فرمێسکە
لە فەرهەنگی ژیانماندا لەناو دەبات
ملوانگەی خەون
بەگەردنی هیوامانا

دەکاتەوە
گوایە ئەو کوێخایە
لەو دیو دڕکی تەلبەندەوە
تەلبەندەکان تێکدەدات و
نگینەکەی باوباپیرم
بەدەست دەداتەوە
بەرو بوومی هۆشی ئەمڕۆم
بۆ خەرمانی ڕۆڵەکانم
دەباتەوە
گوایە ئەو کوێخایە
لە کۆڕاندا چاوساغێکە
سەد جار نامفرۆشێت
مامەڵەشم ناکاتەوە
ئەو کوێخایە
گورگە لە پێستی مەڕدایە
کەڵبەی تیژی ئاسنین و پڕ میکرۆبی
لە دەمدایە
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
تیژیان دەکات
من هەڵێکم بە دەستیەوەم
پێوەم بدات
دانەوێڵەی دانەهاتووم
پیت و فەڕی ژێر کێڵگەیشم
زەوت بکات
لە دووڕییانی مێژووی کوێری بێ ویژداندا

توورڕم بدات
ئەم کوێخایە
مرخی مێژوویەکی ماندوویەتیی
لە دڵدایە
منی مێژووش کاغەزێکم
لە ڕۆژگاری مەرگی خۆرو
داچۆڕانی ئەستێراندا
هەڵم دەدات
گورگی شەوم
لە بەرانبەر ڕادەگرێت و
بە پاسەوان
دەوری گوندو ڕەزی هۆشم
دادەتەنێت
چەندین سەردار
بۆ خەرمانی ناخی دڵم
ڕاگیر دەکات
لە شەوێکی ناهەمواردا
بەرگی ڕەشی گورگیان لەبەر دەکات
ئەو گورگانە
تێك بەردەدات
کانیەکانم هەڵدەلووشن
بە دووباڵی نەگریسانە
شاخی هیوام دادەپۆشن
پرزۆڵەی زار
گوڵی بەهار

هەستی دیوار دەفڕێنن

گەنم و دانی کۆترەکانیش

لە ئەمباری ڕەش و ڕووتان

دەردەهێنن

پەپکە ڕەشەیش لەسەر لێوی کۆرپەکانیش

ڕادەڕفێنن

تۆوی قڕی و برسیەتیی و ڕژد

لەناو دڵی شارەکەمدا

توند دەچێنن

مەرگی ڕەشپۆش

بۆ کۆرپەڵە وردەکانیش

زوو دەهێنن

ئەو کوێخایە

فێڵێکی زۆر مەزن و گەورەی

لە ناو دڵ و ژێر سەردایە

گوایە ئەو بەزەیی

بە ڕۆژگاری خوێناویمدا

دەیەتەوە

درۆی مێژوو دەدروێتەوە

شاخ هەڵبچێت

داربەڕوویش بژێتەوە !

(مەم) (زین) بێنێت

(فەرهاد) (شیرین) بێنێت

زیندوو ببێتەوە

ئاوی ئاوات بە ئاوەڕۆی گوندەکەمدا بڕوات

بەستەڵەکی نەهامەتی بتوێتەوە
ئەو کوێخایە
بەکرۆکی وای داهێناوە
هەر بەکرۆکەو
لە تاریکیی سەردەمێکدا
کاری خۆیی بۆ داناوە
چەندین ساڵە
ئێمەی مردووی زیندوو
بێ نان دەکات
خوێنی دڵ و جەرگمان دەبات
گوایە ئەو کوێخایە
خوێن و جەستەو کۆترەکانمان دەپارێزێت
گوایە گەردانەی نوێی ئاواتێکمان
بۆ ڕێك دەخات
ئەو کوێخایە لە نووتەکدا
پەتی کورتی لەناوچوونمان
بۆ هەڵدەخات
گورگی برسی ڕاگیردەکات
لە شەوێکی پڕ ڕەهێڵەو باوبۆراندا
گورگی هارمان
تێ بەردەدات
ئەو کوێخایە لەدوورەوە
هەر بەگوڕ هات
وێنەیەکم بۆ تۆمارکات
ئەی ئەو کوێخایەی لەدوورەوە

بەگوڕ هاتیت

دەستی فێڵت لە ڕێبازی مێژووی سوورم

بکەرەوە

کەم چاوو هۆش فریو بدە

بۆ ئەو دیوی ئۆقیانووست

بچۆرەوە

منی دڵدار، بازووی هۆشم زۆر بەهێزە

لەناو درك و فێڵ و هەڕەشەدا

چی گورگ هەیە

دەبەزێنێت

لە پێدەشتی ڕۆژی نوێدا

خەونی گەشی کۆرپەی ڕێگەم

بەدی دێنێت

خونچەو داری بەرزی هیوام

بۆ دەچێنێت

بۆ دەچێنێت !!

١٩٩٥/١٠/٣

# چەند پەیڤێك ژ بۆ خانی

**هاوینی ١٩٩٥**

سێ سەد ساڵە
(مەم)ی هیوات لە گیانەڵای ستەمدایە
لە بەهاری گڕو ڕازدا
ناژێتەوە
(زین)ی بڕوات
لە ڕێی شادیو زەماوەندی چیاکاندا
چرایەکە دەکوژێتەوە
مشتووی تەوری دەستی نەوەت
هەر لە خۆتەو
قەدی مێژووی تێکۆشان و
چارەنووسی نادیاری خۆت
بەبەرچاوی گورگەکانی ژیانەوە
دەبڕێتەوە
سێ سەد ساڵە
ڕەزی شیعرەکانت هەر دەسووتێن
وشەی گەرووی کۆرپەکانت
هەر دەخنکێن
وەڵامێکی پەیامبەری ڕێگەو جێگەت
نادرێتەوە
سێ سەد ساڵە
خوێنی لەشی بیرەکانت
بەناو دێڕی مێژووی نەتەوەدا
هەر دەڕژێت و دەڕژێتەوە

ڕێی کاروانچی و سوارەکانت
بە هەڵدێری تەم و مژی نابەڵەدی و
نەهامەتی و بێ مەنزڵ و دەرەنجامدا
بەرەو لێژی
هەر شۆڕو لێژ دەبێتەوە
دڵۆپ دڵۆپ خوێن و فرمێسك
لەبەردەمی پێی نیازی شۆڕەسواری
شایلۆغانی (مەم)و (زین)دا
تێکەڵ دەبن و
هەر برینەو لە نێو ناخ و
دڵی هەموو خەمخوارێکدا
بۆ ئاڵاکەت دەکولێتەوە
سێ سەد ساڵە
کاروان دەڕوات
ئەم کێو بۆ ئەو دەشت و نشێو
ئەم هەرد بۆ ئەو هەورازو کێو
هەر تەمەنەو دەسووتێت و
هەر دڵۆپە خوێنەو
بۆ گەردنی لووتکەو چیا
دەبێت بە ڕووبارو دەریا
لە دەروازەی گوندو شاردا
دڕك و زەردەسیریی چاوچنۆکی
گورج شین دەبێت
سێ سەد ساڵە
خامەی تۆیە هەر دەنووسێت

شیعرو هۆنراو

بۆ دوو نیگای (مەم) نەدیوی (زین) دەڵێت

(مەم) نگینەو (مەم ) چرایە

بێ ڕوخسارو بێ نیگایە

نە دیارەو نە هەڵ دەبێت

(زین) بزرەو

بەکرۆکیش دێت

پف لە گڕو لە ڕووناکیی خوێن دەکات و

قەدی مێژووی ئەستووری خوێن

دەبڕێتەوە

بەڵام ئەو چرایەی پێ کراوە

پرشنگی نوێی خستووەتە ئەم هەناوە

ئەو هەتاوە پرشنگی نوێی بەربڵاوە

(بەکرۆك)ەکان دەسووتێنێت

خاتوو (زین)ان

بۆ (مەم)ەکان

زوو دەهێنێت ! !

# بزمار

(۱)

شاعیرێکی هەست ناسکیان
به سەرۆکی گەورەی دادگه
زوو دامەزراند
پیره شاعیر
دڵ پڕ ئاگر
کەوڵی وشەو
ڕستەو وێنەی شیعریی
گورج دادڕاند
دەمامکی دیکتاتۆریی لەسەر کردو
پەڕی دیوانەکانی گشت دڕی
وشەو ڕستەی گشت سەربڕی
ڕەگ و ڕیشەی(خامه)ی وا هەڵتەکاند
ڕۆمای دڵی دڵدارانی
به ئاگری دڵڕەقانه
خێرا سووتاند !!

(۲)

له خاڵێکی پشکنیندا
چامەیەکی یاخیبوویان
هێنایه خوار
دەنەی وێنەو زاری سەرواو
کۆشی کێشیان
گشت پشکنی
ناسنامەشیان به ڕق دڕاند

بۆ تاریکی و نەمان
ڕایانڕفاند
پیرەچامە لە ڕووی ستەمیاندا
تەقییەوە
دەنگی زوڵاڵانەی بوو بە دەنگی بۆمبایەك و
شاری هەموو هەژاند !!

(٣)

لە وەرزێکی ڕەش و تووشدا
دەنگی شاعیرێکیان کڕی
شاعیر هات و پەتی پیا هەڵدانی بڕی
بۆ (خەلیفە) کڕنووشی برد
بوو بە زوڕناو
دەهۆڵ و پرد
پشتی لە دۆڵ و لە پێدەشت و
لە لووتکە کرد
بە خامەوە ، بە چامەوە
بە سەرواوە
بە دەنگێکی بێ بڕواوە
لەناو کۆشکی پاشادا مرد !!

١٩٩٦/٨/٢

# چەقۆ

ڕێگە چەقۆیەکی پڕ برینی سەربڕاوە
لەبەردەمی ڕووبارێکی بەلەسەدا
بە خوێنەوە دانراوە
ماسیی تینووی جنێوی ڕەش
خوێنی گەشی هەڵدولووشێت
قەپ ئاگرەو
دەست و چاوی ڕۆژ دەنێژێت
لەقەبرغەی یاساوڵدا
دایدەپۆشێت
دادگەیش پەتی پتورکاوە
لەناو شاری گچکەی بێ خەوندا
هەڵواسراوە
یاسای شاریش پەڕۆیەکە
بەندەکانی یەك یەك
لەسەر شۆستەی چاوبەستندا
سووتێنراوە

١٩٨٤/١٢/٣

# بەفرو سۆز

## ئەم ڕێگەیە

کێ ئەم ڕێکەی پێ نیشان دایت؟
ئەم سروودەی پێ فێر کردیت؟
بەرەو هەتاو
ملی پێ نایت؟
لە هەوارزی گەردەلوولدا
خەونێکت دی
تا ئێستاکە نیگەرانیت
چاوەڕوانی قەدو بالآیت ؟
کێ ئەم خەونەی
هۆنیتەوە ؟
گیانی وەرزی هەژاندنی تەنیتەوە ؟!
هەڵسە سەر پێ
بە هەنگاو نان شەو دەبێتە ڕۆژی ڕووناك
ئامێزی ماچ
بۆ گەردنی بەفرینی خاك
دەکرێتەوە !!

## بەفر

بەفرە سۆزە دێتە خوارێ
زوڵفی شۆڕی سپیلکەی خۆی
بەسەر مەمکی نەرمی خاکدا
دەبارێنێت
ئەوەتانێ وا دیداوە

لق و پۆپی هەستی ناسك
چرۆ دەكات
دەروون و ناخ
لەبەردەمی بیٚ گەردیدا
هەڵدەزنێن
تۆپەڵ تۆپەڵ بەفری زیندوو
لە لاڕێگەو قەدپاڵاندا
هۆرە دەڵێن
دەرگەی سروشت دەكەنەوە
لاژەو سروود دەڵێنەوە
ئەم دەڤەرە دەنەخشێنن
تۆوی شادی
لەسەر لووتكەی چی چیایە
دەوەشێنن !!

## مەرگ

مەرگی ڕەشپۆش
دەستێكی ناقۆڵای ڕەشە
لە تاریكیی تەمەنێكدا
گورزی ڕەشی دەوەشێنێت
زەردەواڵەی چزوو ڕەشە
چزەی ڕەشیش
لەگیانەوە هەڵدەسێنێت !!
تەمەن
تەمەنی گیان دەوەنێكە
ڕووباری ڕۆژ هەڵیدەگرێت

قۆناغ قۆناغ  خیرا دەیبات
سڕی دەکات
لەدوا ساتی هەناسەدا
نغرۆی دەکات !!

## چرا

چرای ژیان فوو لێ کردنی زارێکە
برینی بریندارێکە
پێ دەبێت و
دادەگیرسێت
ڕەشەبای ڕەش
ڕقی ڕەشی لێ هەڵدەستێت
پێی دادەگرێت
پێی دادەگرێت
لە زستانی زار بەستندا
هەڵدەکات و دەیخنکێنێت !

## تەور

کیژێ کەژێ مەبە تەورو
گەردنی درەختی بیرم
مەبڕەوە
مەبە چەقۆو
گەرووی دەنگی سروودێکم
مەدڕەوە
مەبە داس و
ملی گەنمی هیوای دڵم

هەڵمەپاچە
مەبە شووڵ و
گیانی بەختی هەزار ساڵەم
دامەپاچە
مەبە گوریس
گەردنی گەنم ڕەنگم
هەڵمەواسە
مەبە تاسە
بە هەنسکی ڕۆژگارمدا
تێ مەپەڕە
مەبە دڕك و
پێی ئارەزووی ڕۆیشتنم
هەڵمەدڕە
کیژێ کەژێ
ببە خامە
بە فەرهەنگ و ڕستەو چامە
هەست و نەستی دەریای ناخم
جوان دەربڕە
جوان دەربڕە ! !

## نایەیت

نایەیت ؟ بێ چاوانت
چاووم گلە !
نایەیت؟ بێ زوڵفانت
پەنجەم کولە !
نایەیت؟ بێ لێوانت

زامم تاڵه
نایەیت؟ بێ سێوانت
ڕەنجم کاڵه !
که دێیت بزه دێنیت
هەست و سۆزم
دەخرۆشێنیت
چرای هۆشم پێ دەکەیت و
گەردوونم پێ دەناسێنیت

## خەون

تۆ خەونێکیت
به درێژایی تەمەنی خەون
خەونت پێوه دەبینم و
دەستی خەونم
لێت گیر نابێت
له ڕاستیدا لێم بزریت
چاوی ژیان لێت تێر نابێت ! !
١٩٩٠/١/٢٧

# ڕێس !

دەڕۆیت هەتاو تیشکت پێ نابەخشێت
دەزووی لەرز
لە قاچی ڕێ و هیواکانت
هەڵدەزنێت
دێیتە بەردەم ئاوێنەی ڕۆژ
مێژوو
لێوی بێزت، چاوی ڕقت
لێ گرژو مۆن دەکاتەوە
خۆت ناناسیت
شوێن پێت
مۆری ترسی خەونەکانتە
ترسیش
چاوەزاری دڕێنراوی بیرە بەبێ چاوەکانتە
کە لە وێنەی خۆت بڕوانیت
تێڕامانت
لەبەر پێتدا هەڵدەلەرزێت
ماچی ئاشنا
ڕوانینت
لێ دەتەننەوە
*
مەڕۆ کەنار داوی هاوەڵانە
مەڕۆ دیدار خەونی بێ باڵانە
مەڕۆ ڕووبار تیری مەشخەڵانە
دڵ دەسمێت

مەڕۆ دیوار
کەندی قووڵی پاشقولدانە
دەزووی هیوای ڕێ دەبڕێت
مەڕۆ بەهار
چاوی پڕ فرمێسکاوی ژانە
ئازاری چڕ ، چڕ ناسڕێت
مەڕۆ ڕۆیشتنت ، سەرنانەوە دەگەیەنێت
پەنجەو نینۆك دەسووتێنێت ! !
*
خۆت دەزانیت
هاوڕێی ژینت بێ خەمانە
خۆت دەزانیت
گەنمی ڕێگەت بێ خەرمانە
خۆت دەزانیت
وشەی زاری ئێوارانت
بێ ژیانە
خۆت دەزانیت
تیشکی خۆری پێکەنینت
بێ زمانە
سەری حەزی هەڵدەگرێت و
ڕووی ئارەزووت
دەکەیتە ڕێی ئەو خونچانە !
*
هەڵەیەکیت
لەناو ڕاستییە بێ هەڵەکاندا
ڕادەمێنیت

ڕاستیەکیت
لەبەردەمی هەڵە تاڵە کرەکاندا
هەڵدەلەرزێیت
خۆت هەڵەیت و
لە ڕاستیدا گۆش کراویت
لەبەر دەرگەی مێژووی درۆی بێ نیشاندا
بیرکراویت !
*
ڕێگەت درك و داڵە
خەونت بێ زمان و بەبێ باڵە
بەری ڕەنجت
کرچ و کاڵە
چێژی زاری سەرگوزەشتەت
ئەوەند تاڵە
بای هەناسەت بێ شەماڵە
لەناو بۆتەی هەنگاوناندا
وشەت لاڵە
خورپەی دڵت
چەقۆی تیژی ئەو ترسەیە
مووچڕکەی لەش
دادەچێنێت !
دەزووی تیشکە هەتاوییەکان
دەپسێنێت
کە بیر لە خۆ دەکەیتەوە
کلافەکان
یەك لەدووی یەك

بۆ سەرەتای گورەشتەکان
دەبەیتەوە
ڕێس لە دوو ڕێس
ڕێسەکان هەڵدەکەیتەوە
بێ زمان و بێ ناونیشان
بەباوەشێك پرسیارەوە
دەبەیتەوە !!
*
سێبەری خۆت
سێبەر نییە
سێبەرت بۆ دروست بکات
لە سێبەرێك ڕزگار نابیت
سێبەرت لێ قەدەغەکات !!
*
تەم نییت، تەمی خەمان
سەری ژینی داپۆشیویت
تەمی تەمان ناڕەوێنیت
خۆت لە تەمدا نوقم دەبیت
تەمیش سەری نانەوێنێت
*
خۆت بناسیت
سکی هەوڵەکانت دەدڕیت و
لەبەر دەرگەی ئەم گەردوونە چەپ گەردەدا
دەنگ و گەرووی گەردنی خۆت
هەڵدەواسیت !!

١٩٩٠/٤/١

# لە دەروازەی پەشیمانیدا !!

پەشیمانم ، پەشیمانم
بۆ ورگی زل بۆ گیرفانم
خەونەکانم سەرنەبڕین
نەبووم بە پرد
بەبەردەباز بۆ پۆستاڵی دوژمنانم
بەڕێی هیوا، بە ویژدانم
گاڵتەم نەکرد
سەری بەرزی بەڵێنی ڕێم
بۆ نەیارو ناحەزانم نەوی نەکرد
نەبووم بە پاچ
قەدو ڕەگی دارەبەڕوو
ببڕمەوە
تۆتکی کەوی چیای ئاواتەکان
بسرمەوە
لەسەر بەزمی هەزار پەتان
یاری بکەم
ببمە چاوساغی ئاغاکان
لەسەر سنوور لە وڵاتان
خوێنی گەشی بەفرو کانیی ڕۆڵەکانم
برێژمە نێو کاسەی ڕقی ڕۆڵەکانم
هیچ نەبوومە کەڵبەی گورگان
برینی قووڵ قووڵتر بکەم
لەقەد جەستەی خەونی کۆرپەکانم
بەر لەشکری ڕقی کوێخا

نەکەوتم و

ڕەزو داڵێ و دەغڵ و دان و

گوندەکانم بسووتێنم

پەشیمانم

بە پێنج پەنجە مۆرم نەکرد

نەبووم بە دەمڕاست و بە ڕاپۆرتنووس

بۆ ئارەزووی داگیرکەری هەستەکانم

گڕی سوورم بەرنەدایە

ماڵی هاوڕێو تێکۆشەرو هاوەڵانم

بە مزەی خوێن

بە مزەی خاك، بە مزەی شوێن

مل و ورگم ئەستوور نەکرد

نەبووم بە کلك

لە دووی خۆفرۆشی مێژووەکانم

پەشیمانم ، پەشیمانم

لە جیهانی وشەی گەشی خەونەکاندا

کوردایەتیم بە دڵ دەکرد

پەیامی نوێم بۆ گۆران و خانی دەبرد

چرای ڕۆژم هەر هەڵدەکرد

ڕاپۆرتنووسە کۆن و نوێکان

لە نیازی خامەم نەگەیشتن

دوو ڕۆیشتن ، دوور ڕۆیشتن

ڕاپۆرتێکم بنووسیایە

ویژدانێکم بفرۆشتایە

گیرفانانم لێ پڕدەکرد

خوێنی شەهیدانم لێ فڕدەکرد
کۆشك و تەلار، مارسیدس و پلەو پایەم
لێ خڕدەکرد ! !
پەشیمانم ، پەشیمانم
تا ناخی ناخ ، تا سەر ئێسکەکانم
پەشیمانم ، پەشیمانم

١٩٩٦/٥/١٣

# گوند

گوندەکەمان پشت لە چیا
ڕوو لە چۆم و لە ڕووبار بوو
بەر پێی ژینی
قامیشەڵان ، گەزو تەروو
پەڵکەدار بوو
تا چاو بڕکات جەنگەڵی چڕ
قامیشەڵان، لەو لاوەیش هەر چنار بوو
ماڵەکانی هەم لە قوڕ و هەم لە دار بوو
دانیشتووان
لەم پەڕەوە تا ئەو پەڕیان
پیشەو کاریان
هەر جووتیار بوو
ڕووی ئاواتیان
لە ڕێی شار بوو ! !

# ئەسپ

ئەم شەو
پرچی نەرمی ئەستێرە بەفرینەکان
بەرەو باخی سێوە سرکەکان
شۆڕ دەبێتەوە
ئاسکۆڵەی ماچە بزێوەکان
لەسەر نەخشەی لێوە تاساوەکان
گومبەتانێی زراف لێ دەدەن
خەونی زیندوو لەدەروازەی چاوە شینە
بزەدارەکاندا دەشنێتەوە
ئەم شەو
هەنسک ئێشککگری برینە
ساڕێژنەبووەکانە
فرمێسک دانەی تەزبیحە پچڕاوەکانە
لەسەر جەستەی یادداشتە
پەڕپووتەکان دەگێرسێتەوە
ئەم شەو
شەوی یەڵدا شۆڕە ئەسپێکی برینداری
باوەشی مێژووە شاراوەکانە
لەبەردەم مزگەوتی داپیرە خەونێکدا
سمکۆڵانێی تاسە دەکات
ڕووەو ئاسمانی شار دەحیلکێنێت ! !

١٩٩٧/٩/٥

# هۆنراوە

ئەی هۆنراوە
لە دەروازەی گێتیی خەوندا
زەردەخەنەی شادومانیم
لێ تۆراوە
دەنگی گەرووی هاواری ڕێم
لە کوولەکەی ڕۆژگاراندا
تاسێنراوە
جەنگەڵێکی خەون و هیوام
چڵی سەوزی تەمەنی ڕێم
لە تەنووری پەژارەدا
سووتێنراوە
***
ئەی هۆنراوە
گەمییەکی پڕ کەشکۆڵی وشەی گەشم
سەوڵی بیرم
لە ڕووباری گەشتی ڕۆژدا شکێنراوە
تەنگەی پەل و هەنگاو هاوێشتنم
لێ گیراوە
بە دەروونی ئۆقیانووسی پەڕەکاندا
گوزەر ناکەم
لە زستانی پڕ ڕەهێڵەو پڕ کرێوەی
هەڕەشەدا .. سەر دەرناکەم
پێڵووی دیدەی ئاگابوونم
لە پیشانگەی بێ هۆشیدا داخراوە

***

ئەی هۆنراوە

لەم شارە بێ بەزەییەدا

پەنای ژینم

بۆ ئامێزی تۆ هێناوە

قژی زەردی وشەکانم

بۆ پرشنگی واتاکانت

داهێناوە

وێنە سەوزە گەشەکانم

بۆ ئاوێنەی ئایشەو فاتمەی ڕستەکانت

ڕاهێناوە

چرای تیپە چڕەکانم

بۆ تەلاری چاوەکانت

داگیرساوە

لێوی تەڕی ماچەکانم

بۆ هەنگوێنی کوڵمەکانت

هەڵکراوە

ژینی ڕەشی ناهەموارم

دڵی سیسی خەفەتبارم

دوو قوربانین

سەری حەزی ئارەزوویان

لەبەردەمی پێی نازتدا

بۆ سەربڕین دانراوە

ئەی هۆنراوە ! !

***

ئەی هۆنراوە
خوێنم
تێکەڵاوی خوێنت بووە
ڕەگم
بە ناو ڕەگی پێوەندیتدا
وا ڕۆچووە
پێی ژیانم
لە زەمینەت ناکرێتەوە
گەردانەی ڕێم
لە تەمەنی مرواریتدا
نابڕێتەوە
هەست و نەستم
لاولاوێکە
بە درەختی هەناسەتدا
هەڵزناوە
خولیای باڵای ئەویندارت
چرایەکە لە گەردوونی تاریکمدا
بۆ وشەکان
پێکراوە ! !

شوباتی ١٩٨٥

# ئەو نامەیەی نالی نەینارد

ناخی دڵم وا هەڵچووە
گڕی (دوێنێ)ی تێبەربووە
بیری (خاك و خۆڵ)ی دێرین دەكەم
بیری (حەبیبە)كەم دەكەم
دەڵێن ڕێی شارەزوور
نزیك تا دوور
بە قەپاڵ و كەڵبەو نینۆك
بە گەلەگورگ
بێژراوە
(عەبابەیلێ)ی هەستی تیژم
بە ئاگری مەنجەنیقی سەدەی درۆ
دارچنارو گوێزی بەختی
تۆرێنراوە
هەر درۆیەو
لە بناری (هەورامان)و
(قەرەداغ)دا
بۆ چاوی ڕۆژ
ڕووی ڕەشی خۆی مەڵاس داوە
(حەبیبە) خان
بیری تۆزی خاك و خۆڵ و
(شارەزوور)ی دڵم دەكەم
چیم پێ دەكرێت؟
چی تیر هەیە
ڕووی لە دڵی من كراوە

چی ڕێیش هەیە
بە لەشکری سەرماو تۆفی
چەنەدەرە دان چیڕەکان
دەور دراوە
لووتکەکانیش فرمێسکی خۆ
دەبارێنن
قەل و داڵە نەوسنەکان
چاوی گەشیان هەڵدەکۆڵن
لەنێو مستی (ئەژدەهاك)ی سەردەماندا
دایان دەنێن
بە نێو گەرووی ئاشی ترسدا
تاویان دەدەن
دەیان هاڕن
بیری گەردی (خاك و خۆڵ) و
شارەزووری دێرین دەکەم
من دێمەوە
سەر لەو مەڵبەندە شیرینە
دەدەمەوە
بۆ (خاك و خۆڵ)
هەر دێمەوە
بەلای باڵای (گۆیژە)ی دڵدا
تێدەپەڕم
سڵاوێکی گەرم و گوڕم
بۆ چاوی شار دەهەنێرم
دەڵێن (بەردە قارەمان)مان مات و زیزە

نەخۆشی دەست بای پاییزە
(قەرەداغ)و (داری کەلی)یش
خەفەت کوشتەن
(ئەزمڕ)ی ئەویندارى سەرووی شار
دڵ بریندار
خەڵتانی زامی خۆیەتی
خوێنمژ
لەبەردەمی یاساکاندا
هەر هات و چۆیەتی
(سەرچنار)ی جێ سەیرانگەی یارو یاوەر
دەستەو ئەژنۆ
سەری گریەو شینی
لە کۆشی خۆی ناوە
لەشی (قلیاسان)یش
لە ئەژمەتدا داهێزراوە !
(دەربەند بازیان)
دڵی ناسکی لە مێژووی ڕێ
هەر تۆراوە
(تاسلۆجە)ی خەون
بەرانبەر تیر
تۆقێنراوە
منیش بیری (خاك و خۆڵ)و
(حەبیە) دەکەم
دەڵێن ڕێی (خاك و خۆڵ)
بە دەیان و سەدان هەزار

ئاوات ڕفێن دەور دراوە
چاوی هەتاو هەڵدەکۆڵن
کۆرپەی وشە لەگۆڕ دەنێن
خامەی نەترس
تێك دەشکێنن
گەرووی سڵ نەکردوو دەڕەتێنن
لانەی کۆتری ئاوارەیی دەڕووخێنن
دەڵێن ڕێگە دەتەننەوە
بە کەڵبەو گاز
کەوڵی ڕاستی دەکەننەوە
منیش بیری گەردی (خاك و خۆڵ)و
(حەبیە) دەکەم
بیری (زەڵم) و هەم (تانجەرۆ)و
(سیروان) دەکەم
بیری شاری (بابان) دەکەم
سەر لە (سالم) بدەمەوە
چامەیەکی شیرینی بۆ ببەمەوە
چاوی ئەوین لە دوو چاوی پڕ لە نازی
(حەبیە)ی بەناز بکەمەوە
من دێمەوە
سەر لە (خاك و خۆڵ)ی ژینم
دەدەمەوە، هەر دێمەوە
لە نێو دەشتی (شارەزوور)دا
ئەسپی وشەی سڵ نەکردووم
غار پێ دەدەم

تیری هەتاو بۆ گورگی هار دەهاوێژم
بە بناری (گۆیژە)و (هەورامان)دا
هەڵ دەزنێم
هەتاو یارمە
(حەبیە) ژین و
(خاك و خۆڵ)یش بنکەو شارمە
سروودیان بۆ دەڵێمەوە
تا ئەو دەمەی لەسەر پرچی خاوی (حەبیە)
سەرخەوێکی ماندووانەی بۆ دەشکێنم
تێر تێر باڵای چنار ئاسای
دەلاوێنم
سەری تەمەن دەنێمەوە ! !

بەغدا ١٩٨٦/١١/٤

# شیعر پایتەختی دڵە، دڵ پایتەختی شیعرە

وەرە گێتی شیعرمەوە
نوێنی نیانی ئاورێشمت
بۆ ڕادەخەم
لە بەردەمی نازی تۆدا
پەنجەرەی دڵ
دەکەمەوە
لەسەر پەڕەی گوڵی ئەوین
دەتنوێنم
وێنەو کێشی دێڕەکانت بۆ ڕادێنم
لە بەهەشتی واتاکاندا
زیندە خەونی شادومانی و
بەڵێنی نوێی تامەزرۆییت
دەلاوێنم
وەرە گێتی شیعرمەوە
دەرگەی واتام لەسەر پشتە
پەنجەرەی بیر
بکەرەوە
بەرەو ئاسۆی وێنەکانی سەرفرازی
تێر بڕوانە
هەنگاو نانت
چیرۆکی بێ پراوەیە
شیعر لە هەناوی هەناسەمدا

گەردانەی نوێی ڕازاوەیە
هەنگاو بنێ
وەرە گێتیی شیعرمەوە
وشەکانم
دەست لە سینە
بۆ پێشوازیت
لەبەر کۆشکی بێ ئەندازەی دڵداریتدا
ڕاوەستاون
ئاسۆی دەنگیان فرەوانە
تیپی گەشیان سەد خەرمانە
لەبەردەمی پێی نازتدا
هەزار ئاواز هەڵدەڕێژن
سروودی ڕێی بەردەست نوێژن
لە ئاسمانی نازەکانی دواڕۆژتدا
ماچ دەبێژن
وەرە گێتیی شیعرمەوە
ئەم پاتەختی ئەوێنەی دڵ
داگیر بکە
بانگی ئەشقی نوێی تێدا بدە
پەنجەرەی ماچ
ئاواڵە کە
ئاڵای نازی هەمیشەیی هەڵکەرەوە
چێژی هەنگوێن
بۆ شەیدایی و تامەزرۆیی
لێوی تاسە ببەرەوە

وەرە گێتیی شیعرمەوە
لە داستانی وشەکانی وێنەمەوە
بەسەرهاتی هەناسەیەك
هەڵهێنجێنە
ڕێی ئەوینی تۆی هەڵبژارد
لە شەقامی پەیمانیدا
پێی هەڵنووتا
سەری خۆی خوارد
وەرە گێتیی شیعرمەوە
تا تیشکی ڕووت چرایەك بێت
دڵی منیش
یەك پەپوولەی گڕپەرست بێت
بەچوار دەوری باڵای نازی چراکەتدا
بخولێتەوە
بە ئاگری وزەی ئەوین
گڕ بگرێت و
بسووتێت و
لە دەلاقەی ڕازو نازدا
بژێتەوە ! !

بەغدا ١٩٨٦/١١/٢٢

# ئەستێرەی ناز

ئەی ئەستێرەی ئاسمانی ناز
جووتە مەمکی جریوەی خۆت
بۆ ناو دەمی ئەم ئارەزووەم
شۆڕ بکەوە
یەك پێکە مەی
لە لێوانی پرشنگی چێژ
بۆ ناو مێشکی بێ ئاگاییم
هەڵ بدەوە
هەنگوێنی ئەو قەدو باڵا چنار ئاسا
بەسەر لەشی ئەم حەزەمدا
داباریێنە
زیندە خەونە بێ سروەکان
لە ئاوێنەی لەنجەو لاردا
مەژاکێنە
تا دڵی شێت
لە ئارامگەی دڵنەوایی و
ئاسوودەیی بێ خورپەدا
ئارام بگرێت
ماچی گەشی نێو ناخەوەی تامەزرۆیی
لە دوو چاوی ئاسۆیانەت
بنەخشێنێت
هەرکە تۆ دەبینم
بە ئاسمانی چاوەڕوانی و ئەوینەوە
جریوەت دێت

تەزووی غەم و پەژارەی گڕ

بەقەد لەشی سۆزمدا دێت

چیم بە دەستە

داسی نەریت

لە کوێ بێنم

سەری خووی پێ بپەڕێنم

لە گەردوونی بێ سنووری ماچەکاندا

چرای نازو

حەزەکانت

داگیرسێنم !!

بەغدا  تشرینی دووەم ١٩٨٦

# ئەم داربەڕووە

لەو دەمەوە ئەم گێتییە
دروست بووە
ئەم داربەڕووە
ڕەگ و ڕیشەی ئەویندارییی
بە نێو ناخی ئەم خاکەدا
توند ڕۆچووە
خوێنی گەشی چەندین سوارەی نەبەزیوی
تێکەڵ بووە
دەست و پەنجەو زوڵفی سەوزی
بەو خەنەیە سوور کردووە
ئەوینداری ئەم گڵەیە
بۆیە لێرە
چاوی گەشی هەڵهێناوە
برۆی ڕەشی جوان ڕشتووە!!
ئەم داربەڕووە
داستانێکی گڕی سوورە
لە قووڵایی وەرزەکانی مێژووەوە
لە زووەوە
لەم خاکەدا جێگیربووە
چێژی ئاوی ئەم ناوچەیەی
بە ژێر دانی ژیندا چووە
دەستی ئەشقی

له گەردنی چیاو لووتکەی بەرز کردووە
ماچی لێوی تێکۆشانی
بۆ پرشنگی بێ ئەندازەی
خۆر بردووە!!
ئەم داربەڕووە
چەند داگیرکەر
تیری قینی تێگرتبوو
پێی نابووتی
بەسەر دڵو لەشدا نابوو
لەبەر زەبری ڕۆژگاری سەخت
پشتی هەوڵی داچەمابوو
وەرز لە پاش وەرز
گەڵای ژینی
لاوازو زەرد داگەڕابوو
کەچی لەبەر دەرگەی ژاندا
ورەی بەرزی بەرنەدابوو
لە کانیی خوێن
لە ڕووباری تێکۆشانی گەورەی دێرین
تێر ئاو دەبێت
دەستبەرداری تیشك و وزەی
هەتاو نابێت!!
ئەم داربەڕووە
مێژوویەکی دێرینەیە
خاڵی دیاری قەد ڕوخساری
ئەم هەرێمە شیرینەیە

قەدو باڵای
بەقەد چیای
ئەم دەڤەرە بەرز هەڵچووە
لەکۆشکی خۆر
نزیك بووە
داستانێکە
تەمەنی وی بەنێو ساڵی کاتدا چووە
ڕەنگی بەفری کەژی لێ نیشتووە
کە دەیبینیت دەڵێیت لاوە
تازە دەمی خونچەی ژینی
هەڵهێناوە
لەبەر شاری سرەوتندا
هەر غار دەدات
مژدەی نەورۆز
بۆ کەژاوی بەهار دەبات!!
ئەم داربەڕووە
نیشانەی ڕێی نیشتمانە
لەم ناوچەدا کە شین بووە
چقڵی چاوی ناحەزانە
تیری تیژی بەر دڵ کەوتووی دوژمنانە
تانەی گەورەی سەر چاویانە
هێمای هەوڵ و تێکۆشانە
باڵای بەرزی وی هەڵچووە
ئەم داربەڕووە!!!
ئەم داربەڕووە

ئەو خوێنەیە
بە نێو لەش و گشت دەماری
ئەم دەڤەرە زامدارەدا
دێت و دەچێت
بە خوێنی گەش هەڵزنیوە
بە ڕەهێڵەو بەفرو تەرزەو
تۆف و زوقم
گۆش کراوە
پێی ئارەزووی
بەسەد گڕو سەد پەنگری ڕۆژگاراندا
داچزاوە
چەندین گەڵای بەهارانەی هەڵوەریوە
چەندین تیری ڕقەبەری
تیَ گیراوە
لە ڕەشەبای فەوتاندندا
ورەی خۆیی بەرنەداوە
ڕووی ئارەزووی لە هەتاوە
تا گەردوون و جیهان ماوە
ئەم داربەڕووە
ڕەگ و ڕیشەی ژینی خۆیی
توند توند لێرە داکوتاوە
خۆیی تێکەڵ خوێن کردووە
هەر بۆ خوێنەو
لە خوێنەوە گەورە بووە!!

بەغدا ١٩٨٦/٧/٥

## من و ئەو

ئەو ئاگرەو من درەختم
ئەو ڕۆژگارە
چۆم و کانی و ڕێ و بوارە
منیش بەختم
ئەو چیایە
بڵندترین بەژن و لووتکەی نێو دنیایە
منیش بەفرم
ئەو سێبەرە
سێبەرێکی بێ کەمەرە
منیش کەپرم
ئەو خەنجەرە
خەنجەرێکی بێ سەنگەرە
منیش ڕەگ و گەردنێکی بێ فەڕم
ئەو هەم گوڵ و هەم چرۆیە
میسك و عەنبەرو
شەوبۆیە
منیش باخچەی چۆڵی ژینم
ئەو بزەی سەر لێوی خەمە
منیش مەرگە پێکەنینم
من چڵێکی شکێنراوم
ئەو نهێنیی نەدرکاوە
من خەونێکی بزرکاوم
ئەویش خەندەی ڕۆژی نەڕسکاوە
من لەشێکی ساردو سڕم

ئەو گیانێکی نەجماوە

من لاپەڕەی کۆن و شڕم

ئەو پەرتووکی نەخوێنراوە

من سووتانم

سووتانێکی بێ ناونیشان

ئەو هەتوانە

من ئازارێکی پڕ ژانم

ئەو دەرمانە

من برینم

کوشتەی دەستی ڕقی ژینم

ئەو پەتەسۆی زامەکانە

من زەمینم

گەردوونێکی زۆر بەرینم

ئەو پرشنگی سەد هەتاوە

لە دەلاقەی مەرگی ژیندا

چەتری خۆیی لێ هەڵداوە!!

بەغدا ١٩٨٦

# كوانوو

## بۆ كوڕپەكانم

لە دووریتان
ڕۆژی ژینم
چاوەڕوانی و پەژارەیە
چەپۆك نان و لێو هەڵقورتان
لەم شارەیە
كاتی تەڵخی بەر هەزاران سێدارەیە
ئەشكی سوێری دەریای چاوی
دوورخراوی ئەو خوارەیە
لەدووریتان
لە ژینی گەش دڵ بێزارە
لە شەوی قورس
چاو بێدارە
جەستەی بیرو ئەندێشەی مێشك
پڕ لە زام و پڕ بزمارە
شادی و خۆشی
ئەوینداری ڕەوە ماسیی
ڕەتێنراوی نێو ڕووبارە
لە دووریتان
پێدەشتی ژین پڕ گریانە
هەستی برین
پەرێشانە
سەربوردەی ڕۆژ
هەمووی ژانە

له دووریتان

ئەشکی سوێرم

گۆنای سۆزی باوکایەتی

دەسووتێنێت

له دەروازەی خەونی گەشدا پەژارەکان

دادەچێنێت

له دووریتان

کەنەفتێکی پەل داکەوتووم

مەلی باڵ شکاوی

له ڕەو دابڕاوی

ڕێ ون کردووم

کوانوویەکی بێ ئەسکڵ و

خۆڵەمێشم

بلێسەیەکی بێ سووتووم!!

١٩٨٦/١٢/٢٨ بەغدا

# سەری ساڵ

ڕۆڵەکانم، سەری ساڵە
لە دووریتان
هەست و نەستی کۆی دەروونم
کۆی زووخاڵە
کۆرپەکانم
سەری ساڵە
پەنجەی بەختی ئەم ژیانەی نێو گەردوونم
کۆڵەوارە
لە دووریتان
چی غەم هەیە
سەری گێژیان کردووەتە سەری ژینم
بەر پێی دڵیش
هەر تەگەرەو هەر دیوارە
ژینی سیس بووی بێ گومبەتم
بێ هەناسە
بەبێ تاسە
بەبێ باڵە
لە ئامێزی چوار دیواری داخراوی
ئەم گێتییەدا
هەر خەریکی گریەو شین و ناڵە ناڵە
کۆرپەکانم، سەری ساڵە
من تامەزرۆی ماچێکی سەر گۆناتانم

بۆ دیتنتان، بە تاسەوەم
لە ئامێزی دڵی خۆمدا
هەڵتان بگرم
لە باوەشی سۆزی گەشدا
سەرخەوێکتان
پیَ بشکێنم
وێنەی بزەو زەردەخەنەی ژینی گەشتان
جوان جوان بگرم
پەپوولەی خۆشیتان
بۆ ڕابێنم
گەردانەیەك
شادیی سەوزو سۆزی بەتین
بەسەر کێڵگەی دڵی تەڕی ژیانتاندا
بپرژێنم
بووکە شووشەی بەختیاریتان
بۆ بستێنم
کۆرپەکانم
سەری ساڵە
لە دووریتان
هەناوی ژین
بریندارە
گڕی سۆزەو درووژاوە
جەستەی ئاوات بیَ دەوارە
پۆلی مەلی حەزو بەختم
خەفەتبارە

هەر بنارە

پڕ لە کەندو پڕ لە چاڵە

کۆرپەکانم

سەری ساڵە

ئەم جارەیان .. نا.. لێتان

دوور ناکەومەوە

سەوزە ماچتان لەسەر بزە

بۆ دەڕوێنم

خەونەکانتان دەژێنمەوە

قژی شادی دڵی تەڕی

کۆرپەییتان

دادەهێنمەوە

دەنگ و ڕەنگی خۆمتان

لێ دوور ناخەمەوە

کۆرپەکانم !!!

سەرەتای ١٩٨٦

# ڕەشەبایەك هەڵ دەكات

ڕەشەبایەکی ڕەش هەڵ دەکات
دڵ و جەرگی خەونەکانمان
هەڵ دەلووشێت
زریانی خوێن
دەم و چاوی کۆرپەکانمان
دادەپۆشێت
سەهۆڵبەندی ورەی لووتکە سەختەکانمان
دەتوێتەوە
وشەی سەوزی ڕستەکانمان
دێڕ دێڕ دەسڕێتەوە
چاوی گەشی بەختەکانمان
لەنێو قرچەی نیوەڕۆدا
کوێرایی دادەیەتەوە
ڕەشەبایەکی ڕەش هەڵدەکات
ڕەنگی کەسکی ڕەنگەکانمان
دەباتەوە
بزەی لێوی دڵیساڵمان
دەسووتێنێت
کسپەی باڵمان
لێ دەستێنێت
تووڕی دۆڵی بیرچوونەوەی
چەرخی دەدات !! ١٩٨٥/١٢/٢٨

# هەور

پەڵە هەورێکی چڵکن دێت
بەری دڵی ڕۆژمان دەگرێت
قورگی باران
دەتاسێنێت
پەڵەی ساڵان
لە تینوێتیی زەویی جاران
دەتۆرێنێت
چەپۆکی شەو
لە گەرنی زەردەخەنەی لێوی شاران
دەوەشێنێت
کۆرپەی ڕەهێڵ لەبەر چاوی نم و شەستە
دەخنکێنێت
پەڵە هەورێکی چڵکن دێت
بەری دڵی ڕۆژمان دەگرێت
چەپۆکی دژ لە ڕوخساری
ئەویندارى
خاکمان دەنێت
هەنگاوی ڕق

بەسەر لەشی ئاواتماندا

خێرا دەنێت

هەنگوێنی نێو وشەکانمان

دەخواتەوە

خۆڵ و تۆزی گەردەلوولی ناهەموارمان

بەسەر لەش و بیناییدا

دەکاتەوە !! ١٩٨٥/١٢/٢٨

دەخواتەوە: مەبەست لەوەیە کە هەنگوێنەکە شلەو وەك ئاو بەسەریەوە دەنێت و هەڵی دەقورپێنێت

# پێنووس

پێنووسێکی هاوڕێم هەیە
لە ئامێزی دڵی خۆمدا
جێی نیانی بۆ ڕادەخەم
بە گەڕەك و کووچەی دڵدا
ڕایدەهێنم
چی نهێنیی ژینی خۆمە
بۆ خامەکەی دەدرکێنم
فرمێسکی دێڕ هەڵدەڕێژێت
لەناو ڕستە سفتەکاندا
سەربوردەی دڵ
دادەڕێژێت
نهێنییەکان
لە سێبەری گەڵای داری وشەکاندا
دەخەوێنێت
تەنیا خۆم و خۆیڕا نەبێت
هیچ دڵێکی دیکەی نامۆ
پەی پێ نابات
نهێنییەکی پێ نابێژێت!!

١٩٨٥/١٢/٢٩

# کتێب

دەریای کتێب
ڕەوە کتێب
ئابلۆقەیان داوم
چاوی دێڕیان تێ کردووم
گڕی شێتیی وشەکانیان
تێ بەرداوم
هەنگی گەشی ڕستەکانیان
لە بیرو مێشك
وا ئالاوە
هەر ڕستەیەو چاوی گەشی
ئەستێرەی خۆی نانوقێنێت
تەماشای خۆی بۆ ئامێزی شانەی بیرم
هەڵگرتووە
لە تەنیشتی یەکدییەوە
ڕیزی خۆیان
لێ بەستووە
گەلە کتێب ئابلۆقەیان داووم
هەڵپەیانە
ئەمیان پێش ئەو
چاوی گەشی ڕستەکانیان
جوان بڕێژم
بالاو قەدیان
بخوێنمەوە
ببنە وزەو
هەموو بێنە نێو خوێنمەوە !!

کۆتایی ١٩٨٥

# پەری

کیژی پەری
دڵی هەستم بۆت ڕاپەڕی
ئەستێرەی ڕووت
بێ وێنەیە
چاوی گەشت ئاوێنەیە
خەونی دڵی تیا دەبینم
کۆشی گەرمت
نەرم و نیان
دەروونی گڕ
شێت و شەیدای ئەو شوێنەیە
لێوی وشکی بار لێ نیشتوو
چاوەڕوانی
بزەو چێژی ئەو زارە پڕ هەنگوێنەیە !!
***
کیژی پەری
پەنجەی وردی چاوەڕوانی
بۆ دیداری بزەی سەر لێو
وا هەڵوەری
بۆ گەشتێکی باغی سینەی پڕ جووتە سێو
ئارەزووی شێت
وا دەرپەڕی
پۆلە مەلی پەیمان و سوێند
ڕووی کردە کێو
بە ئاسمانی بەڵێنتدا

گورج تێپەڕی
ئاوڕێکی هەنگوێنانەت
نەدایەوە
چاوی گەشی ئەویندارێت
بۆ نیازێك
هەڵنەبڕی
***
کیژی پەری
بێ چاوی تۆ
بێ هەناسەی پڕ لە بۆن و گوڵاوی تۆ
ڕێگەی ژیان پەژارەیە
خەفەتی سەخت
میوانی ئەم دڵە کزە خەمخوارەیە
ماتی و گرژی
بەرگی دیاری پۆتەڵاکی ئەم شارەیە
شین و گریان
دووری و سووتان
بەشی جەستەی بێ چارەیە
ئەو دڵە بیمارەیە
برژاوی نێو ئاگری ئەو هاوارەیە
ستەم دیدەی ئامێزی
ئەم هەوارەیە
لای دڵداران
خۆری گەرمی ئەوینداری
پرچی بەیان شانە دەکات
کەچی لای ئەم وەرزی ئەوین

هێشتا هەر ئێوارەیە
***
کیژی پەری
ئوقرەی دڵم وا هەڵوەری
بەرگت جوانە
خۆت جوانتری
بزەی ژیان
لە زاری دڵ مەتۆرێنە
ماچی هەنگوێن
لە شانەی لێو مەڕەنجێنە
دوگمەی سوخمەی گفت و گۆی خۆت
بترازێنە
کیژی پەری
پێی ئاواتی لێ هەڵبێنە
تا کات زووە
ئارەزووی چڕ نەمردووە
پردی جەستە نەڕووخاوە
دەشتی ئەوین نەسووتاوە
بەسەر دڵی ئەم ئاواتە دێرینەدا
تێنەپەڕی
تێنەپەڕی
تێنەپەڕی
کیژی پەری !!
١٩٨٦/١/١٠

# ئاونگە شیعر

(١)
بۆچی تەڵە شقارتەیەك دێنێت
ژینی سەوزی
دارستانێك
بە تووڕەیی دەسووتێنیت؟!
نەتزانیوە
دارستانی سەوزیش گیانە
ژانی دڵی
سەد ئەوەندەی ژانەکانە؟!
(٢)
بۆچی کۆشکی هەستی ناسکی
ئەم ئێوارەم
دەڕووخێنیت؟!
بازووی خۆشیی ئەم دەروونە بێ کەنارەم
تێك دەشکێنیت؟!
تۆ نازانیت
ژوانم لەگەڵ چاوکەژاڵدا
جوان بەستووە
ئەو پاساریە بەستەزمانە
چاوەڕوانە
کەی ماچ بچێت
چاوەکانی تێر بمژێت

سەرێك بدات لە لێوانە ! !

(٣)

تۆ دەتەوێت

بە قەڵماسك

چاوی باسك

دەرپەڕێنیت؟! !

هەستی بەفرە سپیی ناسك

بڕەتێنیت؟

نەتزانیوە

دڵی یارم شووشەیەكە

بەردی پلاری تیٚ بگریت

ئیدی دەشكێت

چوارچێوەیەكیش نامێنێت

خەون و بەڵێن

كۆ كاتەوە

دڵ بۆ ئارامگەی دڵ

بباتەوە ! !

(٤)

بەزەیی تۆ

تاڤگەیەكی زۆر ملهوڕە

لەناو دڕدا زۆرتر دڕە ! !

بۆ لەو كەلە

نایەیتە خوار ؟!

باوەشێكی قردێلەی سەوز

بدەیت لە تای

شۆڕە زوڵفی کۆرپەی بەهار! !

(٥)

هەرگیز لە خۆت بایی مەبە

ئەسپی شێتی

بە ناو توونی ئاگرێکی سووتێنەردا

تاوت دەدات

بۆ هەمیشە

گڕی شێتی و مل شکانت

تێ بەردەدات ! !

(٦)

ڕووبارێکی زۆر هەڵەشەیت

کە شاخی خۆت

بە تاوێری ئەم کەنارو

ئەو کەناری ژیندا دەدەیت! !

ڕۆژێکت دێت

لافاوێکی بەهارانە

لەسەردا دێت

هەڵەشەییت نغرۆ بکات

ڕۆژی ڕەشت پیشان بدات! !

(٧)

نا من ناڵێم

گۆرانی بۆ باڵای هەتاو ناڵێمەوە

نا من ناڵێم

سەری حەزم لە باسکی

داربەڕوودا نانێمەوە

نا من نالێم
سەر لە کانیی چاوی سیروان
نادەمەوە
نا من نالێم سەر بە شاری خوشکە زیندا
ناکەمەوە
تەنیا شتێك کە دیلێم و
دەیلێمەوە
ئەمانە گشت سروودێکن
لە ژیان و لە مردندا
لەسەر زارم
دەڕوێنەوە !!
(٨)
خاتوون .. زۆرم چاوەڕێ کرد
ئەشکی چاوم بوو بە خوێن و
تۆیش نەهاتیت
هەناسەیشم وەها مەیی
وا بوو بە بەرد
هەر نەهاتیت !!
تاکوو چاوەڕوانی هەراسان بوو
سەری خۆیی خێرا هەڵگرت
لە جیهانی ئەوین دەرچوو !!
(٩)
ئەی کۆرپەڵە خرپنەکەم
مەگری مەگری
بۆ بابە گیان ... هەرگیز مەگری

که دێمەوە
لەگەڵ نوقڵ و شیرینیدا
ماچی خۆشی چ دنیایە
بۆ کولمانت
دەهێنمەوە ! !
(١٠)
گیانە بێ تۆ، من چۆن دەژیم
ئەی ئاسکەکەی نێو هەناوم
کە لە جەرگەی دارستانی ئەم سینەمدا
گومبەتانێی شادی دەکەیت
بۆ جیهانی ئەفسووناوی خەونم دەبەیت
تۆ دەبیتە ئاسکی کەژی
منیش ڕاوچی ! !
(١١)
دڵ ڕەشەکان
با هەمیشە پلاری خۆ بهاوێژن
ئەم پێنووسەی پێی دەنووسم
چاوی ئەستێرەی نەورۆز ماچ دەکات
بۆ باڵای داربەڕوویەك
کڕنووش دەبات
کلی خۆری خاك و خۆڵی
شارەزووری باپیرانی
لە چاو دەکات ! !
ئەو مەبەستەی لە ناخدایە
چۆن فرێی دەم

**دیوتانە خاك بیّ ئاو بژێت**

**تاكو منیش بیّ ئەو بژیم ! ! !**

(١٢)

**ئا.. ئەم شەوە زەنگە دەبڕێتەوە**

**مانگی چواردەی بەختی یاران**

**هەڵ دێتەوە**

**فەرهاد بۆ لای شیرینەکەی**

**هەر دێتەوە**

**دەرگەی ماچی هەمیشەیی**

**لە گشت یاران**

**دەکرێتەوە**

**دەکرێتەوە ! !**

بەغدا ١٩٨٧/٥/١٢

# گێتیی گومان

که پێی ژینم
لەسەر خاك گێتیی گومان
گیرسایەوە
گومانێك بووم
لەگەڵ خودی خۆمدا لەدایك بووم
پشتی (ڕاستی)م
چەمایەوە !
***
گومان دەکەم
لە خودی خۆم گومان دەکەم
لە سێبەرم
لە هەنگاوی ئەبڵەقاوی
بەرپێی (خۆر)م
لە گفت وگۆ
لە هات و چۆ
لە سروشتی بێ ئەندازیار
لە ڕەفتاری دژی خزم و
لە کەس و کار
گومان دەکەم ! !
لەم چیایە
لە ڕوانینی ئەم نیگایە
لەو دوو چاوە

هەزار گێتیی فرت و فێڵ و
خوێنی تیایە
لەو ڕێگەیە
لە ئەم بەرگەی
لە بەرمایە
گومان دەکەم
گومان دەکەم
لەم خامەیە
لەو کۆڵان و شەقامەیە
لەو وشە بێ ئاکامەیە
لەو ڕێگە بێ ئەنجامەیە
گومان دەکەم
لە خەوی سووک، زۆرتر لەقورس
لە ڕاچەنین ، لە تۆقین و
لە خورپەو ترس
گومان دەکەم
گومان دەکەم
لە گشت زاری هەنگوێناوی
لە بیماری
لە سروودی لووت خوێناوی
گومان دەکەم
لە ئەم خانووەی تێیدا دەژیم
لە ئەم ژوورەی تێیدا دەگریم
لەم شەقامەی پێیدا دەڕۆم
لەم ڕووبارەی جەستەی ماندووی

هەزار ساڵەی
تێدا دەشۆم
لەسوو
لە ئارەزوو
لە تیپی زار
لە ڕستەی لووس
لەبەڵێن و پەیمانی شار
لە ئۆقیانووس
لە بیابان
لە پێدەشت و دۆڵ و کەنار
بگرە لە یار
گومان دەکەم!!!
گومان دەکەم
لە دایك و لە باوکی خۆ
لە ڕاست، درۆ
خوشك، برا
لەتیشك، چرا
گومان دەکەم
گومان دەکەم
لەم ژیانە
لەم جیهانە
لە دەورو بەر
لە دێرەوە، تاکو ئەوسەر
لەم پەڕەوە تاکو ئەوپەڕ
گومان دەکەم !!

گومان دەکەم
من خۆم یەك  پارچە گومانم
گومانێکی پڕ لە ژانم
لەناو گوماندا پەروەردەم
شانۆنامەی گومانێکی هەزار پەردەم
گومان دەکەم
لەم قسانەی دەریان دەبڕم
لەم ئەشکانەی نایانسڕم
لە خامەکەم
لە هەناسەم
بگرە لە ئارەزوو، هیواو تاسەم
گومان دەکەم !!
گومان دەکەم
لە خودی خۆم
لە جیهانی کۆنی نامۆم
لە ژیانیش
لە گومانیش
گومان دەکەم
گومان دەکەم
گومان دەکەم !!!

بەغدا ١٩٨٧/٤/٢٠

# برین

له قەد پاڵێکی نزیك بە بنار
داربەڕوویەکی کەنەفت و بیمار
بە یەك هەڵۆی گۆ
تۆو ئەو خودایە
ئەم ژانەی دڵەم
جەرگی هەبوونی کون کون کردووم
ئەم گیانەی سووتووم
لەسەرە مەرگ و
گیانەڵادایە
هەڵفڕە
وەرە
بەبێ گفت و گۆ
تا ناوونیشان
نەبووە بە خۆڵ
بەبەردو گڵکۆ
تۆوێکم
بەرە
بۆ سەری لووتکەی ئا ئەو چیایە
تا بەم گیانە بریندارەوە
بە ئارەزووی خۆ
لەو خاك و ئاوە
چرۆی نوێ دەرکەم

پەل بهاوێژم
سەری بڵندم
بگاتە ئاسمان
دەنگی زوڵاڵم
خێرا هەڵبێنم
برینی دڵم
بە چاوی کوێری سەرتاپای جیهان
جوان بناسێنم ، جوان بناسێنم !!

بەغدا ١٩٨٧/٦/١٥

# کۆچی شاعیر

بۆ دوو چاوی شین و سەوزی
گوێلێك گەنم
یان سێوێك بوو
باوە ئادەم
بە پاڵ نان و پەتپەتی
لە بەهەشتی بەرین دەرچوو!
نوقمی لیتەو قوڕو غەمی سەر زەمین بوو ! !
من نە خۆراك
نە گەنم و نە سێوێکی لاسوورەم دی
ئەو خەونە بووم
لە سەرتاپای ژینی خۆمدا
نەهاتمە دی ! !
مێژووی چارە تاڵی نینۆك درێژ
بەبێ دەستنوێژ
لە پڕ هات و
شەقی ڕەشی تێ سرەواندم
نەك لە بەهەشت
لە ژینگەی گوڵ
لە نزاری هەزار ساڵەی
جێگەی یارو مەزارگەی دل
دەرپەڕێنرام
بەرەو چاڵی بیرچوونەوەی
ڕۆژگاری شێت
تووڕ تووڕ درام ! !

ئایاری ١٩٨٧

# شوان

ئەی شوانەکە
کوا بلوێری هاوڕێی ژینت؟
کوا گۆرانی و پێکەنینت ؟
کوا ڕانە مەڕ ؟
کوا دڵی تەڕ؟
کوا ئاوازو سازی ناخت ؟
کوانێ بزەو
شادی ناخت؟
کوا فەرەنجیت؟
کوا گاڵۆکی دەست و پەنجەت؟
کوا بەرهەمی
ئەو گشت ڕەنجەت؟
پەزەکانت بۆ کوێ ڕۆشتوون؟
بەرخەکانت
لەکوێ نوستوون؟
دیارە بلوێرەکەت شکێنراوە ! !
فەرەنجییەکەت
بە ئاگری قین و هەڵچوون
سووتێنراوە ! !
چی ئاوات و هیوای دڵی تەڕت هەیە
ئاگریان تێ بەردراوە
گاڵۆکەکەی دەستی ژینت

تووڕ دراوه

بۆیه گه‌رووت داگیراوه

هه‌ست و نه‌ستت خرۆشاوه

یه‌کجار په‌ستیت

به‌مه‌به‌ستیت

ده ڕاپه‌ڕه

به ڕووی کوێخای سته‌مگه‌ردا

بته‌قه‌وه

تۆڵه‌ی مه‌ڕو

ئه‌و بلوێرو ئه‌و گاڵۆك و

فه‌ره‌نجییه‌ت

بکه‌ره‌وه .. بکه‌ره‌وه ! !

١٩٨٧/٥/٦

# درەخت

ئەی درەختە غەمگینەکە
گەڵای زەردی
بێ ژینەکە !
خەفەت مەخۆ
خەفەت مەخۆ
ڕووی ئاواتت بکە ئاسۆ
لالە سەرحەد هەر دێتەوە
ئاوی سازگار
بە ڕووبارو جۆگەکاندا
دێنێتەوە
بزەو زەردەخەنەیش
بۆگەڵای تۆ
دەڕوێتەوە !

ئایاری ١٩٨٧

# مێژوو

مێژوو پەتی پتورکاوە
لە ئەستۆی ڕەنج
جەڕێنراوە ! !
بنەمای ڕێی
لەسەر فێڵ و درۆی زل زل
دامەزراوە ! !
پشتی لە ڕاستی کردووە،
چەندین هەزار شەقی زەقی تێ هەڵداوە !
ڕۆژگار دێت و
ڕۆژگار دەچێت،
لەناو بۆتەی دەلەسەدا
نوقوم دەبێت !
جەستەی ڕاستی،
تووڕ دەداتە سەد دەریاوە ! !

ئایاری ١٩٨٧

# سێ چامە

## زریانی شێت

زریانە شێتەکەی ئەم ساڵ
هیچ ناتوانێت
دەستی پشوو
بەسمێڵی خۆیدا بێنێت،
پەپوولەی ئارەزووی
ناخی ژەنگ گرتووی
بە ئاسمانی سەدان هەزار
خەونی گەشدا
هەڵفڕێنێت!
بە نینۆکی گورگە ڕق و
بەردە دڵی کینەی مێژوو
تاسەو حەزی شاری کۆنی هەناسەکان
بخنکێنێت
لەش و لاری ئاواتی سەوز
بنێتە چاڵ!
بەو پەنگرە دووکەڵاوییەی
نەك هەر دەست و پەنجەی بوونی
بەڵکوو ژینی ژەهراوی خۆی دەسووتێنێت !!

# ڕووبار هەڵەشە

ئەم ڕووبارە هەڵەشەیە
پڕ لە زارە هەڕەشەیە
با سەری خۆی بەو کەنارو
بەم کەناری
ورەی تیندا
ماندوو بکات !
کەناری سەخت پۆڵایەکە جمە ناکات
جمەی نایە !
ڕووباری شێت، تووڕە دەبێت
تووڕە دەبێت
خەونی ڕەشی بەدی نایە
سەری چوون و ڕۆیشتنی
خۆی دەشکێنێت!
کەناری ڕێی کۆڵنەدانیش
لە ئامێزی سۆی دایکی
ئەم سروشتە بێدارەدا
بە نەزانیی ڕووباری گێل
پێدەکەنێت..
پێدەکەنێت !!

## هۆلاکۆی مێژووی ساختە

کە هۆلاکۆی بێ ئەمەك هات
بە شمشێری ڕکەبەری
کەللە سەری
شاری بەغدای لێ کردەوە
(دەچلە)ی بەختی خوێناوی کرد
تۆتکی وشەی نێو پەرتووکی
بڕییەوە
چی ویژدان و بەزەیی بوو
لەنا توێڵی گشت مێژوودا
سڕییەوە
پەڕەی ژینی ئاشتیی دڕاند
هیچ نەیتوانی بەغدای دێرین
لەگۆڕ بنێت
ڕەگی سەوزی دانیشتوان
ڕیشەکێش کات
لەو ساکەوە
هەر بنجە گیای دانیشتوانەو
لە گشت بەغدای سەرزەمیندا
ڕەگی توندی هەبوونی خۆی
دادەکوتێت
نا (هۆلاکۆ)ی مێژووی ساختە
پێی ناوێرێت
چەند ڕۆژگار بێت

چەندیش ڕۆژگار بچێت
ڕەگ و ڕیشەی پەرتبوونەوەی
بەنێو ناخی بەرخودادا
هەر ڕۆدەچێت.. هەر ڕۆدەچێت !! حوزەیرانی ١٩٨٧

# لاژەیەکم چی گەروویەك دەڵێتەوە ؟!

نە خەونێك بووم

لە ئامێزی مێژووی تاڵدا

بتلێمەوە

نە تەونێك بووم

لە ڕۆژگاری نەهامەتی سواری دڵدا

ببڕێمەوە

لاژەیەکم

وشەکانم .. گەڵای سەوزەی بەهارێکن

لە پێنووسی (عوریان)ەوە

چرۆی گەشیان

هەڵهێناوە

نە غەمی چەرخ

ڕێی ڕووباری وزەی دڵیان

دەخواتەوە

نە دڕکی ڕۆژ

ڕەنگی گەشی پەڕەی گوڵیان

دەشواتەوە

***

دەنگی لاژەم

کوێ کەڕکەری گوێی مێژووە

دەنگی هاژەم

هاژەی گەرووی گشت دەنگێکی

چاونەترسی

تێکەڵ بووە

شۆڕەسواری وزەی ئێستەو
داهاتووە
گڕی شێتیی تافی پێشووی
تێبەربووە ! !
***
کاتێك (نالی)
لە گەردوونی وشەی سەروای دڵتەزیندا
مۆمی گەشی تەمەنی خۆی
بۆ (حەبیبە) هەڵدەوەراند
(خانی) و (فەقێ)
وێنەو دێڕە سفتەکاندا
بۆ چاوی شیعر
دەهۆنیەوە
ڕێی (جزیری)یش لەو بوارە دژواردا
چاوی هۆشی نەدەترووکاند ! !
من ئەو لاژە پڕ هاژە بووم
وشەکانم پێك دەهێنا
نووکی خامە گەشەکانم
ڕادەهێنا
کاتێك سروەی (شارەزوور)ی ئاوات
دڵی نامەی (سالم)ی برد
زامی دڵی دوور ولاتی شاعیریکی
کولاندەوە
منی هەواڵ
دڵی کورپەی خەفەتی خۆم

لاواندەوە

هەستی ناخی زامەکانم

گشت ورووژاند

زامێکی دیم

لە فەرهەنگی بێ شیرازەی

هەواڵدا چاند !!

***

منی ئازار وشەیەکم

چ پێنووسێك

ڕەنگی چاوم دادەڕێژێت

سەروایەکم

چ شاعیرێك ڕێم پێ دەبات

هاژەیەکم

چ سیروانێك لێکم دەخات

بۆ ڕوخسارو گڕو گاڵم

پێدەکەنێت؟!

چاوەڕوانم گەروویەکی سڵ نەکردووم

چ گەروویەك ڕادەچەنێت

دەنگ هەڵدێنێت

بملێێتەوە؟!!

هەولێر ۱۹۸۵/۱۲/۲۰

# سێبەر

تەك سێبەری لێڵی خۆتدا
هەناسەی زەرد هەڵدەكێشیت
چمكی هەنگاوە ساردەكان
دەتخۆنەوە
چاخانەكە نەهەنگێكی چاوەڕوانە
ئاگەت نییە
باسكت دەگرێت
هەڵت لووشێت
فڕۆكەی بیر تیژڕەوێكە
ئەم شارەیەت دەگرێتەوە
گرێكوێرەی چاوی دوێنێ
ژینی ئەم ڕۆت دادەپۆشێت
پێ هەڵ نانێیت بازاری كوێر
سەد ڕووبارە
تاف .. بنارە
زیندە خەونەكات
مەرگی كوت و پڕی ڕێی بەهارە
وشەی پەڕەی پەڕەمووچی ڕەشبینیی گڕ
دەخاتە ڕێ
لە كونجێكی تەنیاییدا
خەونی تیژت مات دەكات
چاوەڕوانی

کیژە قژ ڕەشەکەی دراوسێیە
مەرگی هەواڵێکە پێیە
لەناو چاوی ڕۆیشتنی قۆناغتدا
دایدەچێنێت
ئۆتۆمبیلی بێ هەناسەی شڕی ژیان
هۆڕنی ناکاویانەی خۆیت
بۆ دەنێرێت
هەراو هوریای گوێ کەڕکەرت
پێ دەسپێرێت
لەناو بۆتەی قاوغێکی دەنگ و باسدا
تل دەخۆیت و
ناگەیتە سەر کلافەی ڕۆژ
تیشك زنجیرێکی هەزار قەف کراوەی بیرە
لەگەردنی بیرت گیرە
بە شۆستەی هەواڵێکدا وێڵیت
ئاوی بن گۆماوی لێڵیت
ئاو ڕوونکەرەوەت بزر بووە
دەریای غەمگینیش هیچ هەواڵێکی پێ نییە
سەری خوێنی خۆت سەردەبڕیت
کەنار کوێر دەکەیتەوە
ڕێگە هەڵدەدڕیت
دووکەڵی وشە بەژێر خاکدا دەسووتێنیت
ئاسمان دەشاریتەوە
باران تێدەپەڕێت
بەفر تووڕ دەدەیت

له لووتکەوە بەرەو هەڵدێری پەژارە
سەد تاوێری پەشیمانی
غلۆر غلۆر دەکەیتەوە
دڵۆپی خوێن
بە ڕوومەتی هەناسەتدا
مل دەشکێنێت
تابلۆی نەریت
لە دیواری ژووری بێ کەسیتدا
هەڵدەواسیت
چاوو ڕەنگی گەنمیی ئەم ڕۆی خۆ ناناسیت
شار مێردەزمەی تەمەنی بێ هاوەڵتە
ژانیش شەقامێکی بەبێ شۆستەی بێ باوەڵتە
بە دەروازەی شەق و شڕی
ئا ئەو دڵە لەرزیوەتدا
دێت و دەچێت
لە قووڵایی ئاخ و ناڵەی هاوارتدا
نوقم نابیت
خەوی دوارۆژت بێدارە
ڕستەی چاوت بێ بەهارە
چێشتخانەکان
چاوی زیتیان
لە ڕوومەتی بێ قەبرغەت
درژو مۆن دەکەنەوە
پاروویەکی بێ خۆێیشت
بۆ تووڕ نادەن ! !

دەرگەی بەزەییان
لە بەردەمی تامەزرۆیی شێت و وێتی
دڵی سایەقەتدا
پێوە دەدەن
ئافرەتی شار
ڕەوە ئاسکی سرکن
لە قووڵاپی چاوت گیرنابن و
جووتە مەمکی بەلەسەیان
لەنێو باخچەیەکی زۆر بەرینی بێ سنووری
چێژی شێتدا
ڕمبازێنی ئارەزوو دەکەن
ئاگری ئاسمانیت تێبەردەدەن
سەرووی باڵای بەرزو ڕوخساری بێ خوێیان
لەناو گەڵاو لق و پۆپی چێژی سڕدا
ڕایەخی سەر سەکۆی مێژووت بۆ ڕاناخەن
بارو بنەی نەریتی خۆ
لە بەردەمی چاوی زیتی ئارەزووتدا
قیت ڕاناخەن
ئامجەلغی مەمکی دوێنێ
فرێ نادەن
شۆڕەکراسی ئەم ڕۆژەت
لە تەنافی چاوی ڕێگەی بێ ئوقرەتدا
بۆ هەڵناخەن
بە شەقامی ژانی بێ چاواندا
دێیت و دەچیت

بەناو دێڕە کوێرەکاندا
بەڕۆ ناچێت
هەموو ئێوارەیەکی تەنیات دەکوژێت
شۆستەکانیش بێزیان لێت دەبێتەوە
لێوی پەژموردەی بێزاری
لە چاوت هەڵدەقورتێنن
باڵندەی هۆش
ڕادەڕفێنن
ئەشك هاوەڵێکی نهێنییە
هەنگاونانی هێمنانەی پێی هەنگاوت
جێ ناهێڵێت
لە بناری قەڵاتی مێژووی ڕووخاودا
گەرووی دەنگەکان بیر دەکەیت
ناوو ڕستەکان بزر دەکەیت
مل لە ڕووباری بێداریی تاسە دەنێیت
دەنگی زەنگی کات نابیسیت
کاژێری خوێن
لە مەچەکی خۆ دەکەیت و
بە هەورازی بێ گوێییدا
ڕووەو شێوی کوژانەوە
گلۆر و شۆڕ دەبیتەوە
چرای دەستت
چەپکێك گوڵی تاریکییەو
بۆ خواوەندی ترسی دەبەیت
بە ڕێگەوە

سەر لە بنکەی تۆقین دەدەیت

هەڵ لەرزین و

خۆکرکردن

بۆ خۆت دەکەیت بە پێناسی کاروانی ڕێت

ڕێت درکی مێژوو

تەنیویەتی

کاروانیشت بە دوو چاوی کوێریشەوە

قۆرتی ڕێباز

دەتەکێنێت

خەو پریاسکەی شرو شۆڵی دەواری کۆچەرە

سەرماو سۆڵە

پێی فێر بووە

لەنێو خودی خۆیەتیدا

دەستەمۆیە

بەردی ساردی ژێر پێیانی ژیلەمۆیە

شلکەی ڕانی کیژە کەڵەگەتی

ئەو هەرێمەت

لا مەبەستە

مەلی چێژی دەستە دەستە

بەسەر گوێ قەراغی پەستی ئارەزووتدا

هەڵدەفرن

هەر دەڕۆیت و هەر دەڕۆیت و

بە سەرچاوەی دوێنێ ناگەیت

لە ڕێبازی وشکی ئەمڕۆت

توورە دبیت

بەناو جەرگەی دارستانی نامۆییدا

تێدەپەڕیت

گورگی بەفر

گەلە کۆمکێی ڕێت لێدەدەن

گازی هەناسەت لێدەگرن

بۆچی ناچیت

ئەو پەنجەیە هەڵوەرێنیت

ڕستەی نەمامی گورج سڕیت

بۆچی ناچیت

ئەو ئاسمانی گەردەلوولە پاك کەیتەوە

چاوی هۆشی

لێ کوێر کردیت

بۆچی ناچیت

ئەو دڕکەیە بسووتێنیت

ملوانکەی نوێی

لە گەردنی زامەکانت هەڵپەساردو

قەتماغەی خۆی لێ ون کردیت

تۆ ئەسپێکی بەبێ حیلکەیت

ڕمبازێی ڕێت لێ تۆراوە

دەنگی ئاوزەنگیت خنکاوە

ناڵی باڵی بێ بزماریت

هەڵکەنراوە

دەنگی دەنگت لەناو ناخی خودی خۆتدا

سووتێنراوە

بڕۆ بڕۆ

خەونەکانی ئەم ڕۆت زین کە
بڕۆ بڕۆ
هەتاوی ڕێ جێت ناهێڵێت
بڕۆ بڕۆ
ڕوو لە زین کە
سەر لە بنکەی خەونت بدە
با سەرچاوە لێت نەتۆرێت
چۆڕەی ئەشکی پەرێشانی لێ دەتکێت
چاوەڕوانی کڵاوکۆڕنەی زستانیتە
تا فەرەنجی بەرگەی سەرمای مێردەزمەی
تەمەن بگرێت
ڕێی خەونامەی خۆت بەر مەدە
گڕی شێتی
لە تەمەنی خۆت بەر مەدە
تەمەنی تۆ
چیای سەختی بێ هەورازە
چاوی ڕازە
دوور دەڕوانێت
پێ هەڵدێنێت
ناونیشانی ڕستەیەکی دوو وشەیی
لێ نووسراوە
زەماوەندی شاری دڵی
لێ گیراوە
تەمەنی تۆ خۆی ئاگرە
خۆی پەنگرە

گڕی ژیلە دەسووتێنێت
لەناو پەڵە هەوری ژیندا
ئاوی پشووی بێ پەژارەت
بۆ دەهێنێت !!

بەغدا ١٩٨٧/٩/٢

# پەنا

(لەکاتی ئەنفالەکاندا نووسراوە)

ئەم شەو سەری گێژم
ئاوایيەکی ڕووخێنراوە
هەست و نەستم
دارتێلێکی ئەو گوندەیە
درەختێکی ئەو دێیە
هەر بە پێوە سووتێنراوە
ئەم شەو دڵم
مزگەوتێکی بە دینامیت
تەقێنراوە
خوێنی سووری
پەڕەی سپی قورئانێکە
پەڕ پەڕ لەناو گڕی ڕق و قیندا
بە بەرچاوی (خواوەند)ەوە
دڕێنراوە
ئەم شەو
چاوی هۆشم
چاوی کۆرپەیەکی چوار ساڵەیە
بەدەم نووکە نێزەی پۆستاڵ لە پێ

درندانە هەڵدڕاوە

ئەم شەو گیانم

ئەو قۆرتەیە هاوار دەکات

چەندین پیرو ژن و ساوای بێ تاوانی

بە زیندوویی تیا نێژراوە

ئەم شەو ئەم پەنجەیەم

مرۆڤێکە

لەناو جەرگەی مێژووی ڕۆژدا

شاران بەدەر دەرکراوە

ئەم شەو خوێنی گیانم

خوێنی گەشی ئەو پیرەیە

لە ئامێزی ماڵی خوادا

بە باوەشێك قورئانەوە

خوێنی دڵی ڕژێنراوە

ئەم شەو ژینی ناهەموارم

تاڵە داوە

لەبەر زەبری درندەیی و دڵ ڕەقیدا

داپساوە

ئەم شەو کەس نەماوە

پەنای خۆمی بۆ بهێنم

بگرە خوای ژیانیش

ئەم ناوچەیەی جێ هێشتووە

ڕکی زۆری لێ هەستاوە

– ئەدی چی بکەم؟

هیچ ڕێیەکم لا نەماوە

تەنیا چەکێك هەمبێ و مابێت

وا دەمبینن

پەنجەی هێزم

لەسەر بەلەپیتکەی بەرنەداوە ! !

هەولێر ١٩٨٧/٦/٨

# نوشتەی مەرگ

چوارچێوەی ئەم بیرچوونەوە تەم و مژە
چوار دیواری بێ پێناسن
ئافرەتێکی گەردەلوولی گوزەرێکم
پێ ناناسن
درِك و دەرزیو زەردەسیری
بەسەرهاتی سەهۆڵم
بۆ هەڵناواسن
کەی ئەم خەونە کوژراوە
ڕادەچەنێت؟
کەی ئەم بەفری بێ هەتاوە
بە هەورازی خەمۆکیدا
هەڵدەزنێت؟
بۆ نابینم
چەتری نسار
کەی سێبەری سۆز دەهێنێت؟!
کەی پێنج پەنجەی شایانی ڕۆژ
بەسەر قژی
ئەم دڵەدا ڕادەهێنێت ؟
ئەدی ئەوە ڕك و کینەی خەمی ڕەشە
کەوتووەتە چاوی هۆشم ؟
ئەوە دڕکی کینەو ڕکە
چەقیوەتە گیان و جەستەی

پەنجەی کۆشم ؟
بۆ پەنجەیەك نادۆزمەوە
لە ئاستی ئەم بێ دەنگییە داهۆڵەدا
چاوی گورگ
هەڵبکۆڵێت ؟
لە ئامێزی ورتە ورت و
دەنگی بەرزی هاوارێکدا
ئەسپی نیاز توند تاو بدات
پەنجەی ئاوزەنگ هەڵبڕێت ؟!!
پەردەی قەپ و قڕی
بە یەکجاری
لەناو چاوی جریتبازی و
غارغارێنی بە ئەنجامدا
هەڵبدڕێت ؟
ئەوەتا وا لەبەر چاوە
ئاسمانی ڕێ پاڵ کەوتووە
لەسەر نوێنی زبری مێژوو
بۆی نوستووە
توخوا ئاگەی مەهێننەوە
خۆر سووتاوە
تۆتکەی گێتی هەر نەماوە
ویژدانی ڕەش
بە نەگریسی دەوارە شڕەکەی خۆیی
لێ هەڵداوە
بەسەر شاخی بێ شەرمیوە

داكوتراوه
ئەدی ئەمە گێتیی پێکەنینە
یان هێلانەی زەردەواڵەی
مرۆڤ کوژە ؟
بنکەی خەونی نازەنینە
یان بەدڵ و ئاوات دژە ؟!!
ڕوو شیرینە
یان بەرانبەر چی ئارەزووی گەشاو هەیە
مۆن و درژە ؟
بە ئامێزان
گوڵی ژیان دابەش دەکات
یان ژین کوژە ؟
نەتان دیوە
دانی لێ جیڕ کردووەتەوە
ڕەنگ و دەنگی
لە کۆرپەڵەی دڵی گشتمان
سەندووەتەوە
تێدەڕوانن
بەبەر چاوی شەقامەوە
ڕێگەی خۆتان هەڵدەواسن
چاوی شەقامتان کوێر دەکەن
ئاوی نەمامتان سوێر دەکەن
سا ئاوڕێك بدەنەوە
جۆگەکانتان هەڵبواسن
با ڕەزەکان

سەرچۆپیی خەون
دامەزرێنن
نەڵێن : ئێوە بێ مانشێت و
بێ پێناسن
دەتانبینم دەتانبینم
ئەژنۆی مێژوو دادەدەن و
پەنجەی ناخیش وا دەگەزن
گەردانەی سەد پەشیمانی
لە گەردنی ژینتان دەکەن
بەسەر پردی خوێنی ڕێدا
تێدەپەڕن
بەرانبەر بە بووکی سپیی زاوای هەتاو
چاوو نیگای هۆش و ئاگەی ئۆقیانووستان
دەنووقێنن
جل و بەرگی سەد ساڵەی خوو
تەنیا بە چاو ترووکانێك
دەسووتێنن
ئەدی ئەمە گێتیی غەمە
یان زنجیری هەر ستەمە
چەقیوەتە بیری ئێوە ؟
هەر بە پێوە
نوشتەی مەرگ
بۆ سەرجەمی سەربوردەتان
دەگرنەوە
نەك هەر سەد جار

هەزاران جار

دەمرنەوە

دەمرنەوە

دەمرنەوە !!!

بەغدا ١٩٨٧/٥/١١

# تێك ئاڵان

سەری ساڵە، زستانی هار
لەوپەڕی شار
گۆبەندی ڕێی بەفرانباری
لێ هەڵداوە
تۆف و زوقم
شێوەی ڕەشی ناهەمواریان
لە خوم ناوە
ئەدی ئەوە قەلەڕەشکەی برسێتییە
لەو ناوەدا
لە قوڕگی ڕۆژ هەڵزناوە؟
یان مشتۆکی دوا خەنجەری هەڕەشەیە
لەقەد باڵای ئەم شارەیەم
تێك ئاڵاوە؟
درم و پەتای سەدەی درۆی
تێبەرداوە
شوێنەواری پەڵەی ڕەشی
لەسەر لەشی
بەجێ ماوە؟!

١٩٨٨/١/٣٠

# چەند کۆپلەیەك بۆ نەورۆز

وێنەیەك
( پیرەمێردێکی ڕیش سپیی مێژوو،
لە ڕۆژگارێکی زۆر دێریندا بوو
چەپکێك نێرگزی گەشاوەی پێ بوو
لە چیای بەرزی حەساڕۆستەوە
بۆ شاری گڕو تێکۆشان دەچوو
بەستەی سەر زاری
مژدەی بەهاری
نەورۆزی شار بوو)

(١)
نەورۆز خۆری مێژووی شارە
بەو بەهارە
بە چەکوشی ئاسنگەرێك
مژدەی هێنا
کاوەی دێرین
بە بازووی خوێن
مژدەی خەباتی داهێنا
چەکوشێکی توندی وەشاند
مێشکی ستەمگەری پژاند
گڕی مژدە
لەسەر لووتکەی چیای مێژوو
بەرز بەرز هەڵچوو
کۆشکی ستەم

لە باوەشی دارستانی خوێن مژیندا
تا هەتایە
گڕی تێچوو
(٢)
نەورۆز ئەو ئەسپەیە
بەناو دێڕی مێژووی شاردا
دەحیلێنێت
بە شارێگەی کاروانێکدا
هەر غار دەدات
چەپکە نێرگز
بۆ قەد یاخەی بەهار دەبات
(٣)
کاوەو نەورۆز
ئەو جمکەیەن
هەردوو بە دوو
لە یەك ڕۆژی مێژوودا بوو
ناویان کەوتە سەر لێوو زار
ڕەنگ و شێوەی سەوزو گەشیان
هێنایەوە
بۆ ڕوومەتی بووکی بەهار
(٤)
چەکوشەکەی دەستی کاوە
مێشکی ئا ئەو ئەژدهاکەی پێ پژاوە
لەناو کۆشکی ستەمدا بوو
خوێنی لاوانی فڕدەکرد
لە نەورۆزدا

کاوەی خەبات
لەسەردا هات
بیَ دەنگی کرد
(٥)
نەورۆزی کورد
دێڕی مێژووی ڕێی خەباتە
لەم وڵاتە
بەخوێنی دڵ تۆمار کرا
چرای ڕوونی
لە ناخەوەی دڵسۆزانی ئەم خاکەدا
گەش هەڵکرا
(٦)
ئەی نەورۆزی بڵێسەی کورد
لەسەر لووتکەی
چیای خاکی دێرینەوە
با گەشەت بێت
ئاسۆگەی خاك
ڕوون کەرەوە
گشت سەردەمێك
دەنگ و باسی چەکوشەکەی کاوەی خەبات
بۆ دانیشتوان
بۆ گشت جیهان
ببەرەوە ! !

هەولێر ١٩٨٨/١/٢١

# نەورۆزی گڕو نێرگس

لەسەردا هات

مژدەبەری ڕێگەی خەبات

پیرەمێردی ناخی مێژوو

مژدەی هێنا

زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو

هاواری کرد

وا هاتەوە نەورۆزی کورد

سەری وەرزی هەڵدایەوە

نێرگسی نوێ

لەقەد یاڵ و لێوار کانیی ئەم دەڤەرە دڵگیرەدا

ڕوایەوە

بەفری شاخ و لووتکەی بەرزی چی چیایە

توایەوە

ئاگری نوێ

لەسەر چیاو تەپۆڵکەو گرد

بۆ پێشوازی نەورۆزی گەل کرایەوە

قەدو باڵای خاك و سروشت

بە گیاو گۆڵەو گوڵی ڕەنگ گەش

ڕازایەوە

سەرماو زوقوم سەریان هەڵگرت

ئەم ناوچەیان بەجێ هێشت و

ڕەشەباو تۆف

بارگەی خۆیان پێچایەوە

لە ناخەوەی گشت دڵێکدا

گڕی نەورۆز
کرایەوە
ڕێز لە مێژووی خەباتی ڕێی
(کاوە)ی نەبەرد
نرایەوە
سروودی نوێ
بە زاری پڕ زەردەخەنەو
شادومانی گوترایەوە
***
نەرۆزی کورد
ئەو بڵێسە ئاگرەیە
لە سەر چیای مێژووەوە
بەرزو بڵند دەبێتەوە
تا ڕۆژگارو گەردوون مابێت
لەهەڵچووندا
کپ و بێ دەنگ
نابێتەوە
کە بەهار دێت
لە کوردستان
نێرگزی گەش شین دەبێت و
مژدەی نەورۆز دێنێتەوە
ئەو گڕی نوێ
دەبێتەوە ..
دەبێتەوە
دەبێتەوە !!

هەولێر ١٩–١٩٨٨/٢/٢٠

## ئاگر

ئەم ئاگرە تاوانبارە
بەم بەهارە
چەندان گوندی هەستی ناسکی
سووتاندووە
ئەم ئاگرە تاوانکارە
لەم بنارە
چەندان کوڕی کاکۆڵ زەردی
ڕفاندووە
ئەم ئاگرە تاوانبارە
چەندان گوڵی
دڵی تەڕی
ڕژاندووە
ئەم ئاگرە تاوانکارە
چەندان ناخی
بە دەماخی
تۆراندووە
ڕۆژێکی بێت
سنکی بکەین
لە سێدارەی کپ کردن و
کوێری بدەین!!!

## وشه

ئەم وشەیە
ئەو نێزەیە
توندو تیژو بەهێزەیە
چاوی ستەم
هەڵ دەکۆڵێت
هۆرەو بەستەیش
بۆ چناری باڵای خاکی
داربەڕووی گڕ
خێرا دەڵێت !!

## ڕووبار

ڕووبارەکان
هاوڕێی ژینی هەناسەمن
داڵدەی تافی
گشت تاسەمن
دەنگ و باسی خەونی یارم
بۆ دەهێنن
چاوی ڕەشی پێناسەمن
کەوی کەنار
بۆ دەستی یار
ڕادەهێنن !!

## ڕێگر

ڕێگرەکان
ناتوانن ڕێی دڵم بگرن
لە ئەوینی خاکی باوباپیران
ڕووت و قووتی بکەنەوە
ئەو ئەوینە وا ڕۆچووە
ڕەگ و ڕیشەی
تا ناخەوەی ناخم چووە !

## چرا

نەورۆز چرایەکە
بە دوو دەستی هەستی بەرزم
پێم کردووە
بڵێسەکەی تا بەرزایی چیاو ئاسمان
توند هەڵچووە
پەڕە پەڕەی
مێژووی هەوڵ و
تێکۆشانی ئەم دەڤەرەی
بە ڕووناکی پرشنگداری
بێ ئەندازە
ڕەخساندووە ! !

١٩٨٨/٢/١٩

## بین

من بیرێکی بێن درێژم
تەمەنی ڕۆژگار دەنێژم
لە گلێنەی چاوەزاردا
مرواریی خەون
هەڵدەڕێژم
تۆ ئەو بیرەیت
کە بڕ ناکەیت
بگرە زامی پەنجەی دەستی
ژینی خۆیشت
هیچ سڕ ناکەیت
من ناونیشانێکی پڕ برووسکەم
پەڵە هەوری سۆزی گەشم
ئەوترووسکەم
ڕووی بریسکەی هیواکانم
نیشان دەدەم
پەنجەی ئاوات
بۆ ڕوومەتی ئەستێرەی خەون
ڕادەکێشم
تۆ پەرتووکی بەرگ ڕازاوەیت
بێ ناوەرۆك
لە ئەو ناوەیت
کە بەرگی خۆت فڕێ دەدەیت
تەمەنی خۆ بەڕێ دەکەیت !!

١٩٨٨

# گەردەلوول

دەڕۆیت
بەر ناکەیتە دواوە
دەڕۆیت
بە پسکە پسك لە پەناوە
پەنجەو نینۆکی خوێناویت
بزمارێکن
بە نێو لەشی مێژووی ڕەشدا
ڕۆچوونەتە خوار
دەڕۆیت
خەونامەکەت
پەڵە هەورێکی گەواڵ گەواڵی دەڤەرێکی تەریکە
هەر خەریکە
ئەژدیهای ترس
بەسەر کێڵگەی دڵە تینووەکاندا
دەبارێنێت
هەنگاوە زەردۆڵەکانت
چزی کۆلاژدمی بیابانە
چزەی قڕان
لە پەنجەی هەزاران هیوای هەتاو
هەڵدەستێنێت
نینۆکی خوێناویت
بە ناو چاوی مێشکی سەردەماندا
چووەتە خوار
نە لەش ماوە

نە ڕێ و دیوار
بەرگەی بزە زەردەکانت بگرن
لە دارستانی ژیاندا
تیری پلارت تێنەگرن
دەڕۆیت
پەشیمانی
ئەسپی بێ نازی ڕۆیشتنە
پێکی ژەهری خۆکوشتنە
لەسەر شۆستەی ئەم چەرخەدا
هەڵی لووشە
ڕۆژت تووشە
گۆچانە چەوتەکەت هەڵبگرە
بزەی زەردی ئەوسا تووڕ دە
جلی ئاڵاو واڵا بسووتێنە
شەیتانی ڕق
لەناو گۆشەی ڕدێنی بڕاو
دەربهێنە
ماسییە تێنووەکان
چاوەڕوانی
ئاوی ئۆقیانووسن
خۆیان ناون
چارەنووسن
گەرای بەجەرگییان
بە جۆگەڵە تافەکاندا
پەرت و بڵاو دەکەنەوە
لەسەر بەفری بناری چیا

دەنیشنەوە
گەرا دەخەن
گەردانەی خەون دەهۆننەوە
دەزووی بیرە تیژەکان
دادەهێنن
کۆتری باڵ نەخشینی کۆرپە چاوکاڵەکان
ڕادەهێنن
خۆر دەهێنن
دەڕۆیت
زنجیرێك نەفرەتی قورست
بە دواوەیە
وشەکان بێزیان لێت دەبێتەوە
پیتەکان
ڕقیان لێت دەبێتەوە
لەناو گۆڕی مەرگدا
خۆت حەشار دە
کێلی نائەمەکی
بۆ تەنی خۆت هەڵبواسە
کەس ناتناسێت
کەس مەناسە
پەنا مەبە بۆ هەناسە
خورپەو تاسە
باش دەتناسن
تۆ ئەو ڕاوچییە بێ ئەمەکەیت
قاچی ئاسکۆڵە زەنگ زێڕینت
بە تاوێری کینە

شکاند
تۆ ئەو مەل کوژە بێ بەزەییەیت
بێچووی کۆترە باڵ سپییەکەت
لەناو هێلانەی ئارامدا
لە خوێن گەوزاند
تۆ ئەو داودانەرە ڕەزا قورسەیت
داوی قاچی کەوە دەنووک ئاڵەکەت
هیچ نەپساند
تۆ ئەو باخەوانە دڵ ڕەقەیت
دایکی دارخەڵفەکانت
هەموو سووتاند ! !
دەڕۆیت
جۆگەڵەی قین دووت کەوتووە
شوێن پەنجەکانت
دادت نادەن
وشە لەرزۆکەکانت
بە هاوارو دەنگتدا ناگەن
مێژوو
چاڵی نەفرەت و بێزی بۆ هەڵکەندوویت
چی دی چرای تاریکی هەڵمەگرە
ماچەکان تەوس دەیانباتەوە
گرێکان
پەنجە نەرمەکان دەیانکاتەوە
دەڕۆیت
لەناو هەستی هیچ خامەیەکدا
ڕێ و جێت نابێتەوە

دەڤەری ئەوینت
گڕ تێبەردا
پەیمانی دڵداریت
خێرا سووتاند
کۆشکی بەڵێن و ئەمەکداریت
یەکجار ڕفاند
چی دی چرا
تیشکی گەشت
بۆ پێ ناکات
چی دی هەستی ناخان
بۆت هەڵ ناکات
چی دی خامەی نەبەز
سترانت پێدا هەڵنادات
دەڕۆیت
ڕێگەت هەورازی نەهامەتی و هەڵدێرانە
چارەنووست
نائومێدی و
وشەی ڕەشی سەرسوڕمانە
خەونەکات بێ قەوارەو بێ دەوارن
گەڵای سیس بووی
بن هەزاران هەزار دارن
ڕەشەبای ئەم سەردەمەیە
هەڵدەکات و
تووڕیان دەدات .. تووڕیان دەدات
گەردەلوولێك هەڵدەکات و
بەرەو ئاسمانی بێ بن

تووڕیان دەدات
خۆت دەبینیتەوە
دەڕۆیت
دەڕۆیت .. دەڕۆیت !!
لەچاو ون دەبیت و
بێ پرووسك و بێ ئێسقان
دۆش دادەمێنیت
گەردەلوول ..دوای گەردەلوول
هەڵ دەکەن و
دەتڕووتێننەوەو دەتڕووتێننەوە
ناوو
چاوو
لەش و
بەش و
خەونەکانت
هەموو لێ دەستێننەوە
لەناو قۆرتی مێژووی تاڵدا
بێ کێلە بەرد
هەناسە سەرد
جێت دەهێڵن و دەیەنەوە !!!

١٩٨٨/٧/٢٩

# پەڵە

تەنیا
دیوارەکان تێت دەڕوانن
هەراسانی
پەژارەی شەوو ڕۆژی ژینتە
مەرگی کاتە
پێکەنینتە !!
هەناسەو تاسەو ئەشکی کوڵ
چاوەڕوانن
گەردانەی گەردنی زەردی وێنەکانن
کە ئێوارەی خەفەت دادێت
ژان و ئێشە
لە دەروون و لەبەرماڵی وریاییتدا
هەڵدەپەڕێت
ئامێز بۆ دووکەڵی خەون
دەکەیتەوە
چنینی تەون
بزمارێکی یادگاری بێ هاوەڵە
لە ڕیشەی هۆشت گیر دەبێت
خوێنی فرمێسك
ڕووباری چاو
دادەچێنێت
هەتاو

پەڵە هەورێکی بەر ڕەشەبای وەرزە

تەرزە

ڕاگیر ناکات !

بیری پەپوولەکان

ژەمی هەموو دەمی خەونەکانتە

لەگەڵ بیرەکاندا

لێك دەئاڵێیت

تامەزرۆیی گڕ دەگرێت و

هەناوی ناز گورج دەسووتێت

پەنا بەر ڕێ دەبەیت

بە دیواری بیردا

خۆت و گۆچانە لەرزۆکەکەت

هەڵدەسپێریت

سردوودەکان ڕووت تێناکەن

شەماڵەکان

گوڵاڵەی دەم بەیانیانت

بۆ ڕاناخەن

چاوە گەشەکانت

بۆ پێ ناکەن

– کەی ئەم نشێوە هەورازە نەتۆراوە

تەخت دەکەیت

کەی ئەم ئەستێرە

دوورخراوە

چنگ خۆ دەخەیت

کەی ئەو ملوانکە نەپچڕاوە

لەگەردنی ئاسکۆڵ دەکەیت
کەی پرشنگ بۆ چاو دەبەیت
سێبەر تووڕ دەدەیت و
ناهەمواری لەدار دەدەیت
ئەم هەناسەی تۆی بە ئاگە
بۆچی بڕ ناکاتە دیوی درزتێکەوتووی
دڵ شەق بردووی
هەناوەکان
تاکەی چاوی پەشیمانی
لە دووڕیانی پەژارەدا
دێنیتە گل!!
بۆچی تاوێری زل
لەبەر قاچی تەمەنتدا
ناخەیتە پل
تۆ گەڵای قەدی ئەو باڵایەیت
داگەڕاوە
ژووری هەستت
تێك خنکاوە
یەك خڕۆکی سوورو سپی
تیا نەماوە
دە هەڵسە دەی
لەوێ تاکەی
بە دەستی زوڕنای گۆپاڵەوە
چەپڵەی بێ دەنگ
بۆ دەروونی ناخ لێ دەدەیت

تاکەی هانات
بۆ شمشاڵی بێ ئاوازی
دەبەنگ دەبەیت
ئەو گەردنە تێپەڕێنە
تێپەڕبوونی تیپە بێ دەنگەکان
بتاسێنە
شەو مۆتەکەی پەشیمانی
دروست دەکات
با سەرمای دڵ
جەستەی خوێنی وشەکانت
نەمەیەنێت
سواری پشتی ئەسپی گڵ بەو
بە دەروازەی بارانێکدا
تێی تەقێنە
لە پێدەشتی ورووژاندا
پەڵە بدەو
سوێسك و کەوو کوڕکوڕەکان
گشت ڕابێنە !!

١٩٨٨/٩/٢٧

# كورتە هۆنراو

## زام

زامت دوو چاوی ئەشك
تێ زاوی
ئەم سەردەمەن
كە گڕ دەگرێت
هەر هەڵدەچێت
هەر هەڵدەچێت !!

## ڕێ

ڕێگەت گالۆكێكە
پیرەمێردێكی كەنەفتی بێ باڵ
بێ یادگارو
بەبێ سیپاڵ
لەبەردەمی بای سەردەماندا
ڕایگرتووە
ڕەنگی مەرگی
لێ نیشتووە !!

## خۆت

خۆت لە خۆت بزر دەكەیت
كە دێیتەوە
هەر بزریت !

## ئاو

ئاوەكانت ڕاناهێنیت

که سەر لە ڕێی کانیاو دەدەیت
جۆگەکانت
دەرباز دەبن
پەنا بۆ گەردنی ڕووبار دەبەیت
زەریا دێت و
ئاوان لە ئاو دەتارێنێت !!

## پاییز

قژی هۆنراوەت شانە بکە
با گەڵاکان هەڵنەپڕووکێن
وشەکان دێن
وەرزی پاییزان ڕاو دەنێن
گەڵا زەردەکان
گشت دەتۆرێن !!

## وشە

لە ئامێزی وشەی دڵدا
ون دەبیت و
لە شەقامی وشەی زاردا
خۆت دەبینیت
دەژێیتەوە
هەنگاوی نوێ دەنێیتەوە !!

## ڕەشەبا

خۆت ڕەشەبایت
بە زستان و تۆف و سەرما
هەڵ دەکەیت و
هەر بە تەمایت

**گڤە گڤ و هاژە هاژت**

**هەورازەکان بگرێتەوە**

**چەم و دۆڵ و جەنگەڵەکان**

**تێکەڵ ببن و**

**دەرگەی پەڵەت**

**بکرێتەوە !!**

١٩٨٨/٩/٩

# تیشك

دایكم ڕۆیشت
خەونی تاڵی بۆ جێ هێشتم
خوێی سەردەمی ئەو هەورازەی
بۆ هەڵڕشتم
پەپوولەی گەشبینی ئەم دڵەی كوشتم
لە بەهاری تافی گوڵدا
ئەشكی چاوی پاشەڕۆژی
ژینی ڕشتم
لەسەردا هات
ڕەشەبا بوو
پڕ گێتییەك هیوای سەربڕاوی
لەگەڵدا بوو
تاوێرێكی غەمی هێنا
تووڕی دایە
سەر گازەرای پشتم
گشتم بوو بە بەش و
بەشم بوو بە گشتم !!!
***
باوكم
ڕازێكی بێ باڵی بۆ بەجێ هێشتم
كەشكۆڵێكی پەندی پێ بوو
پڕ دوو گێتی

تۆوی هێمنی ڕێگەی دەچاند
کەف و کوڵی دڵی دەمراند
نەخشەی ماچ و مژدەی گەشی
لە تەوێڵی ڕۆژ دەنەخشاند
باوکم
هات و ئاواتی چاند
فێری ڕێگەی ڕوونی کردم
دەستی هەستی بەرزی گرتم
بەرەو لووتکەی ناوی بردم
کە ڕۆیشتیش
چەپکێك گوڵی باخم نەبوو
لەسەر کێلی گڵکۆی دانێم
پۆلە کۆتری وشەم هێناو
بەسەر گیانی نەمریدا
بەرەڵام کرد
پۆل بوو بە ناخی کوڕ
لەبەردەمی باوکیەتیدا
کڕنووشی برد ! !
باوکم هات و
پڕ گێتییەك خەونی پێ بوو
چوارچرای نوێی ڕێگەی هێنا
دەروازەی ڕۆژ
ڕوون کاتەوە
خەرمانێکی پڕ لە ڕازی
کامەرانی بباتەوە

ڕۆژێك گوتیان
بە ئاسمانی ئاواتەوە
هەتاو گیرا
هەواڵیان برد
دەبێت چوار چراکە
گورج ببنە پرد
کار لە کار ترازابوو
پەژارە لە شادی زابوو
دەستی مەرگی ناقۆڵا هات
لە گەرووی گڕ
چڕنووکی گرت
کۆچی پێ کرد
چوار چراکەیش بۆی بوونە ناو
بۆی بوونە پرد !!
***
باوکم
وای ڕاهێنام
سواری پشتی
کولەمەرگی ژیان ببم
بە هەورازی نەهاتیدا
هەڵبزنێم
دەستی دڵم بۆ گەردنی ڕۆژ
ڕابکێشم
لەبەردەمی بای وەرزاندا
هەناسەی سارد

هەڵنەکێشم
ڕەگ و ڕیشەی ماندوویەتی
لە فەرهەنگی گوزەراندا
هەڵبکێشم
ڕەنگی گەش و
دەنگی خۆش بۆ ئاواتە دێرینەکان
بگرمەوە
لە سێبەری پەرژینی داڕووخاندا
دانەنیشم
باوەش و کۆش بۆ مەلی هۆش
بگرمەوە
هەموو دەمێك
وێنەی هەتاو
بە گوڕو تاو
لە ئەلبۆمی هیواکاندا
بگرمەوە
لەبەر گڕی سەونەکاندا
چاوی هۆشم نەترووکێنم
تا خەون دێت
مژدەی باوەگەورەی لێ دەستێنم
لە گشت وەرزێکمدا
بەهارێکی سەیران و گەشت
دامەزرێنم
باوکم وای ڕاهێنام
چاوی پشکۆم لە ترس و لەرز

نەترووكێنم
پێی ڕاستگۆیی
بەسەر پشتی دەلەسەدا بڕەتێنم
دڵی وزەم
لە ڕاستی شێر
نەنووقێنم
ڕاستییەكان
گەرچیش تاڵ بن
دڕك و داڵ بن
پێی بەجەرگی و ئازاییان
پێدا بنێم
بڕۆم.. بڕۆم
تا دەستی دڵ
بە پەرچەمی یاردا دێنم
باوكم وای ڕاهێنام
مۆمی تەمەن
بۆ كۆرپەكان بسووتێنم
وشەی ماندوویەتی
لە فەرهەنگی ئەم ژیانەم
دەربهێنم
بڕۆم .. بڕۆم
ئەسپی شادی
بەگوڕ بێنم
لە سایەیدا
كۆرپەكانم بلاوێنم

باوکم وای ڕاهێنام
یەك ساڵە ڕێ بڕۆم
لە دەروازەی ناکەسێکدا
تەفرە نەخۆم
تا دەگەمە سەرچاوەی ژین
دڵی خۆمی تێدا دەشۆم
باوکم وای ڕاهێنام
ببمە هەتاو
بە خۆرە تاو
تاریکییەکان ڕوون کەمەوە
ببمە تیشك و قوربانیی ڕێ
دڵ و مژدە بۆ دایکی خاك
ببەمەوە
ببەمەوە
ببمەوە !!

١٩٨٨/١٢/١٨

# دیوار

درەختێکم
کۆنە مشتووی تەور دەستم
هەر لە خۆمەو
خۆم خۆمی پێ دەبڕمەوە
ئاگرێکم
گڕی بڵێسەی بەرزی خۆم
خۆشتر دەکەم
دەنگی خۆم کپ بکەمەوە
تفەنگێکم
تەوێڵی خۆم نیشانەمەو
گوللەی کوشندەی تێدەگرم
چرایەکم
سووتەمەنیم هەر لە خۆمەو
گڕی خۆمی
پێ کپ دەکەم
من دەنگێکم
بە دەستی خۆم
بینەقاقای بێ دەنگی خۆم
دەتاسێنم
دیوارێکم
شوورەی پۆڵای دێرینەی خۆم
بە چەپۆکی نەزانانەی سەردەمی خوێن
دەڕووخێنم ! !

هەولێر ١٩٩٠–١٩٩١

# وشە

کە باوکم ڕۆشت
گەردوونێکی پڕ لە وشەو
جیهانێکی تژ ڕاستگۆیی
خۆشەویستیی خاك و خۆڵ و
ڕەوشت بەرزی
بۆ جێ هێشتم
***
کە باوکم ڕۆشت
چەندین ئامێز لە ئەستێرەو
ئاسمانێکی بێ سنووری تژ لە مانگ و
شیرین ترین میوەو
چەپکە بیری جوان ڕووناك و درەوشاوەو
بە تەوژمی بۆجێ هێشتم
لە سەرچاوەی دەنگ و باسدا
شەپۆل بدەن !
***
کە باوکم ڕۆشت
گوڵ و شەوبۆی ئەو تاقیگەی
بۆ جێ هێشتم
پەند ئامێزە
ڕێی کانیاوی بە سێبەری
سەربڵندی پێ نیشان دام

چەندین کلیلی دڵسۆزی دایە دەستم
تا دەروازەی زامەکان گشت
ئاواڵە کەم
***
کە باوکم ڕۆشت
مەرەکەبی ئەم خامەیەی
بۆ جێ هێشتم
نهێنی توێی بیرو دێڕو
ئەم زمانە زۆر دێرین و
زۆر شیرینەی
بۆ جێ هێشتم
هۆرەو بەستەی سەردەمەکان بڵێمەوە
تەلیسمی باوباپیران
بکەمەوە !
***
کە باوکم ڕۆشت
بەرەو کۆشکی کێش و سەروا
نەخشەی دێڕی چامەکانم
دەستی گرتم
ڕێی نهێنی دوو توێی بیرو
ڕستەکانی پێ نیشان دام
تا وام لێ هات
لە نێو خاکی باپیراندا
سنوورێکی لێکترازان
لە نێوانی خۆم و سەرواو وێنەکاندا

نەمایەوە

***

کە باوکم ڕۆشت

ناونیشانی نەبەردی بۆ بەجێ هێشتم

سەربەرزانە

بە ڕێگەدا

بەخامەوە

دەڕۆیشتم

پێکڕا هەموو هاتنە دوان

نهێنییان خێرا درکاندا

هەموو زاریان بەشاندەوەوگوتیان

وا شەپۆلی گشت چامەکان

سەری ڕێزیان

بۆت دانەواند... بۆت دانەواند ... بۆت دانەواند !!!

هەولێر ١٩٩١

# بەسەرهاتی ئاوێنە

مێژوو
لەناو چاوی ڕۆژی مندا
دیار نەبوو
دێڕ دێڕ
درۆو دەلەسەی زل
بە تەوێڵی گرژو مۆنی
پەڕپووتیەوە
هەڵواسیبوو
ڕاستی گۆرپەیەکی ئیفلیج بوو
گڕو گاڵی درکاندنی لێ تۆرابوو
خەونی گەشی
هەزار ساڵەی بە داماوی
لە کۆش نابوو !
***
بەسەرهاتی بێگەردیی من
لەکەیەکی ڕەشی
نێو تەوێڵی گرژی شارە
شار .. خەرمانێکی سووتاوە
لەجێ ژوانی
دڵ ئەستێنی چەرخی دووردا
دانراوە
کەی شار

جلّەوی هەناسەی بەر دا
ئەو کات
خەونی لافاو
بە هورژمی بێ دەنگەوە
قەوارەی خۆی
دروست دەکات
فرمێسکی ڕۆژ
لە تاسووقی دەست لە ملانێی ڕێدا
پاك دەسڕێت
قۆناغ .. قۆناغ
تیشکی هەزار  ساڵەی
خەون دەبڕێت
***
درزێکی لوول
بەر هەناسەی دڵی گرتووم
سەد گەردەلوول
لە جەنگەڵی چڕی ژاندا
هەڵی گرتووم
بەپێ لەقەی سەختی ڕۆژگار
بە هاوارو قیژەی دیوار
درزێك کەوتە نێو دڵمەوە
درزێك کەوتە ژیانمەوە
درزێك کەوتە چاوانمەوە
درز زل دەبێت
درز زل دەبێت

ئێش و ژانی

تا جیَ ژوانی

دڵان دەچێت

تا ناو گۆشت و ئیسکان دەچێت

بە ژانەوە

دەتلێمەوە

درز لە دواری درز

هەناسە هەڵ ناهێنمەوە !!

***

ڕووی بیَ گەردم

بە گەواڵە لەکەی نائومێدی

پڕ بووەوە

ڕۆژی دروست بوونم

بیرچووەوە

ئەسپان هاتن

بەسەر زامی ئەم دڵەمدا

تێپەڕین و

سمی ڕقیان

لە دڵم سوو

گێژەلوولکەی غارغارێنیان

هەڵی کردو

دانەوێڵەی بەسەرهاتم

بوو بە سووتوو

گریان پەیام نەبوو

زریان ناونیشانی شەقام نەبوو

ترسیش

پەساپۆرتی ناکام نەبوو

شەوی تاریان

بەسەردا دام

ژەهری ماریان

بۆ هەناسە .. بەجێ هێڵام

درزی ژانم

ئوقرەی بڕیم

درز قووڵ دەبوو

بەناوچەرگەی دڵدا دەچوو

ئێش و ژانی دیوادەر بوو

نەخۆم دیار مام

نە هەناسەم .. ڕەنگ و تاسەم

نە بەسەرهات

نە ڕووی مێژوو ! !

***

ئێستەیش کە دەمبینن

درزێکی قووڵ

ڕووی تەمەنی داتەنیوم

بە ژانەوە

لە ڕووی مێژووی دەلەسەدا

بە خامەوە

ڕاچەنیوم ! ! !

١٩٩٠/٧/١٤

# ڕۆژهەڵاتیم

من ڕۆژهەڵاتیم ئاشق بە خۆرم
لەبەر پرشنگی تیشکی هەتاودا
چرۆم کردووە
بە گڕەو گەرما
ڕێگەی هەورازو سەختیم بڕیوە
ڕووەو ئاسۆیە
بڵندە سەرم !
من ڕۆژهەڵاتیم ئاشق بە خۆرم
لەناو دژواری و تینی خەباتدا
پەنجەم برژاون
سەرو ڕوخسارو بازوو و هەنگاوم
ڕاهاتووی بەردەم
تیشکی هەتاون
من ڕۆژهەڵاتیم ئاشق بە خۆرم
لە تەنیشت باڵای بەرزی منەوە
ڕۆژی نوێ هەڵ دێت
مژدەی ڕۆژگاری چڵی زەیتوون و
هێلانەی کۆتر
بۆ هەموو کۆرپە کاکۆڵ زەردەکان
بۆ هەموو دایکە ئەبرۆ ڕەشەکان
بۆ هەموو باوکە بازوو گەشەکان
لەسەردا دێنێت !!

من ڕۆژهەڵاتیم ئاشق بە خۆرم

هەر بە هەتاوە

من گۆش کراوم

تا لە ژیاندا

هەناسەم مابێت

لە پێناوی ئەم تیشکی خۆرەدا

هەنگاو هەڵ دێنم

لە ڕێگەی خۆردا

من لە دایك بووم

هەر لە پێناوی خۆریشدا دەمرم !

١٩٨٩/٦/٢٠

# دڵ و خورپە

دڵ داربەڕووی قەد یاڵە
توولە ڕێگەی پێچاو پێچی لاپاڵە
لە جوانی ڕووت دەڕوانێت !!
سروەی فێنکی شەماڵە
باڵای بەرزت
بە بەژنی ڕێك دەزانێت !!
دڵ سەهۆڵە
هاوارێکی کپی گەرووی کزۆڵە
دەنگێکی بێ دەهۆڵە
بێ نازی تۆ
بێ چریکەی ئاوازی تۆ
نەخۆشێکی شڕۆڵە
بۆ تیماری پەنجەکانت دەتاسێت !!
دڵ کۆرپەیە، منداڵە
بۆ ئامێزی نازەکانت
خەریکی گڕو گاڵە
ڕێی هێلانەی کۆترەکانی نێو باخەڵت
دەناسێت !!
دڵ .. بەفری سەر چیایە
سپی سپی
تەنیا وێنەی تۆی شا جوانی تێدایە
بە دیواری ئەویندا

جوان جوان هەڵی دەواسێت !!
دڵ خەونێکە، خەیاڵە
لە ڕۆژگاری بێ خەونیدا
تاسەیەکی بێ باڵە
بەرەو ڕووی نازەنینت
هەنگاوی خۆر
دەهاوێت !!
دڵ خورپەیە، هەواڵە
بەسەر وشەی دەنگ و باسی
ژانەکاندا وا زاڵە
ئامێزێکی گەرم و گوڕی
ڕووی ئاڵە
لەگەڵ تیشکی هەتاودا
پەنجەی گەرمی دەزەنێت !
دڵ شەونمی وەرزەکانە
کوشتەی نوێژی شێوانە
خۆریش هەڵبێت
لەسەر پەڕەی گوڵ ناتکێت !
دڵ گژو گیای کێوانە
دەشتی سینەی
کردووەتە هیلانە
مردەی بەهێ پێوانە
لە جووڵەی خۆی
لە بزەی خۆی
ناکەوێت !!

دڵ گەردوونە

ئاوێنەیە، ئەوەند ڕوونە

خوێنی گەشی تێدایە

ماکی ژین و هەبوونە

تەنیا وێنەی یار دەردەخات !!

دڵ مشتێکە، لە گۆشتە

خوێن هێنەری نێو کۆشتە

بە ئەوینی پڕو پۆشتە

هەر لێ دەدات

هەر لێ دەدات !!

١٩٩٠/١١/١٣

# چوار دڵۆپ ڕاز

ئەم شەو
پەرداغی ژینم لێوان لێو غەمە
چەمی هوشیاریم
سەرانسەر تەمە
بەناو دووکەڵی سەردەمی ڕقدا
دەخولێمەوە
بە ژەهری ماری چاوان بەستنە
هەر دەتلێمەوە !
***
ئەم شەو وشەی دڵ لە دڵ زیز بووە
ئەو زامە کۆنەی لە بیر نەچووە
خەوو ڕامان و
هوشیار بوونەوە
سێ مۆتەکەی ڕێی هات و نەهاتن
پێ دەهاوێنە
نێو گەردوونەوە !
***
ئەم شەو ڕاز لە دوای ڕازان
دەبێتە بەردی ڕێی بەردەبازان
سۆزی چراوگەی ئومێدی ژیان
کز دەبێتەوە

سروشتی کێوو هاوینەگەشتی
بەزمی دلّداران
ڕەش دەچێتەوە !!
***
ئەم شەو
شەوی نووتەکی غەم و پەژارە
چنگی ناوەتە بینی ئەم گوندو شارە
پیاو لە گوزەران
ئافرەت لە ژیان
تەنووریش لە نان
هەموو بێزارە !!
***
ئەم شەو
ڕوخساری یارم
گەواڵەی تووڕەو گرژی و ناخۆشی
وای لێ نیشتووە
هەورە تریشقەی مۆڕ لێ بردنەوەی
لێ پەیدا بووە !!
بەرەو هەڵدێری ناسۆری دڕم
ڕەوانە دەکات
لەناو غەماندا
وا بتلێمەوە
ڕێگەی هات ون کەم
بۆ ئامێزی دێی خۆزگەو ئاواتم
نەگەڕێمەوە !!! بەغدا ١٩٨٩/١١

# هێڵێکی ناتەریب

بالۆرەکان گوترانەوە

هەناسەی سارد، لە قوڕگی کێڵگەکاندا

نەبڕایەوە

پەنجەرەی بتە ڕژدەکان

بۆ ماچی لێوی دڕندەی مێژووی ساختە

هەڵکەنران

ڕەنگی ڕەشی تامەزرۆیی

لەنێو چاوی دێڕە دەلەسەکاندا

هەڵواسران

ڕێی دابڕان

لە دوو چاوی ، پڕ خوێناوی

ڕۆژگاری لەرزۆکدا

هەڵتۆقیوەتە سەر گازەرای پشتی برین

لەبرینی برینەوە برینان زان

نان بوو بە ماچ

ماچ بوو بە نان !!

***

دەمێکە ئەم ڕووبارە هەڵەشەیەی

ڕۆژگاری دڵ

لەسەرچاوەی خەونی ماچی ئاییندەیشم

دەخواتەوە

دەمێکە ئەم پرسیارە زەقەی

گوزەرانی پێنووسی دڵ

خەوەنووتکەی درۆکینە دەیباتەوە

دەمێکە ئەم هەناسەیەی

ترووسکەی دڵ

لە دەروازەی ڕێی نەهاتەوە

بریسکەی ڕوون ناداتەوە

دەمێکە ئەم وشەیەی دڵ

وەڵامێکە

وەڵامی هیچ پرسیارێکی بێ وەڵامان

ناداتەوە

خۆم پرسیارم

لە سەرەتاو لە ناوەندو لە کۆتایی

هەموو پرسیارێکدا

پەنجەی سەرسوڕمانی ئاشنایەتیم

بەرزو بڵند دەکەمەوە

کلیل نییە

وەڵامێکی ماچی ڕازی نەدرکاوان

بۆ شازادەی دڵی بێ گومەزم بباتەوە !!

***

پەڵە .. پەڵە

گەواڵە هەوری پاییزی پەژارەو غەم

بەر ڕووی تاسەی خۆری بیرم

دەگرن

پەڕەسیلکەی ڕازەکانم

هەڵنافڕن

تا هەتاوی نازەکانم

بەتین دەبێت

لە وەرزێکدا .. هەر هەڵدەچێت

لە دوو کەرتی ئاسمان

لە دەروازەی ڕێی کاکێشان

تێپەڕ دەبێت !!

***

ئەم شەقامە

خوێنی دڵی ئارەزوویی

خواردوومەوە

ئەم شەقامە شێوەو ڕەنگی ڕابوردوویی

شاردوومەوە

ئەم شەقامە

بۆئامێزی تامەزرۆیی

ناردوومەوە

ئەم شەقامە

دوو چاوی زەق و قەبەیە

لە شەقامی بێ ناواندا

بێ شۆستەیە

بەردی ڕەق و تاوێری سەر

ئەم دڵەیە !!

***

دەرباری دڵ

بێ شازادەی پەرییانە

سوێسکەیەکی بن چیایە

بێ هێلانە

لە پێدەشتی ئەوینداریی سەردەماندا

ڕێبوارێکی سەرگەردانە

وێڵی دەشت و بیابانی ئەم دنیایە

دەرباری دڵ

بێ بزەی یار

کاروانێکی بێ چرایە

دەڕوات.. دەڕوات

ڕێی شەکەتی کۆتا نایە

دەرباری دڵ

بێ چاوی یار

پایتەختێکی وێرانەیە

جەنگەڵێکی سووتێنراوی

بەردەمی ئەو (هەست)انەیە

لە فەرهەنگی دڵداریدا

پەڵە هەوری تەریکی زستانەیە ! !

***

ڕێگە نییە

غەمەکانم تۆمار بکات

جێگە نییە

دووپشك نەبێت

پێوەم نەدات

دەرگە نییە

کلۆم نەبێت

لەبەردەمی ئارەزوومدا

خۆی دانەخات

ڕوو لە کوێ کەم
غەم دێتە ڕێم
دەبێتە خوێم
لەناو غەمدا قاڵ دەبم و
هەر دەسووتێم
هەر دەسووتێم !
***
کە پێت دەگەم
پڕ گێتییەك خەونم پێیە
ئارەزوومە
لەبەردەمی پێی نازتدا
هەڵیانڕێژم
لە ئارەقەی بزەی لێوت
دەست و نوێژم
بگرمەوە
پەپوولەی نێو هەستەکان بم
باڵی ڕازم
بگرمەوە
کۆچی بەر پێی هەنگاوەکان
تەخت کەمەوە
کە پێت دەگەم
ئارەزوومە ببمە گیانێك
بێمە نێو گیانتەوە
کە پێت دەگەم
زۆر حەز دەکەم

ببمە ژیانێك

تاوێك بێمە ژیانتەوە !

***

پرسیارەکان

بە قەد باڵای ڕۆژگارمدا

هەڵ دەزنێن

لەسەردا دێن

دڵی وەڵامەکان

دادەخورپێن

وەڵام نایە وەڵام نایە

وەڵام ، وەڵامێکی بریندارە

لەنێو ورگی نەهەنگدایە

دوا هەواڵی زامی کۆن و تازەی لایە !

***

هەنگاو هەنگاو

بێ خەون و ناو

هاتم

شەکەتی بوو بە ناسنامەو

لەگەردنی زامم ئاڵا

ئاسۆی شارێك

باڵەفڕەی زەردەخەنەی

ئەم ژیانەی

بۆ هەناردم

ڕێگەو بانان

هەنگاوێکیان نەبواردم

تەماشام کرد

هەر هێلێکی ناتەریبم

لەناو هەموو خەون و

ڕۆژگارێکدا

هەر غەریبم ..

هەر غەریبم !! ١٩٨/١١/٢٧

# جۆخێن

شێوەت
لەبەر چاوم
کزو ماتی داپۆشیوە
هەناسەی ژێت
بە پێشێلی قامچییەکان
داتەپێوە
کچێ مەڕۆ
تا پەرچەمت
گرێ نەدرێت
سروەی زارت
گڕی درۆی تێبەرنەدرێت
پێ هەڵبێنە
چاوگەی هەنارەکان
بە باروتی بێ بەڵێنی
مەسووتێنە
کچێ .. مەڕۆ
پێی نیازت بە لای دڵدا
هەڵبهێنە
ڕووی ئارەزووت
لە ئارەزووی نازەکانم
وەرچەرخێنە
ئەم ژیانە جۆخێنێکە

گێرەی وردی ڕۆژگاری کە
بەرو بوومی بەڵێنداریی
لێ دەربێنە
پەنج و دوو ڕۆژێکە
هەناسەکان
لەنێو گەرووی بێ هەناسدا
مەخنکێنە
کچێ .. مەڕۆ
ڕووناکی ڕێت، لەسەردا دێت
جێ پەنجەکان دەسڕێتەوە
ڕووبار دەبێتە گۆم
جێی زەریاکان دەگرێتەوە
ساماڵی گەش
دەبێتە ڕووی ئاسمانی ڕەش
ئەستێرەی دڵ دەخنێتەوە
کچێ .. مەڕۆ
ڕۆیشتنت خەنجەرێکە
خوێنی دڵی لێ دەچۆڕێت
ئەوساو ئێستەی لێ دەتۆرێت
پەنجەی نەرمی دڵت بێنە
لەسەر لەشی دڵم دانێ و
بە سروودو ئاوازی نوێی دڵداریمان
کۆرپەی دواڕۆژ ڕابژێنە
ڕابژێنە ... ڕابژێنە !!            ١٩٩٣/١/٨

# پەنجەرەو خەون

ئەم پەنجەرەم لێ دامەخەن
با تیروپڕ بای بەهاری لێ هەڵمژم
ئەم دەرگەم لێ پێوە مەدەن
پێڕەوکەم و تازە چاوی ڕووی هەتاوم
لە پرشنگی ڕێی ئاسۆگەی وەرز کردووە
ئەم خامەیەم لێ مەستێنن
با بیرۆکەی ڕۆژگاری نوێی
پێ داڕێژم و بنووسمەوە
ئەم پەنجەیەم مەقرتێنن
با بەرهەمی بەهارانەی ڕەنجی هەوڵی
هەفتا ساڵەی پێ بگرم و
بدرووومەوە
مەیەن، مێشکم مەپژێنن،
با بیرێکی دی بکەمەوە
نەخشەی گیانی خۆمی پێ داڕێژم
چاوەکانم هەڵمەکۆڵن
تا کۆرپەکان جوان ببینم
بە زاری گەش ڕەنگ و دەنگم
دادەڕێژن و
سرووودی نوێ
دەڵێنەوە
ئەم بازووەم تێك مەشکێنن
ئامێزی ڕێم

بۆ گەردنی خەونە دێرینەکەم
گرتووەتەوە
چاوی ژینم
بڕیوەتە باڵای بەرزی
دایکە زوڵف سپییەکەم
تا بە هانای دەنگیەوە دێم
پێیەکانم ئیفلیج مەکەن
ڕووی هەتاوی پاشەڕۆژم
لە ئاسۆگەی خەونە گەش و ئاڵەکەیە
بەو ڕێگەدا هەنگاو دەنێم
ئەم خەونەم لێ تێك مەدەن ،

ئەم خەونەم لێ تێك مەدەن !!

هەولێر ١٩٩٢/٥/١٤

# سووتان

له پێدەشتی خەون و ژیندا
چرە دووکەڵێك دیارە
ئەوە وەرزی گڕی ڕەشە؟
یان بەهارە
له دەلاقەی وەرزەکاندا
پەست و پەشێوو بێزارە؟
***
دەنگ دێت
لەنێو سنگی باوەڕمەوە
لەنێو کێڵگەی ڕێی تەڕمەوە
دەنگی بەستەو سروودێك دێت
گەرووی ڕۆژگار
تاسەی بێدار
بەرەو ڕۆخی دەریای هێوا
دەخاتە ڕێ
ئەدی ئەوە خەونی ژانە
یان ڕوخساری زێی ئاسمانە
ڕژاوەتە پەنجەرەی غەم
بۆ گشت دەردێك
هەم پزیشکەو هەم دەرمانە؟
***
دیوتە ، دیوتە ئەو ڕووبارە
چاو ئەبڵەقەو ملی خوارە؟
بە ڕۆژو شەو

پشوو نادات
چاوی غەمی ناچێتە خەو
ڕووەو خوارە؟
ئەدی ئەوە دڵی منە
بە بزماری بێ گفتیی کچ
وا کون کونە
لە سروشتی دڵداریدا
لە ژینی خۆی وا بێزارە؟
یان ژوانی بێ پەیمانیی نازدارێکە
لە فەرهەنگی ئەوینیدا
شەرمەزارە؟
***
بیرت دەکەم
کەی پێت بگەم؟
تاسەی دووریم مژ بنێتە
ئاوی لێوی دووریتەوە؟
جۆگەی هەنگوین
بڕژێتە چەم
بیرت دەکەم
کەی خەرمانی خەونەکانم
لەبەر دەستی ئارەزووتدا
هەڵبڕێژم؟
کەی پێت بگەم
لەبەردەمی پێی نازتدا
زامە کۆن و نوێیەکانم
گشت بنێژم؟

بيرت دەكەم
کەی پێت بگەم؟
قژی وشەکانم
لە ئاوێنەی بەڵێنێکدا
شانە بکەم
مژی شادی ماچی نوێت زوو پێ بدەم؟
***
کە دێمەوە
لەناو گێتیی دڵی خۆمدا
فراوانیی ماچی تازەم
بۆ هەڵگرتوویت
بووکی نازی قووڵیی ناخم
بۆ ڕاندوویت
کە دێمەوە
لە ئەندێشەی بیری ورددا
خەونێکی دیم
لە ژیانی تامەزرۆتدا دەژێمەوە ! !
***
بێ تۆ گێتی چڵێك دارە
لەبەر گڕی هەناسەمدا
پووشی وشکی پاش بەهارە
گڕی ئەشقی تێبەردەبێت
تا هەتایە
هەر دەسووتێت
هەر دەسووتێت ! !

١٩٨٤/٥/٣

# بەردەباز

ساڵەهایە بە ڕێگەوەم
لە ئاوێنەی درزبردووی مێژووی تاڵدا
نەنووستووم، خەوم نایە
دارستانێك خەون و هیوام
لە دەروون و لە دڵدایە
کاروانێکم
سەری ماندووم
بەردەبازی سەد ڕێگەیە
لەشی سڕبووم
لە فەرهەنگی شڕو شۆڵی نەبووندایە
دڵی سەوزم
کۆترەیەکی پتورکاوی
جەنگەڵێکی سووتێنراوی بێ نیگایە
ناوی بەرزم
لەسەر دێڕی دەنگ و باسدا
بێ ڕێ ، بێ شوێن، بێ جێگەیە ! !
***
ساڵەهایە
لە ئامێزی وشەی گەش و
مانگی واتای دەربڕینی دەروونەوە
هاوار دەکەم
بە ڕستەی خوێن

دەنگی بڵند پڕ شار دەکەم

هیچ ڕێبوارێك

هیچ بەهارێك

هیچ کەنارێك

بە پیریی دەنگمەوە نایە

بوارەکان نامناسنەوە

نسارەکان باڵی پشووم بۆ لێنادەن

بنارەکان

ڕێم پێ نادەن

دیوارەکان

لە دەروازی یادگارێکدا

وێنەکانم هەڵناواسنەوە

ساڵەهایە

کیژۆڵەی بەخت، پەریی ئاوات

دەڵێت دێم و

هەرگیز نایە

چاوەڕوانیم

ڕووبارێکەو ڕووی تاڤگەکەی لە دەریایە

دەریاش بێ بن و مەنگ

بێ دەنگ، بێ سەنگ

لە بن نایە

***

ساڵەهایە

دڵی مێژووم بریندارە

خەنجەرێکی نووك ژەهراوی لە ناخدایە

بێ بوارە

پەڕ پەڕ دیارە

لە خەڵتانی پڕ خوێندایە

دڵۆپ دڵۆپ

خوێنی گەشی لێ دەتکێت

دەریای فرمێسکێکی بێ دایکەو

دوایی نایە

برینەکەی ئەوەند قووڵە

خۆشبوونەوە

دەرمانێکەو

لە خەرمانی جووتیارێکی لادێییدا

بێ پەنایە

قەتماغەی زام

چین لەسەر چین ڕیزی خۆیی لێ بەستووەو

پێڵاوی ڕێی بەفرانباری

لە پێدایە

باران خوێنەو

هەور دەمار

ئاسمان لەشەو

بەفر بزمار

خەونیش بروسکەیەو

ماسییەکە لە قوڕکی نەهەنگدایە

***

ساڵەهایە

لە پێدەشتی سووتێنراوی

هەست و نەستدا
خەون دەبینم
لەسەر باڵی مێژووی تاسە
نەشنووستووم
لە جەنگەڵی چڕی بیردا
خەوم نایە
چاوەڕوانم
خۆم کاروانم، دێم و دەچم
زێ و بوارم
پێی ئاواتم هەڵهێناوەو
خۆری بەختم
لێی هەڵنایە
***
ساڵەهایە
زاری پرسیار دەکرێتەوە
بەسەد بزمار
دەدورێتەوە
ساڵەهایە
چاوی هیوام لە ئاسۆیە
پەریی جوانی نێوبەهار دێت
پێی چاوەڕوانی کول دەبێت
خۆر هەڵنایە
پەرییش نایە !!

خانەقین ١٩٨٤/١٠/٢٦

# پرد

داربەڕوویەك
لە هەڵدێری زۆر دژواری هەورازێكدا
خۆی كرد بە پرد
تا كاروانە شەوكوژەكان
تا ڕێبوارە شەونێژەكان
بەسەر پشتی بە كۆششی كۆماویدا
بپەڕنەوە
ئەستێرە ماچ
بۆ لێوانی زۆر تامەزرۆ
خۆرە بزە
بۆ كۆشی زار
زەردەخەنەی مانگی چواردە
بۆ ڕوومەت و سەدان ڕوخسار
گوڵی گەشی مژدەی شادی
بۆئامێزی وەرزی بەهار
هەڵەكۆكی شەیدای ئەشقی پێككەیشتن
بۆ داوێنی بەفری نسار
بگێڕنەوە
ئەشكی دیدەی ماندوویەتیی ڕابوردوویان
لە ئاوێنەی نزای شاری نەخەمڵیودا
بسڕنەوە
كە هەواڵیان بۆ گوێی كەڕی وشترخۆر برد

وشترخۆری چڕنووك درێژ
لە ڕقاندا
دڵی خوسەی ڕاوەستاو مرد ! !

بەغدا ١٩٨٥/١/١٤

واتای هەندێك وشە:
کۆماو: چەماوە
زار: لێو، دەم
نزا: تکا
نەخەملێو: پێنەگەیشتوو
وشترخۆر: جۆرە دڕکێکە وشتر دەیخوات
ڕق: قین
خوسە: خەم

# مەگری

مەگری ، مەگری
فرمێسکی کوڵ لەناخی دڵ
بەگوڕو تاو
وەکوو لافاو
مەڕێژە سەر پەڕەی ڕەشی ژینی دڵم
گڕی سۆزی دایکایەتی
بەر مەدەرە
دارستانی چڕی کوڵم
باری قورسی پەژارەو غەم
مەخەرە سەرشانی تەنیام
چاڵی سەرسم
لەبەردەمی ڕانی ڕێگەی ئاواتمدا
هەڵ مەکەنە
دەی پێکەنە دەی پێکەنە !
***
مەگری ، مەگری
دەریای فرمێسك
با نەبێتە خۆش میوانی ڕوومەتی ژین
خەون و پەژارەو پێکەنین
با نەبنە قین
نەبنە هاوڕێی سۆزی دێرین
زەردەخەنە گۆڕەوشار دەن

زامێکی دی بۆ بەهار بەن

***

مەگری ، مەگری

گەر دەزانیت نرخی گریان

چەند گرانە

گەر دەزانیت لێوی گریان

زاری ژانە

فرمێسکی کوڵ

دەرگەی والآنەبووی گشت جیهانە

گەر دەزانیت

دلۆپێکی ئەشکی سوێری ئەو چاوانە

کلیلی ڕێی پەی نەکراوی گشت پیاوانە

گەر دەزانیت

فرمێسکی خوڕ ، فرمێسکی کوڵ

هەم خوێنی دڵ

هەم نهێنی و هەم پەنهانە

ئەو کات پشتی ژینت

لە گریانی ڕەشپۆش دەکرد

زەردەخەنەو پێکەنینت

دەکرد بە هێلانە

ئاسۆی گەشی ئەم ژیانەیش بە گەردانە

لەگەردنی کۆرپەکانت دەئاڵاندو

داسی هیوات

لە گەردنی پەرێشانی خێرا دەسوو

دەستی سەوزی ژینت دەکرد بە کۆڵوانە

بزەت دەکرد بە هاوەڵی نەتۆراوی ئەو لێوانە
نەگریانی زەردت دەهێشت
نە فرمێسکی گەرمت دەڕشت
بە بڵێسەی گڕە هەڵچووی
ئەو نەرۆزو ئاگردانە
دەتسووتاندن
دەترەتاندن
مەگری ، مەگری
خۆ دیوتە ئەو ئەستێرانە
دەجریوێنن
لە ئامێزی شین و گەشی ئەو ئاسمانە
دیوتە یەك یەك
ڕیزی خۆیان لێ بەستووە
یەك لە تەنیشتی یەکەوە
پاڵ کەوتووە
بۆ یەکتری هەر دەخوێنن
نەخشەی بۆری پەژارەو غەم
دەشێوێنن
مەگری ، مەگری
وا من دەچم بە ئاسمانی ڕووناکیدا هەڵدەفڕم
بە هەتاودا تێدەپەڕم
سنووری تیشك دەبەزێنم
ئەستێرەکان
گشت دەهێنم
گەردانەیان لێ پێك دێنم

له گەردنی ئاوێنەی تۆی دەئاڵێنم
سینەی نازی
جوانیتی پێ دەنەخشێنم
ئاسۆی ژینت دەکەم بە هێلانە
پۆلی مەلی شادومانی
بەر دەدەمە چەمی سەوزی ئەو چاوانە
ڕێگەی هەنگوین
دەبەمە سەر چیای یەرزی ئەو لێوانە
ڕووباری چێژ
بەر دەدەمە دالێی تینووی ئەو سێوانە
سنووری ڕێی ژین دەبڕم
هەڵدەفڕم، هەڵدەفڕم
شادیی چێژی پڕ ئومێدی ئەم جیهانە
لە زێڕکانی ئۆقیانووسی وەفاداری دڵ دەکڕم
بە وشەی زێڕ
بە دەستی تێر
گشت فرمێسکی پڕ گریانی
ئەو چاوانەی پێ دەسڕم
پێ دەسڕم!!

خانەقین ١٩٨٤/٩/٢٤

# وشەو پێنووس

شاعیرێکم
بە تەنافی وشەکاندا
وێنەکانم هەڵدەواسم
لێم تێناگەن
هەواڵێکی بیرکراوی دەنگ و باسم
پێمڕا ناگەن
ئاگرێکم
لەبەر گڕی هەناسەمدا
خڕ هەڵناکەن
شاعیرێکم
نە کونە گورگ، نە کوشك، نە تەلارم هەیە
نە پارەو پوول
سامان، نە دۆلارم هەیە
نە مارسیدس
نە تۆیۆتا، ڕینۆم هەیە
نە یەك پەڕۆی بۆسۆم هەیە
منی شاعیر
دڵ پڕ ئاگر
لە ژوورێکی بێ دیواری غەمدا
دەژیم
چەند کۆرپەلەی چاوکەژاڵی شیعرو
نیشتمانێك خەون و هیواو

چەندین پەڕەو
پێنووسێك و پڕ گێتییەك
وشەم هەیە
لە ناویاندا قاڵ دەبم و
دەژێمەوە
کە ماندوو بووم
لە سایاندا
سەری حەزی درزبردووی
ژینی نامۆم
دەنێمەوە!!

خانەقین ١٩٨٥/٢/١٢

تەناف: ئەو گوریس یان بەن یان تەلەی جل و بەرگی پێوە هەڵدەواسن تا وشك دەبێتەوە.
لە سایاندا: لە سێبەریاندا.
سەرنانەوە: نووستن، مردن، پشوودان.

# داستان

دەگێڕنەوە
لە هەناسەی کەژێکەوە
شاعیرێکی بێ پسوولەو
بێ پەساپۆرت
لەدایك بوو
دەست و برد زوو
هەنگی وشەی بەردایە نێو چەمی وشکی
هۆنراوەکان
تیشکی خەونی
پرژاندە نێو ڕۆژگارە بێ هەتاوەکان
چەقۆی تیژی بیری وردی
نایە ملی سك ئەستوورە خەساوەکان
ڕێگەی ڕاستی
خستە بەردەم دەست و پێ ڕاکشاوەکان
گلێنەی نوێی کڕییەوە
بۆ مرۆڤە بێ چاوەکان
گشت نادانە بێ ناوەکان
لە بازاڕی وشەی ڕاستدا
خوسنی ڕەشی ناهەمواریان
تێ ورووژاند
هەموو بەست و پردە ڕووخاوەکان
شوێن پێی بەسەرهاتی

ڕێیان پشکاند
تەنیا وشەیەکی خوێناوییان
لەشانەگەی مێشکی ڕۆژی نەهامەتی و
بێ ئالآیدا
دۆزییەوە
لە وێستگەی چاوەڕوانی و بێ بەختیدا
پەساپۆرتی پینەدراوی
ئەو شاعیرە بێ ناوەیان
لەوێ دڕاند
ملی تەنیا وشەی تەڕی
مێشکیان تاساند
ئالآی ژینی بالآ بەرزی ئەو شاعیرە خنکاوەیان
لەناو ئالآی وشەکاندا هەڵتلیشاند!!

خانەقین ١٩٨٥/١/١٠

# دوو پۆستەر

## خوێن

من خوێنێکم
بە خەنجەری ڕۆژگاری شێت
لە خۆم داوە
دەنگی گەرووم
لە ناو مێژووی دەنگەکاندا
خنکێنراوە
من خوێنێکم
هەموو ڕۆژێك بە دەستی خۆم
خۆم دەڕێژم
لە نێو گەرووی یەك تەرازووی سەرکردوودا
بێ سەرو شوێن
خۆم دەنێژم

## مەرگ

هەر چرکەیەك
تەمەنی من مردنێکمە
هەر چرکەیەك
ڕۆژگاری من
پەنجەی ژینی گەستنێکمە
هەر چرکەیەك تەمەنی من
لە ئاوێنەی تەڵخ گرتووی ژیانمدا

**خۆی مەرگێکە**

**سووتاندنی لە سەرتاپای گشت بەرگێکە!!**

**خانەقین ١٩٨٥/١/٨**

سەرکردوو: زیادوکەم کردوو

تەڵخ گرتوو: لەکەدار. ناخاوێن

# بێ ناونیشان

له ئامێزی چواردیواری بێ دەروونی
غەمدا دەژیم
دووکەڵی ژان
پۆلی گریان
هەناسەی ژان
بێ ڕەنگ، بێ دەنگ
دڵۆپ دڵۆپ
دوا چۆڕاوگەی خوێنی لەشی ئەم تەمەنەم
لەناو دوورگەی نائومێدیی گوزەراندا
هەڵدەلووشن
پەژارەی ڕێ
پەرۆشیی جێ
پەرێشانی ئاودێری چوار گوڵاڵەی نوێ
له فەرهەنگی ژیاری ڕێی ئاییندەدا
له شەقامی سوێرو تاڵی نەهاتیدا
سەرانسەری ژینی ڕەشی
بێ ئەنجامم دادەپۆشن
خۆم تەمەنم
تەمەنی خۆم له دەروازەی ناکامیدا
دەخۆمەوە
خەون پرسیارەو
له دەواری دڵی ژینم

دەئاڵێت و
فریشتەی ڕۆژی نادیاریم
بەندی توندی جەرگی بیرم
دەبڕێتەوە
ئاوی لێڵم
لە وێستگەی لێڵی خۆمدا
ڕووی لێڵی خۆم دەشۆمەوە
کەناری زێی بەختەوەری
خاڵی ڕەشی بێدارییە
لە بیلبیلەی چاوی ڕۆژی خەمخواریدا
مەلە دەکات
هەوری ژانیش
بۆ ئاسمانی بێ بارانی
پەلە دەکات
زامی پەنجەم
بە هەتوانی دڵخۆشکەری ژیانی نوێ
تیمار دەکەم
برینی دڵ
سەری خۆزگەی تەمەنی ژین
سەردەبڕێت
کۆسپی دەروون
جەنجاڵیی ژین
غەمی تاڵی چڕی گەردوون
پیاوکوژێکەو
ئەشکی سوێری چاوی ژینم

هەرناسڕێت

هەر ناسڕێت!!

***

کتێبێکم

دێڕ دێڕ خودی بێدار خۆم

دەخوێنمەوە

ڕستە ڕستە واتای وشەی

پێکهێنراوی بابەتەکان

لە یەکتری دەدەمەوە

کە لەسەردا دەیەمەوە

وشەو ڕستە بێ چاوەکان

گشت بابەتە بی ناوەکان

نامناسنەوە

لە دەرەوەی مێژووی وشە ڕازاوەکان

بەبێ ناوو ناونیشان

دەمێنمەوە!!

خانەقین سەرەتای ١٩٨٥

# بالآ

ئالآیەکتان بینی
لەسەر لووتکەی شکۆمەندی و
سەربەرزیوە شەکایەوە
لە بەردەمی کاروانەوە
زامی دڵی هاوڕێی ڕێگەی دووری
لاوانەوە
بەفری کەژی نائومێدیی
لەبەر تیشکی خۆرەتاوی بازووی توندا
توانەوە
ئەو ئالآیە
ئالآی من بوو
بالآیەکتان بینی
لەبەردەمی مێژووی نازو
سەرفرازی دەروونی پڕ لە ئاواتدا
بۆ چاوی ڕۆژ
کڕنووشی برد
نووشتایەوە
غەمی کۆڵ و پەرێشانیی تێپەڕاندو
لە هەڵپەڕکێی شادومانیی ئەستێرەدا
گیرسایەوە
سۆزی دڵی
لە هەورازو کەژەکاندا
دەنگی چڕی دەدایەوە

ئەو باڵایە
باڵای من بوو
لەگەڵ ئاڵای هەناسەمدا
تێکەڵ دەبوو
بەرەو لووتکەی هیوا دەچوو
چرای بەختی تامەزرۆیی
لەناو  ژووری نەوبەهاردا
بووژانەوە
دەستی بووکی کازیوەی ڕێی
جوان گرتبوو
پێی ئارەزووی
دەهاویشتە بەهەشتی نوێی ژیانەوە ! !

خانەقین ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٨٥

# بلاچە

خەونم بینی
ئەستێرەیەك لە نێو دەریای
دڵی گەشی تامەزرۆمدا
مەلەی دەکرد
ئامێزی بۆ گەردنی ڕێی
ئاواتە بێ کۆتاییەکان
دەکردەوە
لە ئاسمانی پاکی خاکدا
پڕ بە باوەش
گوڵی گەشی بەهارانەی
بۆ برووسکە
دەبردەوە
بەدەستی ڕێ
هەورەترەشقەی دەهێنا
لە گەردنی هیوای دەداو
بە ئاوازی شمشاڵی ناز
گۆرانیی هەوری دەچڕی
فرمێسکی دیدەی پڕ بارانی دەسڕی
لە ناو پەڵە هەورەکانی خەونەکەدا
هەڵدەپەڕی
لەپڕ بلاچەی هەورێکی دەگرت
گورج دەهێناو
لەقەد گیانی لەرزیومدا

دایدەگیرساند

لە خەوندا

گیانم تایەی پووش بوو

گڕی چڕی تیٚ بەردەبوو

لە ئامێزی خەونی غەم و پەژارەدا

هەڵدەگیرسا

بڵێسەکەی سەری دەکرد

هەر دەسووتا هەر دەسووتا ! !

خانەقین ١٩٨٥

بلآچە: برووسکەی هەور

تایە: مەلۆ، کۆمەڵێك پووش یان گەنمی دروێنەکراو یان هەر دەغڵ و دانێکی دیکە.

سەری دەکرد: بەرزدەبووەو ، بڵاو دەبووەوە.

# كانی و ڕووبار

له چەمێکی خەفەتباردا
لەبەردەمی مێردەزمەی سەد ڕۆژگاردا
چەندین کانی
بە مەبەستی یەك گۆرانی
لوولیان خواردو
بوون بە ڕووبار
تا بەستە بۆ چاوی نسار
حەیرانۆك بۆ بووکی بەهار
بهۆننەوە
ڕەنگی گەشی ئەرخەوانی
بۆ ڕووی ئاسۆ
هێزو وزە بۆ فڕینی باڵی هەڵۆ
ببەنەوە
گەردەلوولی قینێکی دژ
لەبەردەمی کۆرپەی هیواو ئاواتیاندا
هەڵی کردو
تووڵەڕێی بەست
پیرە ڕووبار
هێزی تافی کانییەکانی
توند بە خۆی داو
قینی ڕەشی وا ڕامالّی
گرو گالّی
بۆ سەر لێوی کۆرپەی شادی

هێنایەوە

لە هەڵپەڕکێی زەماوەندی خۆرەتاودا

گەییە مەبەست

پەڕەیەکی ڕێڕەوی ڕێی

بۆ تەوژمی تێکۆشانی

کاروانی نوێی کانیاوەکان هەڵدایەوە ! !

بەغدا ١٩٨٥

# چاوەڕوانی ١

چاوەڕێم کردیت
خەون پەڵەهەورێکی بەپەلەبوو
بەرەو ئاسمانی ژوانێك دەچوو
پەڵەی بارانی دڵی تیابدات
ماچی ڕوخساری بووکێنیی بکات
چاوەڕێم کردیت
ئارەزووی دڵم
ڕەوە کۆترێك بوو
حەزی ئەوەی بوو
ماچ و دڵداری
ئاسمانی ژینی ئەویندارى بن
شەقەی باڵی ئەشقی بێ پەیی تیا دەنگ داتەوە
پەنجەی نیانی تامەزرۆیانە
بۆ خۆشەویستی
بۆ ماچی دوو لێو
زوو بباتەوە
چاوەڕێم کردیت
گشت شەپۆلەکان
دەست لە ملانێی کەناریان دەکرد
هەواڵی خۆیان بە دەریا گەیاند
چاوەڕێم کردیت
ئەشکی قەتیسی پڕ لە زووخاو بوو
کۆچی لەسەرخۆی دڵی سووتاو بوو

فرمێسکی چڕی
بەسەر ژوانی چڵدا دەباراند
سێبەری گەڵای درەختی نامۆ
خۆری ژوانی تێکڕا سەربڕی
دڵدارەکانی جێ تەرە کردو
خێرا تێپەڕی
تۆی بێ ژوانیش گوزەرت نەکرد
کەل و کەلێنی چاوەڕوانی ڕێی ئەم دڵەت نەبەست
تەمەنی کورتی ڕۆژت نەبڕی
فرمێسکی دڵەی پڕ ئێش و زامت
هەرگیز نەسڕی!!

بەغدا ١٩٨٣

# دوو هۆنراوە

## ئاوێنە

سەرم کردە ئەژنۆی خەونەکانم
لەناو لەپی یادگارێکی کۆندا
باڵا بەرزەکەم بەدی کردیت
ئاوێنەی ئەوین
خۆی هێنا لەرزین
لە ئاوێنەدا دوو چاوی کەژاڵ
دوو گۆنای زۆر ئاڵ
خۆیان دەنواند
شوورەی دڵێکی گەشیان دەسووتاند
گەردنیان بشکێت
لە خەویان کردم
ئاوێنەکەشیان لەبەر چاو شکاند

## خەون

شەپۆلی دەریا
شەپۆلی ڕەوەند
بۆ کەنار گریا
بەرزایی چیا
بۆ بەفر گریا
هەوری سەر دەریا
بۆ پێدەشت گریا
پێنووسی منیش بۆ هۆنراوەیەك
جوانی تۆ دەرخات

**ماچی لە گۆنای وشەکان نەخشاند**

**فرمێسکی چاوو**

**خەویشی تەراند!!**

بەغدا ٢٣ ـ ٨ ـ ١٩٨٣

# پاسپۆرت و گەردانە

پاسپۆرتی من
ئەشقێكی سەوزە
ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە ناخی دڵ و
گیانی هەژیودا توند داكوتاوە
پاسپۆرتەكان
ون بن ، بدڕێن
نەدرێن، بسووتێن
پاسپۆرتی من ئەشقی پیرۆزە
هەر دەمێنێت و
لە جێی خۆی ماوە
***
دڵداری و ئەوین
گەردانەیەك نین
گەردن و ملت بڕازێننەوە
فڕێ بدرێن و
لە مل بكرێن و
هەڵگیرێنەوە
شتی پیرۆزن
لە گیاندا دەژین
لەناخی گیاندا هەر دەمێننەوە
***

نێوان من و تۆ

درەختی ئەوین

سەوزو شین بووە

گەڵای پێوەندی توند بەتین بووە

سادەی خێراکە هەتاکوو زووە

بەرو بوومەکەی هەڵبچنینەوە

تا گیان بەهێزەو

دڵیش زیندووە

***

وا ئێوارەیە

ژووان چاوەڕێیە

با هەتاوی دڵ

ئاوابوونی سڵ

داوێنی نەگرێت

سا وەرە ئەشقم گڕی تووڕەیە

دڵ دەسووتێنێت

ئاوی ئەوینی پێدا بڕژێنە

تا گیان گڕ نەگرێت

بەغدا     ئابی ١٩٨٣

# وشەو ئاواتی شار

دڵدارەکەم
وشەکانمان خەونیان نایە
بۆ باوەشی گەرمی پەڕە
دەم و چاوی باسەکانیان فێنك و تەڕە
وەرزی خۆشیان دەم بەیانە
پێکەنینی تۆی تێدایە
ئەو بەیانەی
مژدەی ڕۆژمان بۆ دەهێنێت
گوڵاوی نوێ بە گوێماندا دەپرژێنێت
باغچەی سەوزی بەهاری نوێ
نەخشەی خۆشیی ناو شارو دێ
دەنەخشێنێت
شەقامی نوێ بۆ دڵداری
دروست دەکات
نەمامی نوێ بۆ بەختیاری
دەڕوێنێت
چاوی بەختمان دەشواتەوە
وەرزی خەوی قورسی لە بیر دەباتەوە
زوڵفی سەوزی کامەرانی دادەهێنێت
لە ئاسۆوە مژدەی خۆشمان
بۆ دەهێنێت
مژدەی هەڵهاتنی ڕۆژمان
بۆ دەهێنێت ، بۆ دەهێنێت ! !

١٩٧٣

# ئەوینی دڵدارێکی تامەزرۆ !

دڵدارەکەم
زۆر حەز دەکەم
دەمی شاری برسی و تینووم
ماچی ئاسۆی کوڵمت بکات
چاوی ماندووم
سەرنجی ڕووی ئالآی بالآی بەرزت بدات
سەیری بەژنی سەوزی نازت بکات
دەستی برسیم
ئارەزووی بۆ مەمکی خۆشیت ببات
نازدارەکەم
لەشم ساردو سڕە
زۆر حەز دەکەم
بەم هاوینە
پڕ لە گڕە
لە باوەشی گەرمی هێمنیتدا بنووم
لە شەقامی سەوزی ڕووتدا
لە گەرووتدا
ئالآ هەڵکەم
لە ڕووباری سینەی بێ وێنەتدا
لەناو دەریای هەناسەتدا
لەناو نەخشەی پڕ تاسەتدا
مەلە بکەم
دەستی بازووی هەوڵدانم

بۆ پەلکانی خۆشیت ببەم
زۆر حەز دەکەم
چاوەڕوانیم
بە کاروانی خۆشەویستیی ڕێگەت بگات
کەژاوەکەت
کەژاوە جوان ڕازاوەکەت
بە ئاواتی ئەمڕۆی بگات
تا لە کۆشکی دڵداریتدا
لە ئامێزی تەلاریتدا
کۆرپەکانمان
کێڵگەی سەوزی کامەرانی درەو بکەن
مژدەی سروود بۆ یارەکان
خێرا ببەن
تا لە دەریای خۆشویستندا
ماچی چاوی هیوات بکەن
لە ڕوومەتی کاروانتدا
مەلە بکەن
خەمت بخۆن
بۆ داخوازی هەتاو
بڕۆن ، بڕۆن !

١٩٧٣

# سەوداسەری دڵدارێکی وێڵ

لە شەقامی ژینی سەوزدا
خۆم بەدی کرد
هەرچی گوڵی گەشم بینی
بە نیازی دڵداریوە
بە پێی خاووس هانام بۆ برد
کەشتیم ڕانی
لەناو دەریای دڵداریدا
بەخۆم زانی !
بەرەو وشەو پێکەنینی
گوڵەکان چووم
ماچی ڕازم
بۆ پرشنگی ڕوومەتیان نارد
دەرگەی دڵم ، هی ئاوازم
بۆ گشت گوڵێك خستە سەر پشت
ئاوی گوڵم ، نامەی دڵم
بۆیان هەنارد
ئەشکی چاوی غەمیانم شوشت
ئاوڕیان لێ نەدامەوە
وەڵامێکی کوڵی دڵدارییان نەدامەوە
لە بەهاری دڵداریمدا
چاوکاڵانی ، قژ ئاڵانی
شارم خۆش ویست
کەچی دەنگی زەنگی لێوی کەسم نەبیست
ئەەو هەواڵەی کە من دەمویست

هەموو ڕوویان لێم هەڵچەرخاند
دڵیان سەنگ بوو
دەریای مەنگ بوو
پەڕەیەکیان بۆم نەبزواند
ئەو پەیکەرەی نیازم هەبوو
جوان بیتاشم
پێمیان ڕووخاند
ئەو نەسرینەی نیازم هەبوو
ئاوی بدەم
هەڵیانوەراند
ئێستەش تەنیام
دەنگ و باسی سەودا سەریم
بۆ یارانی جیهان دەکەم
ئەم پەردەیە نیهان دەکەم
بە تەنیایی بادەی تاڵی غەم دەنۆشم
بۆ یەك ماچی چاوی ( شیرین )
زۆر بێ هۆشم
بۆ پەرچەمی ڕووی ( خەرامان )
ڕادەبەدەر زۆر سەرخۆشم
تویێ برینم سارێژ سارێژ نابێتەوە
خوای دڵداری واز ناهێنێت
چنگ دەنێتە قاقای بینم
کەشتی کۆرپەی خۆشەویستی
دەریای ژینم
دەخنکێنێت

***

بەر لە ئێستە دڵدارێك بووم

هەژدە مۆمم کوژاندەوە

دڵم بە دڵداری بووژاندەوە

بۆ نێو کێڵگەی گوڵانی شار

چنگم کوتا

بە هاوین و پایزو بەهار

پێم پێکەنین

هیوای دڵی ماندووم سووتا

لە زستاندا ، بارانی ڕووی خۆشەویستیم

وشکی لێ کرد

شەقام نەما ، نەمام نەما

لەناو شاردا نەیشۆمەوە

کەچی غەمێك نەما نەیخۆمەوە

یارێك نەبوو

دەستێك بێنم بەگێسوویدا

بەسەر زامی بێ بێسوویدا

دەمی ماچم بنێمە سەر هەردوو لێوی

دەستی ماندووی خۆشەویستیم

تێر بگوشێت هەردوو سێوی

لەناو دەریای کوڵمی سووردا

بتوێمەوە

دیسان لە نوێ ، لەناو باخچەی

سەوزی ژینی بێ سنووردا بڕوێمەوە

بەڵام ، بەڵام

بەشەقامی چڕی ژیندا
لە گوڵزاری پڕ لەشیندا
خۆشیم بوێت
غەم شین دەبێت
لەبریندا ژان دەنێژم
کامەرانی نوقوم دەبێت
تابلۆی سۆزی گۆرانییەك
جوان دەکێشم
چوارچێوەکەی خاش خاش دەبێت
ئاوازی نوێ تۆمار دەکەم
پەنجەی هیوای دڵم دەشکێت
تاکەی ژینی من وا دەبێت
خوای دڵداری
چ کات تاریکە شەو ئاوا دەبێت ؟!
خوای دڵداری ، خوای دڵداری
لە ئاستی من
ئایە نوستوویت ، یان بیداری
یان بێداری ؟!!

١٩٧٣/٣/١٧

# چاوەڕوانی ٢

١. چاوەڕێتم

وەك دێوانە بۆ باڵای شەم

وەکوو فەرهاد بۆ ڕووی شیرین

وەك خاتوو زین

پەرۆشی مەم

وەکوو مەجنوون

شێت و شەیدای

باڵای لەیلای

جوان و ڕەنگین چاوەڕێتم

***

٢. چاوەڕێتم

وەك پەڵەی هەور بۆ ڕووی ئاسمان

وەکوو زەمین

زەمینی وشك

بۆ لێزەمەو پەڵەی باران

وەك باخچە بۆ بەستەی هوزار

وەکوو ژیان

بۆ پرشنگی گەرمی هەتاو

وەك تینوێتی بۆ قومێك ئاو

وەکوو ماندوو

بۆ باوەشی نەختێك پشوو

وەك ئارەزوو

بۆ دەستکردن لە سینەو مل
چاوەڕێتم ! !
***

٣. چاوەڕێتم
وەك هۆنراوە
بۆ قووڵی هەست
وەکوو پەلەی دڵدارەکان
دڵدارە دڵ زامدارەکان
بۆ زوو گەیشتنە مەبەست !
***

٤. چاوەڕێتم
هەروەکوو کێو
بۆ قاسپەی کەو
وەکوو سەهۆڵ
بۆ ناوتۆی دۆڵ!
وەکوو زەردە بزە بۆ لێو
چاوەڕێتم، وەکوو شێتی چاوەڕوانی
وەك پەرۆشی پەرێشانی
ئەی هەتاوی چاوەڕوانی
چاوەڕێتم ، چاوەڕێتم ! !

١٩٧٣/١١/١

# من لە ناوچاوی نێزەدا دەڕوێمەوە

منی مرۆڤ ، وەك درەختی ڕۆژپەرستم
لەناو باخچەی تێكۆشانی گشت شارێكدا
گزنگی خۆر دەپەرستم
ڕووی ئاواتم بڕیوەتە چاوی هەتاو
ئەگەر هات و لاشەی هیوام سەر ببڕێت
لق و پۆپی سەوزی ژینم هەڵبووەرێت
لەناو گڕی كوانووی ڕقدا بسووتێنرێم
بۆ تینووێتیی گەرووی كینە بمكەن بە ئاو
لەو دیو دوورگەی كینەی سووری وشك و برنگ
بمقۆزنەوە
لەبەر دەرگەی ئاسۆی گەشی گشت بەهاردا
لە خەباتی پڕ گوڵزاردا
دەڕوێمەوە
دیسان لەنوێ دەژێمەوە
چاوی هیوام دەبڕمەوە ڕوومەتی ڕۆژ
تا هەتایە منی مرۆڤ ڕۆژپەرستم
ڕۆژپەرستم ! !
***
من ڕەشەبای دەم سەنگەرم
لە نێو لوولەی باوەڕەوە

**که هەڵدەکەم**
**تەنگ بە گڕی بورکانی مەرگ هەڵدەچنم**
**لە ناو باخچەی هیوای شاردا، گوڵ دەچنم**
**ملی ڕێگەی ئەوین دەگرم**
**بەڵێن لە خوێنەوە**
**بۆ هەنگاوی دواڕۆژی دەنگی زەنگی**
**نەوەی تازەی ڕێی قوربانیی بەهار دەبەم**
**سەر لە شارەدیی هەتاوی نوێی دەم شار دەدەم !**
**ئالآی هیوای تیا هەڵدەکەم**
**نوێژی باوی خوای زەردەشت و**
**ئەهرۆمزدای تێدا دەکەم ، تێدا دەکەم ! !**

*******

**منم چڵی سەوزی داری زەیتوون**
**لەناو چەمی بەرینی بوون**
**لق و پۆپم ، پەرش و بلآو**
**دەکەمەوە ! !**
**لەژێر باڵی تیشکی هەتاو**
**ئاوی ئارام دەخۆمەوە**
**ئەگەر هات و**
**لەنێو هەموو ڕەزەکاندا**
**بە نینۆکی تەورداسی تیژی تاوان**
**بە هێرشی تۆپی قین و گڕهەڵگیرسان**
**بمبڕنەوە**
**ڕەگ و ڕیشەی سەوزیم لەبن بێنن**

چرۆی بوونم

هەڵوەرێنن

لەناو کێڵگەی بڕوای نەلەرزیوی

خەباتەوە دەڕوێمەوە !

شین دەبمەوەو هەموو کون و قوژبنێکی

ئەم ژیانە دەگرمەوە

لەناو چاوی سووری نێزەکاندا دەڕوێمەوە

سەر هەڵدەدەم دەڕوێمەوە

شین دەبمەوەو

دەژێمەوە

دەژێمەوە !!

١٩٧٤/٣/١٠

# دۆخی شارو وەرزی لەدایکبوونی ڕۆژ

**بۆ شاعیرێک**

سالْ خەرمانە
کە دەکوترێت
بە شەنی دوور کە شەن دەکرێت
بە دوازدە پیْ تێدەپەڕێت
بە بەرچاوی شارەکەتەوە ڕادەبوورێت
ئاووڕی لیْ ناداتەوە
مندالآنی شارەکەی تۆ برسییانە !
بەهار ژانە
بارانی سەوز بە خوڕ دێتە خواریْ
گوڵی گەشی ڕەنگاو ڕەنگی کامەرانی
لەدەشت و دەر ، لە چەم و کێو
لەسەر زەردەخەنەی هەزاران لێو
سەرهەڵدەدات
گەشە دەکات
گوڵی گەشی شارەکەی تۆ هەڵدەوەرێت
لەشی شڕی دادەڕزێت
منداڵەکان وەك پاسارین
لە گوێسوانە
برسییانە !
پایز دلْ ڕێزانە
گەلاْی سەوزو گەشی لەشت
دادەوەرێت

دڵی جوان و گەشت

دادەخورپێت

پەڕەی ئاسۆی سووری هیوات

هەڵدەوەرێت

بەسەر نووکی بزمار ڕێژدا

لەشی بەختەکەی تۆ تێدەپەڕێت

ژینی : ژانە

هاوین وەرزی خوێن سووتانە

هەتاوی قین

دەستی سەختی دەوەشێنێت

نووکی چاوی هیوای ئاسۆت دەسووتێنێت !!

شار: بەهاری شین و واوەیلیّ و گریانە

کانیی ئەشکی پڕ لە ژانە

زستان : وەرزی ڕوو بەندانە !!

هەوری کینە بەسەر شاردا وادەبارێت

ژینی سەوزی تۆی بیّ ژینی پیّ دەتارێت !!

لافاوی ڕق بەختەکەی تۆ

ڕادەماڵێت !

شەقامی شار قوڕ پێوانە

منداڵانی شارەکەی تۆ برسییانە !!

کە شەو دەمرێت

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ

پیّ دەنێتە شەقامی شار

بەڵام منداڵانی شارەکەی تۆ

برسییانە !!

بەدوای ( خەرمان ، وەرزی بەهار ، شەقامی شار )دا دەگەڕێن
بەدوای ( چاوی هیواو ڕەنگی ڕۆژدا )
بەدوای ( دەنگی ئاسۆو گەلاوێژدا )
هەر دەگەڕێن
سەدان پرسیار ئاراستەی دەست
سەرکردەی شار
خێرا دەکەن
هەر چاوەڕێن ،  هەر چاوەڕێن
هەتاو ، ئاوات ، بەهاری شار لە دایك بێت !
هەر چاوەڕێن ، کەی ڕۆژ هەڵدێت ؟!!
ئەمڕۆببێت ، ئەگەر سبەی
ڕۆژ هەڵدێت ، ڕۆژ هەر هەڵدێت
ئا ئەو کاتە تێر تێر دەڵێین
ئۆخەی ، ئۆخەی !!

١٩٧٣/٦/٢٣

# من هاتووم !

من هاتووم
دەستدرازەی بێشکەی ژینی
دوێنێی پڕ تەم
دادڕێنم
شووشەی جامی سەدە تاریکەکان
بەسەر خوو و ڕەوشتی
ناو کۆمەڵگەی دواکەوتوودا
زوو بشکێنم !
دیواری ناو ڕەش و سپیی
شارەکانی ئەم جیهانە
بڕووخێنم !
پەچەی ڕەشی ڕووی ئافرەتی
ئەم ژیانە
بۆ یەکجاری بسووتێنم !
باڵەخانەی تەم و مژی جیاوازی نێو
ئافرەتانی ئەو دیو پەردەی
دەرگەی داخراو و پیاوەکانی
پەلهاوێژی ئەم دیو دەرگەی دانەخراو
بەسەر سینەی عەبای باڵای
ئامۆژگاریی مێژووی دوێنێی
پڕ لە داودا داڕووخێنم

بە ئارەقی کارو هەوڵی نێو چاوانی
هەردوو دەستی ئەم کۆمەڵە
کۆشکی بەرزی ژینێکی نوێ
بە چەسپانی کۆنکریتی بیرو باوەڕێکی ڕووناك
لەناو دڵی ئەم شارەدا دامەزرێنم
من هاتووم
هۆنراوەکانی نیرۆدا
بۆ نێو نیگای کۆرپەکانی
قوتابخانەی دێهاتەکان بخوێنمەوە
پاڵەوانی
ناو چیرۆکەکانی کەنەفانی
لەناو دڵی سۆزی سەوزی
گشت مرۆڤی ئەم چەرخەدا
بژێنمەوە !
سەد پەیمانی ( چی گیڤارا )
بۆ تیماری شائازاری
زامەکانی سەد ( بۆلیڤیا ) ببەمەوە
بە ئاوازی حەیرانێکی فرمێسك ئامێز
زوڵفی زەردی وشەی
شیعرەکانی ( گۆران )
لەبەر چاوی
نەخشەی لەشی تێکدراوی
( مەحموود دەرویش ) داهێنمەوە !
من هاتووم
ڕستەی دەرمانی هۆنراوە

بۆ برینی دڵی هەستی
دانیشتوانی سەدان شاری
وەکوو (یافا ) و ( سانتیاگۆ )
بهۆنمەوە !
لەناو ئێزگەی چارەنووسدا
گۆرانی نوێی سەربەستی بڵێمەوە !
من هاتووم
تۆوی ئاشتی لە نێو باغچەی
ژینی سەوزی شارەکاندا
جوان بچێنم
بۆ دوارۆژی کۆرپەکانم
لە سەنگەری خەباتەوە
بە گشت هیواو ئاواتەوە
تێبکۆشم
هەر بە خوێنم
لە قوژبنی گشت زەویەکی وشك و برنگ
گوڵی گەشی بیرو باوەڕ
جوان بڕوێنم
سەد خەرمانی پیلانی پیس
لەناو مێشکی پڕوپووچی نەیاراندا
بسووتێنم
نارنجۆکی بەر بەرۆکی
جەنگهێنەری گڕ هەڵگیرسێنەری
دوژمنی گەل
بەڕووی خۆیدا بتەقێنم !

گۆمی مەنگی گومڕابوونی
بۆ یەکجاری بشلّەقێنم !
تارمایی جەنگ لەسەر پەڕەی
سەوزی ئاشتی بڕەتێنم !
جیهانێکی کامەرانی
لە شەقامی گشت دلّێکدا
لە باوەشی گشت گولّێکدا
پێك بهێنم
کۆرپەی جیهان ، لەناو باغچەی بەهەشتێکدا
لەسێبەری سۆزی گەشدا
گشت بژێنم
بارانی ماف لەنێو هەوری یەکسانیوە
بەسەر کێلّگەی ژینی
مرۆڤانی ڕووی زەمیندا
ببارێنم
هێزی ڕەشی نائومێدی
لە باوەشی دلّی ژیندا بتارێنم
سنوورەکان
گشت سنوورە دەستکردەکان
دۆخی ئێستەو ڕابوردوویان
بۆ هەمیشە بڕووخێنم ! !
من هاتووم
بە ئاسمانی شارەکانی یەك جیهاندا
بێ پەساپۆرت بالّ گرمەوە
لەو جێگانەی قەدەغە بوون

بۆ پشوودان بنیشمەوە

لەسەر پەڕەی کامەرانی

زوڵفی سۆزی بەستەکانم

بەڕەوانی دابهێنم !

لە ئێستەوە

رشستەی گولاّوی هۆنراوە

بە ڕووی گەشی دانیشتوانی گشت لایەکدا بپرژێنم !

گۆرانی بۆ دواڕۆژێکی زۆر ڕووناکتر

ڕوومەت پاکتر

بە ئاوازو بە سۆزەوە

بە ئامانجی پیرۆزەوە

جوان بخوێنم ، جوان بخوێنم ! !

من هاتووم

کۆشکی خۆشی

لەسەر زەوی هەموو دڵێك

دامەزرێنم

خانووی ڕەشی

نائومێدی لەناو کێڵگەی

ژینی خۆشی

هەژاراندا بسووتێنم

هۆنراوەی نوێ

بۆ دڵداران ، بۆ بێداران

دابهێنم

لە سەنگەری تفت و تاڵی

هۆنراوەدا

پێ هەڵبێنم
واز نەهێنم
تاکوو خەونی هەموو دڵێك
بەدی دێنم ، بەدی دێنم
گۆرانی بۆ ژینی گەشی شارەکەمان
جوان بخوێنم جوان بخوێنم !

١٩٧٥/٨/٢ –١٩٧٥/٣/٤

# به بیرت دێت ؟!

گیانە بە بیرت دێت ؟!
چەند جار گوتم
هەست و نەستم
دەتپەرستم ، دەتپەرستم
بە بیرت دێت چەند جار لە نێو کۆشی دڵداریدا
حەسامەوە
گەشامەوە
تێرتێر نوستم !!
بەبیرت دێت یاخود لە بیرت چوو ؟!
لێوی هیوام
ماچی کوڵمی سووری ئاسۆی کردیت ؟!
دەستی بڕوام
پەنجەی ناسکی
بۆ مەمانی نەرمی بردیت ؟!
لەناو باغچەی خۆشویستندا
ڕووانینەوە
لە باوەشی ئارەزوودا توانینەوە !!
لەسەر پردی کامەرانی
بە ئەوینی خۆمان زانی
ملی ڕێگەی ڕازو نیازی داهاتوومان
جوان گرتبوو ؟!
پەساپۆرتی کیشوەرێکی بێ سنوورمان

وەرگرتبوو ؟!

بەبیرت دێت یاخود لە بیرت چوو ؟!

بەڵام ئێستە لەبەر چی بوو

ڕووی دڵداریت وا هەڵچەرخاند ؟

پەڕەی سەوزی نامەکانت

خێرا سووتاند

شووشەی سەد بەڵێن و سەد پەیمانت وەها شکاند ؟!

لە فەرهەنگی ژینی کورتی دڵداریدا

ناوی منت سڕییەوە

سوخمەی ڕوومەت سووری ژینت

دڕییەوە

بۆچی وات کرد

لە هێلانەی

بەهەشتی دڵ

خێرا ڕات کرد ؟!

لە بیرت چوو چەند جار گوتم

هەست و نەستم

دەتپەرستم ، دەتپەرستم ؟!!

١٩٧٤/٨/١٠

# پەیمانی نوێ بۆ یارە بەنازەکەم !

بەنازەکەم
(حوسێن)ی دڵ
دڵی تەڕی خۆشەویستی
لەبەر ئاوی – فورات –ی ڕووت
هەروەکوو گوڵ
لەناو باخچەی تۆ پەرستی
لە کەربەلای دڵداریدا
هەڵکەنراوە !
لەسەر تاتەشۆری ئەوین
بۆ ڕووباری تینوویەتی
سەربڕاوە !
سەری حەزی بۆ – دیمەشق – ی ڕق
براوە !
سینەی باغت
بە شمشێری – شمر – ی شەڕی
زۆر بێ فەڕی
هەڵەگەڕی
ڕق هەڵگیرسان
بە دوو دەستی ڕق و تاوان
سوورکراوە
مەمکی نەرمی چاوشارکێی تۆ
بە ئاگری تیژی
درەوکردن داغ کراوە
تاڵی سۆزی گێسووی زەردی

گەلاوێژی چەندین ساڵی لەمەوپێشت

بەرەو دەریای خۆخنکاندن

ئاگری تێ بەردراوە

ئارەقی سەر کوڵمی گەشی یادەکانت

شەونمی سەر پەڕەی گوڵە جوانە شادەکانت

هەر خوێناوە هەر خوێناوە !!

دڵدارە بێ ئەندازەکەم

دەنگی زوڵاڵی سازەکەم

لەو کاتەوە

بۆ باوەشی ئەوینی تۆ

هەنگاوم نا

سەد دیواری نائومێدی

لەسەر پەڕەی ژینی ئاوات

خێرا ڕووخا

هەزار بێشەی تەمی چڕی

زامی خڕی

پەرێشانی خێرا سووتا

بەڵام پەرژینی نێو لێوی من و کوڵمی نەرمی

تەقەلای تۆ ، هەر نەڕووخا

پەنجەی هەوڵی بێ وچانی

لەشی هەردوو لەناو پشکۆ

پشکۆی ڕەشی ڕۆژگاری (خوو)

یەک یەک سووتان

پەنجەیەک ما !

لەو کاتەوە تروسکەیەک

گزنگ دەداتە ڕێی هەستم
رشێی فوراتم ڕۆشن دەکاتەوە
هەوڵ دەدەم
بەو پەنجەیە پەرژینی (خوو)
بڕووخێنم
شالأو ببەم
دەرگەی گۆمی ئاوی ئومێد
بکەمەوە
تێر لە ئاوی – ئەوین – ی دڵ
بخۆمەوە
(حوسەین)ی ژین بڕوێنمەوە
ماچ لە کوڵمی زۆر نایابت
بستێنمەوە
مژدەی دێرین بۆ گوڵاڵەی نێو باوەشت
ببەمەوە
بۆ هەمیشە لە پەرستگەی تۆ پەرستی
گوڵی گەشی کارو پیشە
بەدڵ تێر ئاو بدەمەوە
دەستی ماندووم
لە گەردنی زێڕینی تۆ
نەکەمەوە
گەر بشمرم
دەست لە ملی هیوای دێرینی تۆ
ناکەمەوە ، ناکەمەوە !!

١٩٧٤/٨/٢٩

# گۆرانیی نەبەزێك

باهەر دەنگی وشەکانم
لەناو گەرووی قەدەغەدا
بخنکێنرێت !
لە ژێر قاچی وەرزی ڕقدا بپروێنرێت !
بەستەی گڕی هۆنراوەکەم
هەر دەخوێنم !
با هەر پەنجەی دەستی بیرم
لەسەر پەڕەی پەرتووکەکان
تێکبشکێنرێت !
لەناو گۆڕی کۆسپی ڕەشدا
بڕزێنرێت !
من هەر بیرم دەکەمەوە !
دڵ و دەروون دەهەژێنم !
باهەر نووکی پێنووسەکەم
بە پاڵنانی تف و جوێن
تێکبشکێنرێت !
من هەر ڕستەی ئاگرینم
لە ئامێزی توێی برینم
دادەڕێژم
با هەر باڵی پەڕەمووچم
لە زیندانی شەوەزەنگدا
ببەستنەوە
من هەر تابلۆی خۆم دەکێشم

با هەر سازی پڕ ئاوازی
بەستەکانم
لەباوەشی ئیزگەکاندا
بسووتێنرێت !
ئەو کاتەیش هەر گۆرانیەکەم
تۆمار دەکەم
مژدەی خۆشی و کامەرانی
پڕ شار دەکەم
با هەر ڕێگەی ڕوونی ژینم
پڕ لە داوی مردن بکرێت
بۆ زەلکاوی پڕ زووخاوی
کینە ببرێت
من گرتوومەو بەری نادەم
ئەو پەیمانەی لەسەر پەڕەی
خەون و ئاوات
نەخشەم کێشا
بەدیی دێنم
تا کۆتایی هەناسەی ژین
واز ناهێنم ، واز ناهێنم ! !

١٩٧٤/٩/١٦

# بمتوانیایه !!

بمتوانیایە
زەردەخەنەم دەخستە سەر لێوی گریان
گڕی سوورم
بەر دەدایە چەمی تاوان
نارنجۆکم فڕێ دەدا
بۆ ئامێزی سەنگەری ژان !
لەسەر پەڕەی سەوزی ژیان
دەمسڕییەوە
گێسووی خۆشیم دادەهێنا
چنگی هەوڵم دەکوتا بۆ
مەمکی توندی ژینی ئاسان
باوەشم دەگرتەوە
بۆ پرشنگی کێڵگەی ئاشتی زۆر فراوان
وەکوو گوڵاو بەسەر هەموو
قوژبنێکدا دەمپرژاند !
***
بمتوانیایە
کانیی ئەشکم بەبەست دەکرد
نەمدەهێڵا
لە جەنگەڵی چاوی کاڵی مرۆڤاندا
دەست بکاتە باران
قوڵەڕەشی خۆشەویستیم دەردەهێنا
لەنێو زیندان !
ژینی خەڵکیم سەربەست دەکرد

له نینۆکی خوو و ڕەوشتی
سەدە ڕەشە تاریکەکان !
تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی
خوو و ڕەوشتی چاخێکی نوێم
دەهێنایە کۆشکی ژیان
بۆ قازانجی
پڕ ئامانجی
دانیشتووان ، دانیشتووان !
***
بمتوانیایە
لەسەر چەقی ئەم ڕێگەیە
ڕێگەی نەمان
یاخی دەبووم
لە یاساکان !
بەندی یاسای ڕاستی یەك ڕووم
دادەڕێژا
تێکم دەدا پەت و زیندان
دەستی ماندووم
دەخستە سەر سکی پشووم
بۆ کۆرپەکان !
بۆ کۆرپەکان !
بمتوانیایە
گڕی سوورم
بەردەدایە
بێشەی وەرزی گەڵاڕێزان

بالأی ساڵی هەموو ژینم
دەکرد بە یەك بەهاری سەوز
وەرزێکی وام جوان دەنەخشاند
دوور لە خەزان !
کێوی سەختی نائومێیم وا دەڕووخاند
لەناو باغی دڵی هەموو دڵداراندا
سەد ئاواتم جوان دەڕوواند !
پەساپۆرتی چاوی ساغم
دەسرپیەوە
بۆ کوێرەکان !
جیهانێکی زۆر قەشەنگم
پیشان دەدان !
ژینێکی نوێم دروست دەکرد
دوور لە ڕەگی چەوسانەوە
جیهانێکی دیکەی گەشم
دەهێنایە سەر ڕووی ژیان !
پڕ لە خۆشی و حەسانەوە
بەلأم ئەم هیوایە لە دڵدایە
ئێوە دەڵێن
بۆم دێتە دی یاخود هەرگیز
بەدی نایە !!؟
ئەمڕۆ ببێت یاخود سبەی دێتە کایە !

مانگی ١٩٧٤/٩

# پەژارەی بەیەك گەیشتنی دوو دڵ !

خاتوونەکەم
کاتێك ئاوی تەنیایی خۆم
دەخۆمەوە
جۆگەی هیوام وشك دەکات
یادی ڕۆژی رابوردوومان
دەکەمەوە
فرمێسکە زۆر گەشەکانت
دەبنە تۆفان
دەبنە خوڕەی توندی باران
وشەی زاری
ڕێی دڵداری
دێڕەکانی هۆنراوەکەم
دەسڕنەوە
جارێکی دی
لەناو کۆشی غەمی سووری بێداریدا
خۆم و دڵم
دەدۆزمەوە !
*****
خاتوونەکەم
کڵپەی پشکۆی دەروونەکەم

لەو کاتەدا لێوی گەشی

ئارەزووی تۆ

جوان باوەشی

بۆ ماچی  سەر کوڵمی وشەی

دوا هۆنراوەم

دەگرێتەوە

زۆر حەز دەکەم

ببمە پەپوولەیەك

بە ئاسمانی پەژارەتدا

باڵی حەزم بگرمەوە

هەنگوێنی نێو شانەی نیازت

بکڕمەوە

تێر بینۆشم

تێبکۆشم

هەر بۆ ئەوەی گڕی کوانووی بەژنی نازت

نەبڕێتەوە

بۆ زیندانی تاریکە شەو نەبرێتەوە  !

*****

خاتوونەکەم

ئەی هەورازی ونبوونەکەم

لەو کاتەدا باڵای تەڕت

سنگی پانی وەك مەڕمەڕت

لەسەر قاڵیی پەرێشانی

ڕادەکێشیت

سەد هەناسەی ساردو سڕی

پڕ لە گڕی
پەشێویم پێ هەڵدەکێشیت
زۆر حەز دەکەم
بەدەریای بێ سنووری
خۆشەویستی
تینوویەتیی بەژن و باڵای
تامەزرۆییت بۆ بشکێنم
لاشەی ڕەشی چی غەم هەیە
بپروێنم
تۆوی گەنمی پێك گەیشتن
بوەشێنم
لە بەهاری هاوسەریتدا
بژێمەوە
پەلکی خۆشیت بۆ بچێنم
بۆ هەمیشە لە باخەڵی دڵداریتدا
بڕوێمەوە
خاتوونەکەم !!

١٩٧٤/١٠/١

# بەستەیەك بۆ سانتیاگۆ

سانتیاگۆ
خەفەت مەخۆ
مژدە دەدەم بە گۆرپەی تۆ
ڕۆژێکت دێت
ڕقی دڵت لە چاویاندا
بێتە پشکۆ !
کەڵپەی پیسیان
بە تەقەلاو بەرگریی گەل
وردو خاش بێت !!
لە سێدارەی هەوڵت بدرێت
سەد ( ئەلندی)ی ئاواتی گەش
لەدایك بێت
خۆری هیوات خێرا هەڵێت
(نیرۆدا)ی نویێ
لە شارو دێ
بەستەی سۆزی کامەرانی
بە باڵاتدا بڵێتەوە
ئاوازی نوێی بۆ دابنرێت
گەلی باوەڕ
بیڵێتەوە !

دەرگەی خۆشیی شەقامەکان

بۆ پێشوازی شەهیدەکان

بکرێتەوە !

دەنگی هۆرەی نەبەزیی تۆ

هەر چوار گۆشەی هەموو جیهان

بگرێتەوە !

لێوی ئۆخەی

ئۆخەیەکی نەرمی بێ پەی

لەسەر زاری پڕ بەهاری

دانیشتوان

بۆ هەمیشە بخنێتەوە

سانتیاگۆ

خەفەت مەخۆ ، خەفەت مەخۆ

هەتاوی گەل

هەڵدێتەوە ، هەڵدێتەوە !

١٩٧٤/٩/....

# خۆشم دەوێیت !!

خۆشم دەوێیت
من باڵندەی ماندووی پشوو
تۆش هێلانە
من منداڵی وڕك گرو
تۆ جۆلانە
من نەخۆشی دڵەکوتەو
تۆ ڕازیانە !
*****

خۆشم دەوێیت
تا قووڵایی ، تا ناخی دڵ
تا ئەو کاتەی دەستی لەشم باوەش دەدات
لە گەردنی تاریکیی گڵ
لە گۆڕیشدا ، خۆشم دەوێیت !
*****

خۆشم دەوێیت تا چاو بڕکات
یاخود دوور بین
بۆ خۆرهەڵات
بۆ خۆرنشین
بەرەو ئاسمان
تا ئەوپەڕی زەریاو جیهان

خۆشم دەوێیت !

*****

خۆشم دەوێیت

تا دلۆپێك خوێن و هەستی

خۆشەویستیم

لە دڵدایە

تاوەکوو بۆن

چیرۆکێکی بێ پایانەو

لە گوڵدایە

تاکوو بینام ملوانکەیەو

لەگەردنی ژوواندایە !

تاکوو پەلەو چاوەنواڕی

پاسارییەکی سەرگەردانەو

لە باوەشی ئاسماندایە

خۆشم دەوێیت

سەد ئەوەندەی خۆشەویستی

خۆشم دەوێیت !

١٩٧٦/٦/١٥

# گەشتێکی خوێن ڕژاو

بۆ چەندین جار ڕێم گرتەبەر
گەیشتمە شار
دوای دابەزین
لە ئوتری شین
بەڵێن ، پەیمان ، سوێندو بڕیار
کەوتنە یادم
تۆزی زەردی ڕێگەم تەکاند
لە جل و بەرگ
لە بێشەی مەرگ
دوور بوومەوە
کۆشکی ڕەشی غەمم ڕووخاند
خورپەیەکی سۆزی قەشەنگ
بێ هاوارو گریەو بێ دەنگ
کەوتە دەریای دڵی کوڵم
هەنگاوم نا
بزەی سەر لێو بووژایەوە
دەروون و دڵ گەشایەوە
وەکوو باڵدار خۆمم کوتا بۆ ماڵی یار !
*****
بە ڕێگەوە

هەزارەها ئارەزووی گەش
لە خەیاڵدا سەریان هەڵدا
گەرمی باوەش لە پەناوە
سەد دەنووکی لە تامەزرۆی
دڵم دەدا
کۆتری خۆشی شەقەی باڵی
دەنگی سۆزی دەدایەوە !
بۆ گەیشتن بە باڵای یار
دەتوایەوە
بە پەلەپەل
وەکوو پەلەی کاروانی مەل
بە کۆڵان و شەقاماندا
ئوقرەم نەگرت
یاخەی سەختی ماندووم دڕی
لەبەر دەرگەی ماڵی یاردا
خێرا ڕووام
لەبەر ئەشقی سۆزی ڤینۆس
بووم بەداری یوکالبتۆس !
پەنجەم لەسەر زەنگی
پڕ لە دەنگی
کۆشکی قەشەنگ
گیرسایەوە
دەنگێکی بۆز
لەو دیو پەردەی دەرگەکەوە
پرسیاری کرد

ئەوە کێیە !؟
خەڵکی کوێیە ؟!
کە وەڵامی درایەوە
دیسان لە نوێ
پرسیارەکە کرایەوە
ئەنجا نارنجۆکی وەڵامێکی ناخۆش
لە پەردەی گوێی دڵداریمدا
زرنگایەوە !!
ئەو وەڵامەیش دەیگوت
کامەرانیت سەربڕاوە
چەند ڕۆژێکەو
کەژاڵەکەت بە بووك چووەو
گەشتەکەشت دوا گەشتتەو
لەبەر دەرگەی خوو و ڕەوشتدا
خوێنی گەشی
ڕژێنراوە ، ڕژێنراوە
١٩٧٤

# دوو دیمەنی هەردوو دیوی بەسەرهاتی وێنەیەك

## یەکەمین دیمەن

کاتێك ویستم
لەناو قرچەی ژانی تاڵی
شیندا بدوێم !
پشکۆی تیژی کوانووی جنێو
زەردەواڵەی چزوودار بوو
چزەی سووری
لە ئاواتی مایکرۆفۆنی دڵم هەڵساند !
پەنجەی کۆرپەی زوانی سووتاند !
دەنگی زرەی هەزار زنجیر
لەژێر خانی ئازاری بیر
وەك نووکی تیر
دەهاتە گوێم
ویستم بفڕم
ویستم پەردەی ڕەشی بێ دەنگێتی
خێرا بدڕم
ویستم بدوێم
گەرووی وشەی زاریان تاساند !
******

## دووەمین دیمەن

من دەمەوێت بڕۆیم ، بدوێم
لەناو ئیزگەی گەشی هیوا
بە ئاوازی بڵندو بەرز
وشەی سۆزی هۆنراوەکەم
بۆ خاتوونە داماوەکەم
خاتوونە جوان ڕازاوەکەم
لە ژوانی یەك بینیندا
جوان هەڵواسم !
زامەکانمی پێ بناسم !
من دەمەوێت
سوپای چاوەڕوانی
بشکێت
شوورەی پەرێشانی
بڕمێت!
خونچەی هەتاو ، زاری گەشی
بۆ هەموومان بکاتەوە !
هەر کۆرپەیەك بۆ باوەشی
دایکی سۆزی بڕواتەوە !
هەر دڵدارێك ، بۆ ئامێزی بانووی حەزی
مل نێتەوە !
من دەمەوێت لەم کاتەوە
بە تاسەوە بڕۆیم ، بدوێم !!

.../ ٩ /١٩٧٤

# جریوەی ئەستێرەی باوەڕ

وشەکانم تیشکی ڕۆژن
لاشەی غەمی دڵی جووتیار
زوو دەنێژن !
کێڵگەی سەوزی هیوای دڵیان
تێر ئاو دەکەن !
خوێنی لەشی چەوسانەوە
دەگرنەوە
کۆشکی بەرزی حەسانەوە
بۆ هەزاران هیواو ئاوات
دروست دەکەن
پەنجەی مژدە بۆ ئەستێرەی
ئاسمانی ڕازاوەی شار دەبەن
تابلۆی بەهار
بۆ سەد نەورۆز دادەتاشن
بۆ هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکی ئامانجەکان
سەد شاباشن ، سەد شاباشن !
*****
بڕوام کرە
تینی شاری لاشە سڕە

تەمی چڕی دەروونی شار
دەسووتێنێت
(ئەسکەندەر)ی ڕق و کینە
دەبەزێنێت
نانی جوانی کامەرانی
دەبرژێنێت ، دەبرژێنێت
ئاسۆی هیوام
تابلۆیەکی زۆر ڕووناکە
کۆرپەیەکی ڕوومەت پاکە
ئالأیەکە بەرزو بڵند
لە ئاسمانی دێهات و گوند
دەشەکێتەوە
ئەستێرەیە، بە ئاسمانی گەشی باوەڕەوە
جریوەی دێت
جریوەی تەڕ
ڕێگەیەکە ڕاست و ڕەوان
ڕێگەی کاروان ، ڕێگەی کاروان ! !

١٩٧٤/٨/٢٠

# دوو وێنەی غەمبار لە چوارچێوەیەکی پەستدا !

## ملوانکەی غەم

گەر پێت بڵێم
لە زستانی هەژاریدا چۆن دەسووتێم ؟!
لەسەر شۆستەی بەختیاریدا
چۆن سوپای غەم
ڕێ دەگرێت لێم ؟!
لەناو دەشتی دڵداریدا
چۆن هەورو تەم
دەبەستن پێم ؟!
ئا ئەو کاتە وەك ملوانکە
غەمی شینت دەکردە مل !!
گڕی جەنگت
لەگەڵ ڕەنگی سوورو زەردو
بۆنی سمڵ
هەڵدەگیرساند
هەر گریانت
بۆ ڕشتنی چاوەکانت
دەکردە کل !!
******

# خەون

غەمبارەکەم

تۆ گوتبووت گوایە جار جار

دێیتە خەوم ؟!

نازدارەکەم

منی بێدار ، شێت و بێزار

کە نەخەوم

چۆن بالآی تۆ دێتە خەوم ؟!

چونکە بێ تۆ

شەونخوونی ڕێبوارێکەو

بەسەر زامی بێداریمدا

بەڕێوەیە !

دڵی غەمیش، لە دووری تۆ

بۆ غەم خواردن بە پێوەیە !

ئیدی بێ تۆ

چۆن دەخەوم ، چۆن بخەوم

غەمبارەکەم !!

١٩٧٦/٣/...

# هەڵپەڕكێیەك لە مردنی گریاندا !

كە پێكەنین هات پێكەنی
دەستی خۆشی خستە ملی زەردەخەنە
گریانی زەرد لە داخاندا ، تێر تێر گریا
هاواری كرد
پێ مەكەنە ، پێ مەكەنە
ئەگینە من دەبمە دەریا !!
كە پێكەنین بزە گرتی و خۆری هەڵهات
پەژارەو غەم لە ڕقاندا
بوون بە زووخاڵ
بە هەستی لاڵ
بوون بە چێژی ژاڵكی تاڵ
بەسەد داخ و هەناسەی سارد
تا هەزار ساڵ
خەفەتیان خوارد، تاكوو تەقین
ژانی شینیش ، قژی ڕەشی خۆی ڕنی
ئیدی بێشكەی تووڕەو ڕقی ڕانەژەنی!!
لەو كاتەدا كامەرانی
بوو بە منداڵ
بە دیمەنی دوو چاوی كاڵ
بە گۆرانی
گۆرانیی دەشت و دەرو سەر ڕێی كانی
لەناو زەماوەندی ژیندا
لە دەشتێكی بەریندا
بۆ یەكەم جار سەرچۆپی گرت

بۆ پێشوازی بووکی بەهار
ئالآی غەمی خێرا دڕی
لە مردنی گریەو شینداتێر هەڵپەڕی ، تێر هەڵپەڕی !

# حەز لە سووتاندا

لێت دەپرسیم ، چاوم وێڵە
بیرم لێڵە
بەدووی چاوی تۆی هۆنراوەو یادەکاندا
ئەتۆ لە کوێیت ، بۆچ ناڵێیت پێم ؟!!
لە مێژەوە منیش دەڵێم
نە تینوومە ، ڕووەو دەریا
هەنگاو دەنێم !
نە برسیمە ، ڕووەو کێڵگە
ڕێ دەپێوم
لەناو ئیزگەی ئارەزوودا
هۆرە دەڵێم
داری سەوزی حەزم دەنێم
ئەی چاوکەژاڵ
ئیدی بەسە ، مەمسووتێنە ، با بسووتێم
بمسووتێنە ، با نەسووتێم
گەر نەسووتێم
نازانیت کێم
گەر بسووتێم
دەزانیت پێم
من لەپەڕەی ژین
لە لاپەڕەی گەشی ئەوین
نووسیومە

سووتان خۆره

هەر هەڵدێت لێم !!

سا مەتۆره

با نەسووتێم ، با بسووتێم

ببمە هەتاو

بە ڕووناکی

بەبێ باکی

بەهەزار چاو

ڕوون کەمەوە !!

دڵ مەگۆڕه ، سەر بدە لێم !!

تا لە شاری سووتانمدا

دەتوێمەوە

بۆ هۆنراوە دەبمە دووکەڵ

بە چوارچێوه

بە دوو باڵی ئاوێنە مەل

بۆ ماچێکی ئەو دوو لێوه

سەری حەزم دەنێمەوە !

لە باوەشی گۆرانیدا

بەستەی تازه

بۆ چاوانت دەڵێمەوه

دەڵێمەوه !!

١٩٧٦/٤/٥

# باران زامی ڕابوردوو ناشواتەوە

به بیرت دێت
به فڕۆكەی تیژڕەوی ماچ
به ئاسمانی ئارەزوودا
هەردوو، باڵمان دەگرتەوە !
لەناو باغچەی بیرەوەری
ڕەنگاوڕەنگدا
مۆری پەنجەی مەم و زینی
ناو خەیاڵمان
دەبردەوە
بەبیرت دێت
جیهانمان لا بەهارێك بوو
لەناو ژینی دڵداریدا
ڕووبارێك بوو
بەكەڵەكی ئارەزووی كوڵ
دەمانبڕی
دڵ منداڵ بوو
له خۆشیدا هەڵدەپەڕی ،
هەڵدەپەڕی !
******
كه پەیكەری یادەكانت
به قوڵنگەی بێ پەیمانی
تووڕ داو شكاند
لەسەر لەشی كامەرانی

بوون بە زام و
ژانیان لەنێو کێڵگەی هەناسەمدا ڕوواند
کە شوێن پێی تۆ لەسەر نەخشەی ڕابوردوومان
بوو بە گریان
نە بارانی مژدەو خۆشی
نە هەناسەی جوانی
نەیانتوانی
زامی تیری یادەکانت
لەسەر پەڕەی ژینی ئەوسام
بشواتەوە
نەهەنگەکان
نەیانتوانی
دەریای قووڵی
شونخوونی و سەد بێداریم بخۆنەوە !
نەیانتوانی ، نەیانتوانی
ئەی ناسکۆڵە تۆراوەکەم ! !

١٩٧٦

# سەرەتای پرسیاری بێ تابلۆ

دایە کێ نایەوێت پەلکی تیشکی
خۆر بهێنین بۆ شارەکان ؟!
کێ نایەوێت ، خەو بێنین بۆ بێدارەکان ؟!
وەڵامێکی ڕوون و ڕەوان
بهێنین بۆ بێچارەکان ؟!
حەسانەوە بهێنین بۆ هەژارەکان ؟!
کێ نایەوێت
زەردەخەنە
بهێنین بۆ لێوی بار لێ نیشتووی گشت یارەکان ؟!
کێ نایەوێت لەیلایەکی دی
بهێنین بۆ دڵدارەکان ؟!
کێ نایەوێت وەڵام بێنین
بۆ ڕووباری پرسیارەکان ؟!
کێ نایەوێت
فەرمانێکی سەدان قۆناغ
بێنین ، بیدەین
بە سوارەکان ؟!
کێ نایەوێت ، کێ نایەوێت ؟!

١٩٧٣

# ئاوێنەی نیاز

نیازم وابوو بارانی لێو
بەسەر دەشتی سینەتدا
ببارێنم !
لە ناخی یادەکاندا
دڵی خۆشەویستیم
لەسەرچاوەی گیانی ئەوینمەوە
بۆ ئارەزووی چاوەکانت
دەربهێنم !
نیازم وابوو ژوانێك بم
بەرۆکی باڵا شیرینەکەت
بەرنەدەم !
لە باوەشی گوڵاڵەمدا
سەرخەوێکت
بۆ بشکێنم !
نیازم وابوو چاو ببڕم لە چاوت
گلێنەکەم بخزێنمە چاوانتەوە
کامەرانی پێ ببینم !
تاکوو دەبمە
ئاوی سازگاری کانیی ئەوین
هەر بۆ ئەوەی تینوێتیت بشکێنم !
******
نیازم وابوو ببمە پەپوولەیەك
لەسەر گوڵی گیانت بنیشمەوە !
ببمە ژیان
بێمە ناخی ژیانتەوە

ببم بە گیان
بێمە گیانتەوە !!
******
بگرە ئەوە تۆمارگەی ژینم
بە ئارەزووی خۆت بینووسەوە !
ئەوە زام و گشت برینم بە مەرهەمی دەست و پەنجەی
لارو لەنجەی
نازەکانت بپێچەوە !
بگرە ئەوە چاوم
وەك ئاوێنە
لەنجەکانتی تیا بنوێنە !
زوڵفی خۆشی شانە بکەو
زەردەخەنەو پێکەنینی
تیا بڕوێنە !
ئەنجا ببە بە فریشتەو
خاوەندی چاو
وەکوو منداڵ
تێر بدوێنە !
بگرە ئەوە ژینم وەکوو دەریاو
بە پاپۆڕی ئەوینی نوێ
بەرەو ئامانج بە جەرگەیدا
پێ هەڵبێنە
بەلاّم هەرگیز ئەو دڵەیەم
لە ناسکیدا وەك شووشەیە
مەیشکێنە ، مەیشکێنە !!

١٩٧٦/٨/١٧

# چەند تابلۆیەکی نەکێشراو !

من دەمەوێت تابلۆیەکی وا بکێشم
ڕەنگی گۆنای
وا بڕێژم
لە قەوارەی تابلۆکانی هەموو جیهان
گەورەتر بێت
لە خەیاڵی هونەرمەندان
زۆر قووڵتر بێت
بەژن و باڵای
هیواو ئاڵای
گشت گەلانی تێدا دابڕێژم !
******
تابلۆی یەکەم
دژی ستەم
بڕێك پەزی خرت و سپی
لەناو دەشتی سەوزی بەهار
دەلەوەڕێن
کاکی جووتیار
لەگەڵ هوزار
هۆرە دەڵێن !
سەرووی تابلۆ
هەر گوڵزارە

لەسەر چەقی ڕێگەکەی شار
گورگەکانی هەر حەوت قاڕە
ملی ڕقیان گیر کراوە لەسێدارە !!
******
تابلۆی دووەم
دژی ڕق و هاوارو غەم
ڕەنگی تابلۆ
سێ ڕەنگی جوان
لەخوارەوە
سەوزی سەنگین
لەناوەڕاست
ڕەنکی زۆر شین
ڕەنگی ئاسمان
لەسەرەوە
ڕەنگی پشکۆ
لەنێواندا
خۆرێکی زۆر مەزن و ڕووناك
کۆرپەی تیشکی جوان دەبەخشێت
بە دایکێکی خاوێن و چاك !
زەردەخەنەش لەسەر لێوی ڕەنگی سپی
وەك بارانی کامەرانی
دێتە خوارێ
بێ ورتەورت بێ هاوارێك
دێتە خوارێ !!
******

تابلۆی سێیەم

(خەونێك)

لەسەر لووتکەی بەرزاییەك

(مەسیح)ی نویَ ڕاوەستاوە

دەست بلاَوە

ڕاستی و ژیان دابەش دەکات

بەسەر کێڵگەی فرەوانی

بێ پایانی

کۆتری شاردا !!

*****

تابلۆی چوارەم

لەناو قرچەی تاریکی تەم

لەبەر دەرگەی چاوتێریدا

(حاتەم)ی نویَ سەری قاڵە

بەهەزار دەست تێدەکۆشێت

منداڵەکان دەوریان داوە

خۆشیەکەیان گڕو گاڵە !!

لە دامێنی تابلۆکەدا وا نووسراوە

((شەوەزەنگی برسێتییە

لەناو گڕی گەنمی ڕۆژدا سووتێنراوە ) !

******

تابلۆی پێنجەم

(هیوا)

لەلای چەپی ئەم تابلۆیە

تفەنگێکی شڕو شکاو

لەسەر پشتی زەردی مێژوو
ڕاکێشراوە
(هیتلەر)ی چەرخ فرێی داوە
لە شەرماندا
مۆر تێی داوە
پوتورکاوە
(لەناوجەرگەی تابلۆکەدا)
داری زەیتوون ڕوێنراوە
گەلای سەوزی
پڕ لە ئاوە
باڵی سایەی بەسەر هەموو شارەکانی
ڕووی جیهانی
تابلۆکەدا ڕاکێشاوە !!
******
تابلۆی شەشەم
چەمی بێ تەم
ئەم تابلۆیە تابلۆیەکی بێ گریانە
هەتاوی گەل هەڵهاتووە
لەسەر ئاسۆی هیواو ئاوات بێ پشووە
(لەدامێنی تابلۆکەدا)
شارێکی زۆر بێ دەنگ .. هێمن
(هەر کوێ دەڕۆیت)
هەر ژیانەو کامەرانە !!

١٩٧٤/١١/٢٦

# کامیرای هۆش

( له ژووری خه‌یاڵدا ، کامیرای هه‌ردوو چاوی هۆشم خسته سه‌ر ڕووی مردن )

١

ده‌روێشێك بوو، مێزه‌ر به‌سه‌ر
له‌به‌رانبه‌ر کۆشکی ترسدا
دوو چاوی لێ داچه‌قاندم !

٢

له‌سه‌ر په‌ڕه‌ی بنه‌مێچی ژووره‌که‌دا
وه‌ك پاسه‌وان
هاته به‌رچاو
به‌بێ زمان ورته‌و گریان
له‌مه‌ره‌زه‌ی سه‌وزی ژیندا
قه‌ڵماسکی
پڕ باسکی
تێ ته‌قاندم ! !

٣

لەسەر مێزی سەوزی ژیان

دڕندە بوو

نینۆك ، سمێڵ ، کلك درێژ

وەك گێژو وێژ

دانی تیژی بۆ ڕواندم ! !

پەپکەی بەختی لێ ڕفاندم ! !

لەسەر پشتی دڕك و داڵی

نەبوون ، نەمان

دەیکڕاندم ! !

****

( ئا لێرەدا کامێراکە کوژایەوە

لە ژوورێکی نەخۆشخانە لەشی سڕم

ڕاکێشرابوو

لەو کاتەدا

دەروازەی ژان کرایەوە

پەردەی ساغی دڕایەوە

برینی لەش گیرسایەوە ) ! !

# سێ وێنەی یەکگرتوو

## یەکەم

لەسەر مێزی نووسەرێکدا
مەرەکەب و پێنووسەکان
هاتنە دووان
یەکەم گوتی ئەگەر بێت و
نووکەکانتان لەناو بران
کەس بۆی ناکرێت
ڕەنگی ئێمە بسڕێتەوە
بەری وزەی لافاوێکمان
بگرێتەوە !

## دووەم

لە چەمێکی چڕو پڕدا
دارێکی سەوز ڕووی درژبوو
تووکی سەری
گشت کرژبوو
گوتیە هەڕە
خۆ بینیوتە ڕەنگم گەشەو
دڵم تەڕە !!
لەگەڵ ئەوەش لە تۆ ناگرم
ڕقی زۆرم لەداربڕە !!

# سێیەم

ڕێبوار گوتی : بەڵی ئەی ڕێ
هەر لە ئێرە
تا ڕێی کاکێش
درێژتر بیت
هیواکانم لەگەڵ خۆمدا
دەکەمە کێش !
هەزاران هەنگاویش بیت
هەزاران کەندو چاڵی
پڕ داویش بیت
منی هەتاو
بەیک هەنگاو
دەگەمە جێ ، دەگەمە جێ ! !

١٩٧٥/١١/...

# سروودی خۆشەویستی !

خۆشەویستی
تۆ دەردێکی زۆر کوشندەیت
تۆ شیرپەنجەیت
تۆ هەنگوێنیت ، بەڵاّم تاڵیت
لافاوێکیت لەناکاودا
سەرهەڵدەدەیت
تەمەنی زۆر لە دڵداران
ڕادەماڵیت
تۆ نهێنیت
لەناو دڵی دڵداراندا
خۆت مات داوە
بازنی ڕەشی مردنت
کردە دەستی هەزاران زین
تۆ مەمت کوشت
خوێنی دڵی فەرهادت ڕشت
لەبەر بالاّی بەرزی شیرین
جارێکی دی وەك هەنگوێنیت
دوو دڵی زۆر بەکوڵ و جۆش
بەیەك دیکە دەگەیەنیت
جارێکی دی ئێمەی داماو

دڵ برژێنراو
بەدەست سوپای تۆوە
خەریك ماوین
دەست لە ئەژنۆ
دۆش داماوین
خۆشەویستی
تۆ برینیت ، تۆ گریانیت
قینیت ، ژانیت
تۆ نهێنی ئەم ژیانەیت
بێ پێوانەیت
بەڵام هەرچۆنێك بێت
تۆ هەیت ، تۆ هەیت
تۆ ئاشکرایت ، ئاشکرا نیت
تۆ نهێنیت، تۆ کوشتنیت
تۆ مردنیت
تۆ ژیانیت
دەردێکی وای بێ دەرمانیت
هەرچۆنێك بێت تۆ هەیت تۆ هەیت ! !
تۆ گوڵێکی نەکراوەیت
چیرۆکێکی شانۆگەری بێ پراوەیت
خۆشەویستی ! !

١٩٧٥/١/٢٤

# داخوازی

ئەی زوڵف شۆڕ ، کیژۆڵەی کۆڕ
ئەو کاتەی کە یەکەم نامەت
دایە دەستم
دڵ داخورپا ، وا خرۆشا
هەست و نەستم
ئەندامانی لەش هاتنە لەرزین
پلەی گەرمای ئاسمانی دڵ
بەرەو باشوور ڕێی گرتە بەر
پەلەووری ژمارەکان
بەرەو سنوور گشت دابەزین
لە هەرێمی خۆشی دڵدا
بوو بە تۆفان
بە تۆفانی خەنەبەندان
ئەی زوڵف شۆڕ
ڕەتێنەری غەم و ناسۆر !
*****
ئەی کیژۆڵەی پێکەنین و زەردەخەنە
دەی ڕاچەنە
بێشکەی ڕێگەی بێگەردی دڵ
بێ ترس و سڵ
ڕابژەنە

بە گولاوی مێخەك ، سملّ
پەڕەی سەوزی نامەکانت
تۆمار بکە
بۆ ناو کۆشکی پێکگەیشتن
هەر غار بدە
*****
ئەی کیژۆڵەی هیواو ئامانج
ئەی نەیاری تیرو توانج
لەو کاتەوە ئەسپی خەیالّ
لەمێشکمدا زین کراوە
جووتە کۆتری خۆشی داویە
لەشەقەی بالّ
بەو هیواوە سایەی هەردوو
ببنە یەکێك
ببنە پێکێك
لەسەر مێزی کامەرانی
کۆرپەی ئاوات بیخواتەوە
هیچ هێزێکی کۆنەپەرست
پێوەندی دلّ هەرگیز جودا نەکاتەوە
ئەی ناسکۆڵەی زەردەخەنە
دەی ڕاچەنە
خێراکەو زوو بێشکەی ڕێگەی
بەژن و بالآی پێکگەیشتن ڕابژەنە
دەی ڕاچەنە دەی ڕاچەنە ! !

١٩٧٤/١١/٣٠

# چوار كورته هۆنراو

## حەز

من حەز دەكەم
بزەیەك بم لەسەر لێوت
هەڵبكرێم و نەكوژێمەوە !
وشەیەك بم
لە ناو سینەی پێكەنینی هەردوو سێوت
جێ خۆش بكەم
نەسڕێمەوە !
من حەز دەكەم
هەر حەزێك بم
لە فەرهەنگی كامەرانیی حەزی تۆدا
گەشە بكەم
لە زستانی پڕ ڕەهێڵەو ڕەشەبادا
نەتوێمەوە !

## خێوەت

لەناو سینەی ئارەزووتدا
بەنازەوە
دوو خێوەتی لیمۆ ئاسا
بە نەوایی و دڵخوازەوە
قنج و قیت هەڵتۆبزیون
لێ تامەزرۆی پەنجەكانم
بۆ گوشینیان

هەر لە مێژە
زەردەخەنەو پێکەنینیان
لێ تۆراوە
سا تۆ وەرە ، ئەم پەنجەرە
لەبەردەمی حەزەکانی پەنجەکاندا
بکەرەوە
نەك یەك و دوو
بەڵکوو هەزاران ماچی سەوزی
پڕ ئارەزوو ، ببەرەوە ! !

## دڵ

ئەی کیژۆڵە خرپنەکە
خۆشم دەوێیت و ناوێرم
بەبەر چاوی بەربڵاوی
نەیارانی ئەڤینەوە
بیدرکێنم
خۆشم دەوێیت و ناوێرم
کۆتری سپیی سەر لێوانت
لەناو باخچەی دڵداریدا
هەڵفڕێنم ! !
چاوەڕوانی دەرفەتێکم
لە شارێگەی خۆشەویستی
بەیەك بگەین
دڵی خۆمت بۆ دەربێنم
تێر بتدوێنم ، تێر بتدوێنم ! !

## کامیرا

حەزم دەکرد لە ژیاندا
خاکی ڕێگەی ژێر پێی تۆ بم
ڕیزی ژێر پێت لەسەر لەشم
خۆری هەڵبێت
ئاوا نەبێت
نەڕواتەوە
کە پێت نایە دڵ و جەرگی خەزانمدا
شوێنەکانی ببنە نەخشەی خۆشەویستیو
ئەوینی تۆم هەرگیز لەیاد نەباتەوە
حەزم دەکرد کامیلارا بم
بۆ یادگاری یادەکانت
ناسکە بزەی لێوەکانت
تۆمار بکەم
وێنەی جوانت
پڕ شار بکەم
لەبەر ئەوەی تینوویەتیی نەهەنگەکان
نەمخواتەوە ، نەمخواتەوە ، نەمخواتەوە !!
دڵدارەکەم !                                   ١٩٧٦

# دڵ کۆشت بۆ دەگرێتەوە

چۆن دڵۆپەی باران
بە زەمیندا ڕۆدەچێت و
دەگاتە لای
ڕەگ و ریشەی درەختە زۆر تینووەکان
منیش چەشنی باران
دێم و بەسەر سنگ و مەمکی
تینوێتیتدا پەڵە دەدەم !
تینووی چەندین ساڵەی دڵت
بۆ دەشکێنم !
******
دەزانیت چۆن دایکی دڵسۆز
دایکی پەرۆش
چۆن منداڵە وونبووەکەی دوای هاتنەوەی
دەگرێتە کۆش
منیش ئەوها
دوای لێکبڕان
دوای خەزان و گەڵاڕێزان
تۆی نەونەمام دەخەمە نێو دڵی باوەش
دەتخەمە نێو کۆشی باوەش
دڵ کۆشت بۆ دەگرێتەوە
لە باوەشی پێکەنین و کامەرانیی بێ وێنەدا
دەڕوێتەوە ، دەڕوێتەوە !!

١٩٧٦

# ڕێگەی خەون و ئاوات

داری خۆشیی وەرزەکانم

لەناو باخچەی تێکۆشانی کۆرپەکاندا

بەرو بوومی ئاوات دەگرێت !

لەسەر شانۆی دەنگ و باسی ئیزگەکانی

نەبەزینم گورج پێ دەگرێت !!

*****

پەنجەرەکان ، هەڵهەڵەی شادی

دەدەن

شەقامەکان ، دێن و دەچن

سەما دەکەن

ئاسمان ، پەڵە گەنمێکی زۆر شینەو

بێ برینەو

باوەشی بۆ کۆتری بزەم دەگرێتەوە !

کۆترەکانیش بەهارێکن

قالیی سەوزی کامەرانیم

بۆ ڕادەخەن

مژدەی دڵم

بۆ ئاژانسی خۆشەویستیی کاروان دەبەن

ڕێگەیش باوەشێکە

لەبەردەمی خەونەکانی منداڵیمدا

دەکرێتەوە

من هەر دەڕۆم  ئەویش بەستەی گەشی زاری

سەرکەوتنم

دەلێتەوە ، دەلێتەوە !!

١٩٧٦/٨/١٠

## داو

تۆ دەزانیت؟!

من سووتانی بە جێماوی سووتانان بووم ؟

لەسەر چڵی کۆنی ژیان

داوێکی ۆزر زۆر ئاسان بووم

خۆم نامەوەو

خۆم پێوە بووم ؟!

١٩٧٦

# سەمفۆنیای ئەوین

هۆ ئایشێ گیان
تۆ دەزانیت وشەکانم
ڕەوە پاساری برسین و
دەنووك لە چاوی تینوێتی خۆشیت دەدەن !
بە گۆی مەمکی دڵداریتدا
سەردەکەون
دەدەن لە شەقەی باڵی پێکەنین
زامەکانیان دێنەوە سۆ
ڕوو دەکەنە ئاسمانی تۆ
ڕازی شاراوەی نێو دەروون
لە قووڵایی خەونەکانی
هەر دوو دڵدا
وەدەەر دەخەن !!

******

هۆ ئایشێ گیان
خۆشەویستی ئاگرێکەو
بەربووەتە دڵی ناسکی هەردووکمان !
گڕو بڵێسەی هەڵچووە !

ئوقرەش گڕی تیَ بەربووە
گەیشتووەتە سەر ئێسقان
چاوەڕوانی
پەرێشانی
هەموو سووتان!
دەسا وەرە
ئاوی دەریای لێوت بێنە
ئەم بڵێسەی بیَ پایانە
لەنێو دڵی بەکوڵمدا
دامرکێنە !
تاکوو پەریی شادمانی
خێرا بێت و ئێشك بگرێت
گوڵی ماچە سەوزەکانی
تێر ببەخشێت
بە بەهاری خەونەکانی ئەم ژیانە !

*******

هۆ ئایشیَ گیان
لەنجەکانت
جم و جووڵی پەنجەکانت
قاقای پێکەنین و بزە
گەنجەکانت !
سیمفۆنیایەکی نوێی ئەوینن
سروەی شەماڵی دلْدارین
شیرین ، شیرین

بەرەو چەمی پڕ لە تەمی

دڵی ماندووم

هەنگاو دەنێن !

تا بتوانم پڕ بە گەرووی

دەنگی تینووی خۆشەویستیم

بڵێم ئایشێ دڵی گەشی وەك تامەزرۆم

بێ چاوی تۆ

بێ ڕوومەت و هەناوی تۆ

لێی ناسرەوێت

لێی ناسرەوێت !!

١٩٧٦

# چەند وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ

له دارستانی ژیاندا
كاتێك دەڕۆیت به ڕێگەوه
هاوڕێیەکەت جیٚ مەهێڵە !
لەوانەیه له پەناوه
گورگێکی هار
خۆی مات دابێت ! !

*

له باوەشی ئەم ژیانه
خۆت به گەورەو زل مەزانه
چونكه ڕۆژگار
بیٚ ئامانه
لەچوار لاوه
سەرەو لێژی و گۆڕستانه !

*

لەنێو درزی ئاوێنەوه
سەیری خۆت کرد
با دڵت لەسەر خۆی نەچێت
دڵی ئاوێنەکه دەشکێت

هیچ چوارچێوەیەکیش نامێنێت

باوەشت بۆ بگرێتەوە !!

*

تف مەکەرە کانیاوەکان

لە خوارەوە

پاسارییەکان

نووساونەتە

ئاوەکەوە !!

*

بە ڕێگەدا دوور بڕوانە

لەسەر خۆیشت

هەنگاو بنێ

لەو چاڵانە

سەرسم نەدەیت لەبەر پێتن !!

*

لەنێو گەرووی هاوارتەوە

مەقیژێنە

دەنگی گەرووت مەنووسێنە

لە چەمێکدا گیر دەخۆیت و

کەس نایەتە

هاوارتەوە !!

*

لە کەناری ڕووبارەکانم

سواری ئەسپی شێتی مەبەو

لە بووارەکان بپەڕەوە !!

له خوارته‌وه

گۆمێکی زۆر قووڵی بێ بن

که‌فچه‌رێنی ڕق و کینه‌ی

زۆر هه‌ڵچووه !!

*

وا زستانه

به‌ری هه‌تاو له‌که‌س مه‌گره

له‌و لاته‌وه

سێ پیره‌ژن ، سێ پیره‌پیاو

سه‌رمایانه !!

*

سواری ئه‌سپێك مه‌به

به ده‌ستی خۆت

ڕه‌شمه‌و زینت نه‌کردبێت

تاوت ده‌داو ده‌که‌ویته

ژێر چوارپه‌لی

تا هه‌تایه ملت ده‌شکێت !!!

*

له‌سه‌ر خه‌رمان

فه‌نده‌که‌که‌ت دامه‌گرسێنه !

باکه توونده‌و

ئه‌و منداڵ و پاساریانه

برسییانه، برسییانه !!

١٩٧٧

# تابلۆی هەستێکی نوێ

بارانێکم
بەسەر وەردی جوان کێڵراوی
گشت ساڵتاندا
دەبارم !
هاوارم
لە مایکرۆفۆنی گوێی ژینتاندا
ئارام دەگرم ! !
بانگەوازم
بە پێشوازیی ئاهەنگەوە
دەنازم !
دەخوازم
گوڵاوی وشەی شیرینم
بە ڕوووتاندا بپرژێنم ! !
هەنگوێنم
لە شانەگەی هەست و نەستی
بڕواتاندا ڕەگ و ڕیشەم دەڕوێنم !
بەهارم
لەسەر چڵی نازی گەشاوەتان
دەخوێنم !
من دەنگێکم

تێکەڵاوی دەنگتان دەبم

من ڕەنگێکم

ڕەنگی ئێوەم لەگەڵ خۆمدا

هێناوە ! !

لەناو جەرگەی ژیانتاندا

تابلۆی گەشی

هەستێکی نوێم

جوان ڕازاوە

جوان ڕازاوە ! ! ١٩٧٦/٩/٢٤

تێبینی : لەم هۆنراوەدا کێشی سێ بڕگەیی و چوار بڕگەیی بەکارهێنراوە .

# نامەوێت

شیرینەکەم
من نامەوێت ، گەڵای سەوزی
بەژن و باڵای بەرزی ژینت
بوەرێنیت
بۆی ڕووت و قووت ببیتەوە !
من نامەوێت، لەسەر کۆرپەی ناو هێلانەت
هەڵبفڕیت
نەیەیتەوە !
من نامەوێت داو بۆ ڕێگەی گەشی ژینت
بنەیتەوە !
لەناو لەشی بێ ئابڕوویی سەردەماندا
بتوێیتەوە !
من نامەوێت بەرەو دواوە
ملی ڕێگەی دوێنێی ڕەشپۆش بگریتەوە !!
١٩٧٤

# گۆرانی

گۆرانییە غەمگینەکەم
باسی ژینی تۆی تێدایە !
زامی قووڵی دەروونمانی
لە توێدایە !
داستانێکی بێ کۆتایە
تا هەتایە
دەیگێڕمەوە !
نە شەو نە ڕۆژ
جیهان دوایی بێت
ئەم گۆرانییە غەمگینەمان
بێ کۆتایە
دوایی نایە !!

*

١٩٧٤

# ئەو گۆرانییەی هەموو ڕۆژێك گوێی لێ دەگرم !

گیانە تۆ ئەو گۆرانیەیت
لە ناخەوە
دەمهەژێنی و دەنووسێیتە دڵی گەشی
ئارەزووی پڕ لە تینمەوە !
بە ئاوازە سۆزدارەکەت
هەڵدەچم و
سەرلەنوێ خۆم دەبینمەوە !
هەموو ڕۆژێك
گوێت لێ دەگرم
بە کۆتایی دوائاوازی سەمفۆنیاکەت
دوایی دێم و
دڵ ڕادەگرم !
*
دەسا وەرە
ژیان ڕووبارێکەو
غەم دەبات و غەم دەهێنێت
سۆز ئاگرەو
دڵ و دەروون بە تیشکی گڕ
دەسووتێنێت !
مردن گریانێکەو
لە ناکاودا گوڵاوی تاڵ

به ڕووماندا
دەپرژێنێت !
دەسا وەرە
خۆت بڕێژە نێو ئەم ناخە زۆر تامەزرۆی
ئاخەکانمەوە
دەنگت بنووسێنە پەڕەی گەڵی
پڕ دەنگی وشەکانمەوە
تاکو تۆزێك بە ئەوینی پەرداخی مەی
لەناو ژیانی ئارەزووی ئەشقی
بێ پەی
مێشکی دڵمان سەرخۆش بکەین
بەسەر باڵی خەیاڵەوە
گەشتێك بکەین
چونکە کچێ
ئەو گۆرانیەیت
هەموو ڕۆژێك گوێت لێ دەگرم
تینووم ناشکێت
گەر نەتبیسم
ئیدی دەمرم
ئیدی دەمرم !

١٩٧٦/١١/١٧

# خۆزگەکان پەڕو باڵ دەردەهێنن !

بە منداڵی دڵدارێك بووم
کە دەمبینی
ئەستێرەکان
ماچی گۆنای یەکیان دەکرد
پەڵە هەورە سپییەکانیش
لەباوەشی یەکدیدا
سەرخەوێکیان بۆی دەشکاند !
منی خەمیش ڕووبارێك بووم
بەدووی چاوی کەنارێکدا
دەگەڕام و
حەزم دەکرد
ئەو قردێلە نایابە بم
بە تای زوڵفی
کیژی گەورە ماڵێکەوە !

*

بە منداڵی دڵدارێك بووم
حەزم دەکرد بێ پەساپۆرت
بەکیشوەری
جووتە مەمکی قژکاڵێکدا
هەڵبزنێم
لەناو کۆشکی گۆی مەمکدا

دامرکێم و تێر بحەسێم !!
بەناو دەشتی سینەیەکدا
گەشتێك بکەم
چش با پاسەوانانی پادشایش بێن و
ئابلۆقەم دەن
خۆ هەر لەوێ بەندم دەکەن !
*
بەمندالّی دلّدارێك بووم
حەزم دەکرد بەنهێنی
لە ڕووباری ماچی لێودا
بخنکێم و
ناوی خۆم و ماچەکانمیش
لە پەڕاوی
خەون و چاکەی دێکەماندا
نەدۆزنەوە !!
*
بەمندالّی دلّدارێك بووم
حەزم دەکرد لاولاوێك بم
بەقەد بالاّی چاوکالاّنی دێکەماندا
بئالّێم و
کەس نەتوانێت دەست و پەنجەی
خۆزگەکانم
لە یاخەیان بکاتەوە !!
*
بەمندالّی دلّدارێك بووم

له وڵاتی ئەوینەوە
خەونی قەشەنگ زووو دەهات و
پەرییەکی باڵا بەرزی
وەك شەوچرای بۆ دەهێنام
تێر یەکدیمان دەگەوزاندو
لەناو ماچدا
دەتوێمەوە !!
کە بەیانی هەڵدەستام و
هەستم دەکرد نێو باوەشم
ساردو سڕەو خاڵی و پەتی
ئیدی دادەنیشتم
پرسەم دەگرت تێر دەگریام !!
*
بەمنداڵی دڵدارێك بووم
حەزم دەکرد چاوڕەشەکان
بە ئاسمانی ئەوینەوە
ئەستێرە بن
هەڵبکرێن و نەکوژێنەوە
خۆشم ئەو بەفرە بم
لە باوەشی گەرم و گوڕی
نیانیاندا
نەتوێمەوە !
*

کە گەورە بووم

ڕاست و چەپی خۆمم ناسی
ئەو خۆزگانە لە جەنگەڵی دڵم ئاڵان
لە گیانمدا
گەشەیان سەند
لە فەرهەنگی ژیانمدا
دەمی خۆزگەی تاسەی چڕیان
کرایەوە
پەڕو باڵی پەرۆشییان
لە لەش ڕووا
بەڵام دەستێك نەبوو
لێوێك نەبوو
لە بەهەشتی چێژەوە بێت
ئەم دەردانەم
تیمار بکات !
هەر بۆ تاوێك
چاوی زامەکانم لەیەك بنێت ! !

١٩٧٧/٦/١٢

# باران

( هەیاران و مەیاران
یاخوا بیکەیتە بارن
بۆ جووتیارو دڵداران)
*
نمی باران
لەسەرخۆ جوان
دڵۆپ دڵۆپ دادەڕژێت و
دەیەتە خوار
دارو دەوەن
ڕەنگین ، ڕەنگی زۆر شین
دادەپۆشێت
گیای چیا
سەوز دەبیٚ و دێتە سەما
قەراغی ڕیٚ و چەم و دەریا
شنە دەکات
لە هەڵهەڵەی شادی دەدات
کارێزی ئاو
جۆگەو کانیاو
قوڵپە دەکات
خەم و خەفەت بە با دەدات
زەمینی وشك ، زەوی تینوو
زیندووی مردوو
تێر ئاو دەبێت

هوزاری چەم
بەستە دەڵێت
مژاویی تەم
پەژارەو غەم
بۆ هەمیشە سەرهەڵدەگرێت !
*
( هەیاران و مەیاران
هەروەکو ساڵی جاران
یاخوا ببێتە باران
بۆ گەنم و جۆی جاران )
*
وا باران دەبارێت
نم نم دادەڕژێت و دێتە خوارێ
کوڵم و گۆناو سنگ و مەمکی
یار تەڕ دەکات
یاری شەیدا
بەرگی سۆزو خۆشەویستی
لەبەر دەکات
دەنگی بەستەو ئاوازی نوێی
گوێ کەڕدەکات !
*
(هەیاران و مەیاران
یاخوا ببێتە باران
هەروەکو ساڵی جاران
بۆ هەڵاڵەی کۆساران ) !

******

وا بارانە

تك تك ، تنۆك تنۆك

دادەبارێت

دێتە خوارێ

منی دڵدار بەرەو ژوان

هەنگاو دەنێم

هەر دەڕۆم و هەر چاوەڕێم

تکەی باران

دەستی سۆزی بەسەر قژو

لەشی پڕ لە ئارەزوومدا

دەبارێنێ و بۆ باوەشی یادەکانم

دەباتەوە !

*

( باران بارانە ، شادی دڵانە

ئەم گێتیە جوانە

باخچەی هەموانە !)

*

باران نەبارێت

نەیەتە خوارێ

بزەی سەر لێو ، ڕووبارو شێو

وشك دەكات ، دەتارێت

پەژارەو غەم

هەروەکو تەم

هێرش دێنێت

سەرهەڵدەدات !
گەڵای درەخت
ئاوازو بەخت
وەکو سەوای پەتا کوشتە
هەڵدەوەرێت!
باغی خۆشی ڕەنگی گەشی
چاوی دوڵبەر
سیس دەبێت و دادەژاکێت
پۆلی مەلان
مەلی خەم و پەرێشانی و ئازارو ژان
باڵی خەفەت دەگرنەوە
هەر دەڕۆن و لە هیچ شوێنێك
نانیشنەوە
تاکو شێوەو ڕەنگی باران
دەدۆزنەوە !

*

( هەیاران و مەیاران
وەها دایداوە باران
خۆشیی خستووەتە شاران
هەروەکو ساڵی جاران ) !

١٩٧٧/٣/٨

# تامەزرۆی کیشوەری چاوەکانتم

ڕێگە بەرەو کیشوەری چاوەکانت
ساماڵە !
وەرزە بای پێکەنینت
شەماڵە !
ئەم شەو دێم و دڵی خۆم
ڕادەخەم
لە باوەشی
دڵۆپەی فرمێسکی گەرم و گەشی
ڕازەکانی ئەبرۆتدا
سەرخەوێکی پڕ لە تاسە
دەشکێنم !
دەبمە درەخت
ئاوی بێداری هەڵدەمژم
بە شنەبای هەناسەکەت
گەڵای تەنیایی
دەوەرێنم
گیانی ئارام
بە فێنکە سروەی بەهاری دڵداری
ڕادەژێنم !
دەس بە گێسووی

کۆرپەی ماچی لێوانتدا
دەهینم !
ڕازی هۆنراوێت بۆ دەخوێنم
پەژارەو غەم
دوور خاتەوە
بەرەو چێژی خۆشەویستیت
بکاتەوە
لە قووڵایی دەریای هەست و نەستدا
گەوهەری هۆنراوێکت
بۆ دەردێنم
بۆ ئامێزی خەوی خۆشت
بباتەوە بباتەوە !!
*
بە پاپۆڕی یادەکانم خێرا هاتم و
دابەزیم
بە ناو باغی سنگ و مەمکی
نەرم و نۆڵی شادیتدا هەڵزنام
لە بیابانی شێتیدا
ئەسپی سۆزو تامەزرۆیی
هەڵیگرتم
بۆ جەنگەڵی خەونەکانی
منداڵی دەبردم
بۆیە وشەی خونچەی زارم
بووەتە زام
لە هەمێزی پەرۆشیدا

خۆم و یادم
هاوارو گریەو دادم
ڕوو بە ڕووی یەك دەبینەوە
هەمووومان یەك دەگرینەوە
*
خۆشم ویستیت
لەسەر گلێنەی چاوی ژینم
نەخشەم کێشایت
هەر بەماچی شادمانی
پەیکەری ئەوینم
بۆ تاشیت
خۆشم ویستیت
بەفری ڕێگەی دڵداریتم
توانەوە
لە ڕۆژێکدا حەوت گوڵم
بۆ سەر مەمك و زوڵفی لوولت
ڕوانەوە
بۆی گوڵاوی هەناسەتم
بووژانەوە
هەر بۆ ئەوەی ماچێکی نوێی ئارەزوو بم
لەسەر گۆنای دوارۆژتدا
ژینی حەزم هەڵنەوەرێت
دانەمرکێت
بە ژانەوە !

١٩٧٧/٣

# ئەو شەوەی ئەستێرەی خەم لە جریوە جریو ناکەوێت !

**سەر بەردەبازی ڕێتە، تەن تەختەبەندی جێتە،**
**دڵ مەیلی خاکی پێتە، ڕۆحماڵی خۆتە بیبە !!**
**نالی**

بۆ پێم ناڵێیت
بۆ یادی ئەو ڕۆژگارانە ناکەیتەوە
دوو پەپوولەی گوڵزارێك بووین
لەسەر لقی دارەبەڕووی کێوی هیوا
هەڵدەنیشتین
باڵی خەونمان دەگرتەوە
بۆچی بەسەر بەستی دڵە پەستە خەفەتبارەکەمدا
هەنگاوی قورس دەهاوێژی و ئاوڕیش لە ڕووی
تاسە دوورو درێژەکەم نادەیتەوە
( وەرە ئەمشەو
دڵی تەنیام شەیدایەکەو
هەوری پڕ لە بارانی سۆز
بە ئاسمانی چاوانیدا
چین لەسەر چین پاڵەپەستۆی گریانیانە)

بۆ ئاوورِم لێ نادەیتەوە
گوێم لێ بگرەو
چەند وشەیەك
ئاراستەی ئەم دڵە کۆرپە پەژارەم کە !
وەرە ئەمشەو
با زوو شوورەی نێوان دڵمان
برِووخێت و
ئارەزووی شێت
دەم نێتە نێو دەمی مەمکی
هەزار ساڵەی دووری
وەرە ئەمشەو
تەنیاییەکەم درِندەیەو
کەڵبەی چرِی
بۆ برینی شلکەی رِانی یادەکانم
دەهاوێژێت
وەرە تۆزێك رِێگەیەك بە
بە ناو جەرگەی تاسەکانی منداڵیتدا
تێپەرِم و
لە کەناری خۆدیتنەوەو
ئارامیدا خێرا
هەڵبگیرسێمەوە
پێم نەگوتیت
دووری پەیامێکەو ناگاتە جێ
ئیدی بۆ چی
سواری ئەسپی خۆبایی بوویت

بە ناو ڕەزی هەستەکانی ڕۆژانەمدا
دڕکی ڕق و کینەبەریت
ئاراستەی دەست
چاوانم کرد
پێم نەگوتیت
من ئەو خەونە بزرکاوەم
لەشەوانی بەراتیشدا
نە دەمبینی و نە دەتبینم
پێم نەگوتیت
پردی نێوان ئێزگەی دڵی هەردوو
مێخی سەختی تێدا داکوتراوە
ڕاناکشێت
ناگاتە ئەو مەنزڵگەیەی خەومان پێوە دەبینی و
وەکو منداڵ
بەرەو پیری بزە داگیرساوە ڕووناکەکان
هەنگاوی سووك ڕایدەماڵین
تامەزرۆیی دڵێکمان جوان هەڵگرتبوو
نێزەی سەختی پێکگەیشتن
شەقار شەقاری دەکردو
نەیدەدایە دەستی لەشمان
بۆ نازانیت
ئەو کانیاوەی لە دامێنی چیاکانی ئەوینەوە
هێدی هێدی
وای نیازە تینووی دڵی
خەفەتبارە ڕەنگ زەردەکان

تێر ئاو کات و

بەناو توولە ڕێگەکاندا

دەست و بازووی ئارەزووبان

لە گەردنی مەمك خڕە بێ ئوقرەکان بئاڵێنێت

خۆی بەتیری ئەو چاوڕەشە پێکراوە

بۆ ئارەزوو تەنیا جارێك

دەمی ناوەتە ئەو ئاوە

کە پەیامی شۆخ و شەنگی

لەبەر چاوی خۆری دڵدا

دادڕاندو

دڵی گەشی ئەو ناسکۆڵە تاسبردووەی

تێك لەرزاندو

هەواڵەی نێو دوورگەی غەم و پەژارەی کرد

( گەر دەتەوێت گوێم بۆ شل کەیت

خۆ سا وەرە گوێی ئەو دڵەت

بنێ بەسەر سنگی هەڵچووی ئەم دڵەوە

سا بزانە دەنگ و بانگ و هاوارو داد

بڕ کوێ دەکات )

– ئەرێ دیوتە

ڕووباری چەم لە کەناری دێرینی خۆی

یاخی ببێ و

پەنا بباتە بەر شەوەزەنگی هەڵدێرە پڕ دڕك و

زەردەسیری و پەیکوڵەکان

( ئەی تۆ دیوتە

ڕووبارەکان

کە هەڵدەچن
ئەم کەند و ئەو کەند دادەپۆشن
قژی کاڵی کەنارەکان
شانە دەکەن
پەیتا پەیتا ماچی سەوزیش
لەسەر گۆنای لێوارەکان
دەڕوێنن و دەستی سۆزیش
بەسەر قژی خەفەتبارییاندا دەهێنن
کە لافاوی هەڵچوونیشیان دادەمرکێت
ڕێی دێرینی خۆیان دەگرن
لە هیچ شارو شارۆچکەیەك
لەنگەر ناگرن
هەر دەڕۆن و
هەر دەڕۆن و
دەست و پەنجە
لەگەردنی بووکی کەنار ناکەنەوە)
– دە پێم بڵێ
بۆ بەعابای نەزانین و بیرچوونەوە
لەشی خۆری هیواکانت
دادەپۆشیت
بیر لەو ڕۆژە ناکەیتەوە
دوو دڵی سەوز
لە سێبەری گەڵای گەشی دڵداریدا
نوێنی نەرمی خەونەکانیان
ڕادەخست و پەردەی ڕەشی گشت ڕقێکیان

دادەدڕاند
– ئەی من نەمگوت
ئەو خەنجەرەی لە قاووغی  ترس و تەوس و دڵ لەرزیندا
نووکی تیژی خۆی کول بکات
خەنجەر نییەو
زوو پێویستە ڕەنگ و شێوەی
بسڕێتەوە
( وەرە ئەم شەو
دڵی تەنگم کەوانێکەو چووەتە یەك
جیهانیش ئەو دوومەڵە زوو تەقیوەیە
چڵك و کێمی
هەوای ژینی گرتووەتەوە
وەرە سێ وشەی گەشی دڵتەزێن و
بووژێنەوەم ئاراستە کە
تا بەسواری فڕۆکەی خەون
ئەم جیهانە جێ دەهێڵم
ڕۆژێکی دی دەکەمەوە
– کاتێك دەمگوت
خۆت بناسەو
لە هەڵدێری ڕەشکەو پێشکەی
چاوی ژیندا
خۆت ون مەکە
زوڵفی ڕەشی بێ پەیمانیت
دەدایە لاو
دڵی تاسەت دەهاویشتە

کۆشی شەوی وێرانەوە
( پێم نەگوتیت
خەونەکانت هەڵدەبزڕکێن
ماچ و ڕازەکانت
لە ستەمی ملکەچیدا
خێرا هەڵدێن
پێم نەگوتیت
پێکگەیشتن قولەی قافەو
سەدان کاڵای ئاسنینیش لە پێ بکەیت
هەر پێی ناگەیت
ئەی من نەمگوت
نزیکیش خەونێکی زەردی تێکچرژاوە
بە پەرژینی پەرێشانی دەور دراوە
نەمگوت نەکەیت توخنی کەویت
من دەمزانی ناپەڕیەوەو
مەلیش نییە
بە ئاسمانی ئەو شوێنەدا هەڵفڕێت و
دەست بگریتە دوو قاچیەوە )
– ئەمشەو تەنیام
سەری گێژم درنگەی دێت
گێژەنگەی بیر
وشەکانم تێکەڵ دەکات
خەونیش ئەو نهێنییەیە
دەستی لە یاخەم گیر دەکات
چۆلەکەیەو

دەنووکی تیژ لە دەروازەی هەستم دەدات
کەسیش نییە
غەمی دڵی
وەکو غەمی دڵەکەی من گنگڵ بدات
لەناو گڕی
خۆرەتاوی ئەشقێکی وای پیرۆزدا
بسووتێت و سەرهەڵبدات
تا هەردوو دڵ
دەستی ئۆخەی لە مل کەن و
لەو ئەشقە زۆر پیرۆزەدا بۆ هەمیشە
بتوێنەوە !!

١٩٧٧

## مردن

ئەگەر دەمزانی چی ڕۆژێك دەمرم
بەر لە مردنم گەردوون ڕادەگرم
لە شاری ژیندا بەرانبەر مردن
ئاڵای یاخی بوون خێرا هەڵدەگرم !

١٩٧٣

# برینەکان دەکولێنەوە

ئەی کیژۆڵە غەمبارەکەم
نەکەیت دەستت لە دەروازەی بێ سنووری خەمەکانم
گیر بکەیت و
تیلی چاوت واببڕیتە ڕوومەتی ڕێی
بێ پەنجەرەی زامەکانم
بە هەنسکی توێی دەروونی ئاخەکانت
برینەکان بکولێنیەوە
گیانە نەکەیت
پەساپۆرتی کەشتیی غەمی
بێ بەندەری
بێ دولبەری
خەونەکانم
لێ زەوت کەیت
تۆ ناتوانیت بەسەر پردی
ژانەکانی دڵی مندا
زوڵفی ڕەشی گۆرانی و خەون
شانە بکەیت
هەوڵ بدەیت
بپەڕیەوە
تۆ ناتوانیت سێبەری خۆت

ئاشنای دیواری ئەوینم کەیت
سەر لە گۆڕی نزای وشەی
شیرینم دەیت
مشتێك خۆڵی لەشی خوێنم
ببەیتەوە
داری بەرزی ڕەگ و ڕیشە
سەخت و توندی ناخی دڵم
ببڕیەوە
لە ئاسمانی پڕ بارانی
وشەی سۆزی پەلکەزێڕینەی
ساڵە دێرینەی
دڵداریمدا
ئەستێرەکان کپ بکەیت و
بکوژێنیەوە
دەسا بڕۆ دەستی ژینت
لە یاخەی دڵ بکەرەوە
لە سێبەری بەردی ڕەقی یادەکاندا
پاڵ دەرەوە
من دەڕۆم و
ڕێگەیش کەندی بێ وچانی تەنیویەتی
چاوی خۆریش
تەورداسی هەڵپاچین و نوشتانەوە
ڕنیویەتی
دڕکی هەزار بە هەزاری
بێ بەهاری

چنیویەتی
بگەڕێوە بگەڕێوە
خۆت مەکوژە
بە تاڵە موی پسێنراوی
ئەو دوو لێوە
تۆ ناتوانیت
ئەم گۆرانییە تووڕەیەی من
بە ئاوازی سیمفۆنیای لەخۆبوردن
بڵێیتەوە
بگەڕێوە
ناساڕێژیی برینەکان
مەکولێنەوە
من وا دەڕۆم
بۆ بەندەری خۆزگەیەکی بێ ناونیشان
هێشتە لەشی
خوێن و هەست و بیری گەشی
لە فەرهەنگی وشەکاندا
لە هۆنراوەی بێ زماندا
نەمەییوە
من دەڕۆم و خەمی ڕێگە
هاوڕێی هەنگاوی سووتاوی
بێ نەخشەمە
تۆ ناتوانیت غەمی دڵی بێ ئاوازت
بڕێژیتە نێو ئەم غەمە
بگەڕێوە

بگەڕێوە

با بقرچێت

با بسووتێت

پەلەو تاسەی ئەو دوو لێوە ! ١٩٧٦

## خەو

ویستم بخەوم ، خەو چووە چاوم
لە خەوما مردووم نێو گۆڕ نێژراوم
کە ویستیان بە گڵ لەشم داپۆشن
لە خەو ڕاچەنیم سەیرم کرد ماوم !

١٩٧١

# شاری دڵ

لەگەڵ خوێندا
بە شەقامی بێ داوێندا
شاری چڕی پڕ مەترسی
هەواڵێکی ماڵی خۆشەویستیم پرسی
لاشەیەکی بێ سەرو ناو
لەش هەنجراو
ماڵی ڕقی پێ پیشاندام
سەرم سوڕما
کاتێك دەستی ڕقم بینی
خۆشەویستیی گیر هێنابوو
چنگی نابووە بینای بینی ! !

١٩٧٥

# هێلانە

پێت نەگوتم
بۆ من بە پرد دەزانیت و
بەسەر لەشی برینداری
پڕ پەیکوڵی دڵداریمدا
تێدەپەڕیت
بۆچی من بە خاك دەزانیت و
لەسەر شانی
بێ وچانی
ئوقرەکانم هەڵدەپەڕیت
پێت نەگوتم
بۆ من بە ئاو دەزانیت و
سکی خەونی
ماسیی دڵم
هەڵدەدڕیت
پێت نەگوتم
بۆچی دڕك و زەردەسیری
لەناو جەرگەی خۆشەویستی ژیانمدا
دەچێنیت و
ملی کۆرپەی تامەزرۆییم
بەخەنجەری پێشێلکردن
سەردەبڕیت
****

بۆ وا دەکەیت
لەبەهەشتی دێرینی دڵ
هەڕا دەکەیت
بەرەو کێوی پڕ هەورازی
ئارەزووی شێت
پێ هەڵدێنیت
لە بیرت چوو
گوتت چاوی شینم دەکەم
بە هێلانە
دڵم دەکەم
بە جۆلانە
کۆرپەی سەوزی هیواکانتی
تیا بڕوێنە
لە بیرت چوو گوتت هەموو ژینم
تێکڕا دەکەم بە ئاوێنە
تۆش ئاوات بەو
بە ناو ڕەنگی سەوزی قەرسیلییدا
هەنگاو بنێ و
خۆت بنوێنە !
تا هەتایە چرای گەشی
بزەکانت داگیرسێنە
پێت نەگوتم
ئیدی بۆچی لەبیرت چوو؟!
ئیدی بۆچی لەبیرت چوو؟!
١٩٧٧

# پاپۆڕی دڵ بە گڕت مەدە...!

گەر دەزانیت بە جێم دێڵیت
لەسەر پەڕەی سەوزی دڵم
چی یادگارو
شوێنەواری ماچ و ڕازو خەونت هەیە
پێشێل بکەو بەنەشتەری لەخۆبایی
سکی خەونی کۆرپەکانم
هەڵدڕێنە
لە هەمێزی بێ وەفایی و
تەفرەداندا
ئوقرە بگرەو
تابلۆو وێنەی ماچەکانم گشت بسڕەوە

*

گەر دەزانیت
دەریای مەنگی خۆشەویستیت
تەنك نییە
بۆ کراسی بەژن و باڵات
تەڕ دەکەیت و خۆت دەخەیتە نێو گێژەنگەی
خنکانەوە !

*

گەر دەزانیت
ئەو چاوانەت
ئۆقیانووسی بێ سنوورن
شلَپ و هوڕی نیگاکانیان
بۆ لێواری مەست بوونێکی
بێ ناونیشان هەڵم دەگرن

بۆ دەتەوێت بە شەپۆلی هەڵچووی قینت
پاپۆڕی دڵ بووەستێنی و
بیدەیتە گرت !!
*
گەر دەزانیت
بەجێ هێشتن چەند ستەمە
جێم ناهێڵیت
دڵی گەشم لەبیر ناکەیت
گەر دەزانیت
بەجێ هێشتن بڵێسەیەو
دەمسووتێنێت
بۆ لە باخچەی ئارەزوودا
نوێنی نەرمی گەڕانەوەی ڕازو
خەون و یادەکانتم بۆ ڕاناخەیت؟!
کچێ تۆ چۆن لە دڵت دێت
لانەی کۆرپەی
دڵێکی سەوز هەڵتەکێنیت ؟!
*
گیانە جیهان ئەو خەونەیە
دەمانبینێت و نایبیین
بۆ جێم دێڵیت؟!
نایەیت سواری
شانی ئەو خەونە بین ؟!
*

١٩٧٧/٥/٣١

## ئاوارە

من لە شاری دڵداریدا
ئاوارەم و پێکی خەمی ڕێگە دەخۆمەوە ! !
کە پەنجەرەی ژووری حەزم دەکەمەوە
تەم و مژی ناهەمواریم
تووش دەبێت و
بە بێداری
بۆ باوەشی ئاوارەیی
دەڕۆمەوە ! !
*******

١٩٧٥

## دڵداری

دڵداری کردن سوێندو پەیمانە
بەڵێنی ڕاستی دوو دڵ و گیانە
کە پەیمان شکا، شووشەی دڵ دەشکێت
لە دادگەی دڵدا یارسزادانە ! !

# نەورۆزو خۆشەویستی

ئەوە نەورۆزە هاتەوە
گوڵی ڕەنگین
وەرزی بەهار
چیمەن ، گوڵزار
بۆ پێکەنین
دەمی خۆشی و کامەرانی
دەکاتەوە
ئەی فریشتە چاوکاڵەکەم
منیش لەگەڵ هەڵهاتنی ڕۆژی نوێدا
چەپکە گوڵی مژدەو خۆشیت
پێشکەش دەکەم
ماچی چاوی خۆزگەکانی
ئەمڕۆت دەکەم
دەبمە بزەو زەردەخەنەو
لەناو کێڵگەی دڵی گەشی
ئارەزووتدا تێر تێر دەدوێم
*
وا نەورۆزەو
ئاگری خۆشی دەکرێتەوە

سەرماو سۆڵە سەرهەڵدەگرێت

کۆچ دەکات و دەبڕێتەوە

ساڵێکی نویێ سەرهەڵدەدات

دارو درەخت

سروشت هەموو

چرۆدەکات ! !

*

لەم ڕۆژەدا ، لە نەورۆزدا

لەگشت نەورۆزێکدا

لێوی خۆزگەم

ماچی چاوی گۆنای ئاڵی

خۆشیت دەکات

یادی نەورۆز دەکاتەوە

چەپکە نێرگس ، چەپکە سەوسەن

چڵی زەیتوون

لەناو باخچەی ساڵی نوێدا

بۆ گشت یارێك

گشت دڵدارێك دەباتەوە

دەباتەوە ! !

١٩٧٧/٣

# چیی ناو دەنێیت ؟!!

چیی ناو دەنێیت
فرمێسکی چاو شەوبۆ بگرێت ؟
پرشنگی تاو
دڵ ڕابگرێت
ڕووباری ئاو
لەناو جەرگەی زەماوەندی
سروەو کشەی هات و چۆدا
بەستە بڵێت؟
گوڵی شەیدا
وەڵامی دەنگی بولبول بداتەوە ؟!
خونچەی ئەوین
پێکی بەهار بخواتەوە ؟!
******

چیی ناو دەنێیت
گلۆپەکان
بەدەستی خۆ دابگرسێن ؟
لاپەڕەکان ژینی خۆیان
بخوێننەوە ؟!
نووکی خامەو پێنووسەکان
بۆ باوەشی تینی خۆری تێنووسەکان
دڵی خۆیان یتوێننەوە ؟!
گوڵی بەستە
لەباوەشی باخچەی پێکەنیندا

دەم داتەوە ؟!
کۆرپەی ئەوین
بۆ ئامێزی دایکی وشەی
بڕواتەوە ؟!
*
چیی ناو دەنێیت
لقی چرۆی خۆشەویستیی نێو دەروونمان
بڕوێتەوە ؟!
لە فەرهەنگی مەی نۆشیدا
ڕیشەی دابکوتێتەوە ؟!
*
چیی ناو دەنێیت
غەم کۆچ بکات ؟!
مردن گڕی تێبەرببێت
کۆشکی پەستی دڵ بڕووخێت ؟!
خۆشی جل و بەرگی ئاڵ و والآ
لەبەر بکات
سەر لە ماڵی گڕو گاڵی ژیان بدات ؟!
*
چیی ناو دەنێیت
بەستەو هۆرەو شادمانی
ژیان
ئاوات
کامەرانی ؟!

١٩٧٦

# چاوەکانت

چاوەکانت
دەریای قووڵی خۆشەویستین
بیابانی دڵی تینووم
تێر ئاو دەکەن
شائاوێنەی قەد دیواری
بەژنی ئارەزوومن
بەسەرهاتی پاشەڕۆژی دووری ژینی خۆمیان
تێدا دەبینمەوە
وەرزەکانم
سەری چرۆی تێدا هەڵدەدەن و
چاوەکانت
زەریایەکی
کەشتیی هەستی زۆر بەکوڵم
وشەی دڵم
مەلەی هۆنراوەی تێدا دەکات
شەقامێکن
پەیامبەری هەست و نەستم
بەناو دڵی هات و چۆیدا
تێدەپەڕێت
نەمامێکن
لەناو باخچەی ژینی ڕابوردوومدا
هەردوو شین بوون

تیشکی دەشتی
خۆشەویستی زۆر بەرین بوون
بەشەماڵی نەرم و فێنکی
نیگای جوانیان
گەشەم دەکرد
چاوەکانت
مەلی سۆزی دڵداری بوون
دوو چرای شەوی تاری بوون
بۆ ئارەزووی دڵی بەکوڵ
وێنەی تۆیان
لەسەر پەڕەی ژینم نەخشاند
غەمیان ڕەتاند
چاوەکانت
زوڵفی شادمانیم
دادەهێنن
مژدەی کامەرانیم
بۆ دەهینن
چاوەکانت !!

١٩٧٤

# که هەنگاو ژان و غەم دەپروێنێت !

دڵدارەکەم
هەورێکی پڕ لەباران بوو
بەسەر دەشتی تینووی دڵدا
بێ وچان بوو
بە ئاسمانی ژیانمدا
زۆر گرماندی
هەر خەریکی وروژان بوو
لە فرمێسکی گریانمدا
چەخماخەی دا
هات، تێپەڕی
پەردەی ڕۆیشتنی دڕی
بەندی دڵی تێکڕا بڕی
بلاّم بارانێك بوو
بۆ دڵداری هەژانێك بوو
هەر نەباری، هەر نەباری !
*
یارەکەی من خەم و ژان بوو
بە چەند سەدە بەر لە مێژوو
لەدایك بوو
تیری ژانی لە دڵم دا
خەمی شینی وەشاندە نێو
لەشی زەردو ژینی گڵم

تا من و خەم بووینە برا
ئالآی ژانیش
لەسەر کۆشکی ژین هەڵکرا
بۆیە گەڕام
بۆ ڕووی یارو تیشکی چرا
لێ کاتێکم بەخۆ زانی
ئەوم ون بوو ئەمیش برا !!
دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتم
ئاگری ژان
دای لە پشتم
خەمیش لەشی وزەی کوشتم
هەستام ڕۆییم
بۆ دڵداری و ناونیشان
ئەوەند گەڕام
خۆمم بینی تاك و تەنیام
دڵ نەخۆشەو لەشیش پڕ زام !
ڕێگەش دوورە
ژانی یاریش بێ سنوورە
بەڵام ، بەڵام
هەر ڕۆیشتم، هەر ڕۆیشتم
بەرەو کۆشکی ئەو دڵدارەی
بە منداڵی
دڵی کۆرپەی خەونی کوشتم !!!

١٩٧٦/١/١٦

# بێداری ...!

نیوەشەوەو
بە هەزاران دەمی تینوو
لە دەمدایە !
بە هەزاران دەست و پەنجە
لە نێو زوڵف و پەرچەمدایە !
نیوەشەوەو
بە هەزاران زینی سەردەم
لە کۆشی گەرمی مەمدایە!
هەزارانیش دێوانەیەو
لە نێو باخەڵی شەمدایە !

*

نیوەشەوەو
منی شەیدا
درەختێکی تاك و تەنیای
نەڕواوم و
ژینی شینم
غەمی ڕەشەو
بەبێ ئەنجام داچەماوە
لەفەرهەنگی پڕ خەمدایە!
نیوەشەوەو
چاوەڕوانیم چەمی تەمەو
تۆف و سەرمای پێ فێر بووە
تا کەشکەشەی لە تەمدایە !
لێوی ناسکی شەق شەق بردووی بە ئارەزوو

بۆ ماچێکی لێوی شیرین
نەخۆشێکی دەرد گرتەیەو
لەناو دوو توێی قەرەوێڵەی
ماتەمدایە !
*
نیوەشەوەو دەست و پەنجەم توێ کراون
لە ناڵینی ستەمدایە
ماچم ، ڕازم
دەنگم ، سازم
گۆمی مەنگن
بەسەرهاتم
گەڵای زەردی درەختێکی نەدرکاوە
لە قەراغی باخێکی بێ بەرهەمدایە !
*
نیوەشەوەو
تەنیا کۆرپەی دڵی منە
پەرێشانەو
لە زووخاوی سەد خەمدایە
دەمی کۆرپەی دڵی منە
هەر لە شین و دادو ناڵەو
ماتەمدایە !
نیوەشەوەو
ئەم دووکەڵی بێدارییە
تا خۆرکەوتن
دوایی نایە ، دوای نایە !!
١٩٧٧/٩/١٦

# بەسەرهاتی چەند شەوێکی زڕ !!

١

چەند شەوێکی زڕ تێپەڕی
ئەستێرەی گڕ کوژایەوەو
خۆشی سکی خۆی هەڵدڕی
باوبۆرانی چاوەڕوانی
لە باوەشی خەمی دووردا
سوانەوەو دڵی منیش
گورج ڕاپەڕی
پەژارەکان
ڕوویان کردە بیابانی برژانەوەو
یاخەی ژینیان تا خوار دڕی !
یار نەهات و
بەناو باخچەی ڕەنگاو ڕەنگی
خەونەکانی دڵی مندا
تێنەپەڕی !

٢

دەسا وەرە چاوەڕێتم
وەك پەنجەرە
لەبەردەمی سروەی فێنکی دڵداریمدا
دڵی ژینت بۆم ڕابخەو

باڵەخانەی چاوەڕوانی
داڕووخێنە
پەژارەی ناخ زوو لابەرە
دەردو پەتا بتوێنەوە
وەك چرایەك
لەسەر پەڕەی گیانی گەشت
هەڵم بکەو
بمژێنەوە
مێنەوە !!

١٩٧٧/٩

## غەم

گیانەکەم ئەمڕۆ دڵم غەمگینــە
وەك ئەو فەرهادەم کە بێ شیرینــە
قوڵنگەی تیژی نائومیـدی هـات
ڕووخاندی کۆشکی شادیی ئەم ژینە !

١٩٧٤/٣/٢٦

# باران و خەونی سەوز .....!

ئەگەر هەوری پەژارەی ڕەش
دونیای ژینی
هێنامە یەك
وەرە وەکو خەونێکی سەوز
لەبەردەمی ئارەزوومدا
سەرهەڵبدەو
دەستی سامالْ بەسەر قژی
کامەرانی دڵدا بێنە !
گەر ڕووباری ماچ لێم تۆراو
لە جەنگەڵی چڕی غەمدا
بەجێی هێشتم
وەرە دەریای لێوەکانت
بکە باران، بە ڕەهێڵە
بەسەر کێڵگەی وشك و زڕی
لێوانمدا
داباڕێنە
تاکو منیش ببمە ئاسۆی گەشی ئەرخەوانی
لەناو باخچەی
کوڵم و گۆنای دڵداری نوێی بێ وێنەتدا
بڕوێمەوە !
١٩٧٧

# گۆرانییەکی لەبارنەچووی کەنار سیروان ..!

**(شتێك لە ناخمدایە، لە شکۆ بەهێزترەو هانی نووسینم دەدات )**

**ئەلفێرد دۆفینی**

( ئەی سیروانی سەرگەردانی هەورازی شێت
ئەم فرمێسکە خوێناویەی تۆ
لە کوێوە دێت ؟
کەی گریانی ئاوارەییت
کۆتایی دێت ؟!! )
گوێم لی بگرە
تا بڵێم پێت
ئەستێرەکان بە ئاسمانی ماچەکانی شێوانمدا
گڕەیان دێت !!
خۆزگەش خۆرەو
لەسەر زاری یارم هەڵدێت !
( ئەی سیروانی ئاوارەی وێڵ
تەکان بدەو سەر هەڵبڕە
هەڵسە سەر پێ و
ماچ لە دەمی ڕۆژ بکڕە ! )
– گوێم بۆ شل کە
چاو پڕ کل کە
تێم بڕوانە
منی شەیدا لە باوەشی

چەمە سەوزە چڕەکانی کەنارتدا
هۆرە دەڵێم
بۆ چاوی تۆو دڵدارەکەم
بۆ یارەکەم
بەستە دەڵێم
( گیانە سیروان
هوزارێکم
بەستەی سەوزم لەسەر زارەو
تۆ دەدوێنم
ئەستێرەکان
دارپەڵکەکان
چاوکاڵەکان
نەیجە سەوزە بێ باڵەکان
لە لانکی گۆرانیدا
ڕادەژێنم ! )
(( بۆچی دەگریت ڕێی گۆرانی و هۆرەم دەگریت ؟! ))
– گوێم لێ بگرەو
ناسۆری دڵ بڕەتێنە
وشەکانم تۆ دەدوێنن
بیاندوێنە !
( تۆ دەزانیت ، هاوڕێکانت
سەرنادەن لێت !
نە ماچ لەسەر گۆنای شینت دەچێنن و
نە لە لێویان ماچ دەدەن پێت ! )
– گیانە سیروان
ڕۆژی خۆشیت

هەڵهاتووەو هەنگاو دەنێت
دەسا وەرە تۆش گۆرانی و بەستەکانت
تێکەڵاوی ئەم ئاوازو حەیرانە کە !
غەم و ژانت
تێکەڵاوی ئەم ئازارو غەمانە کە !
بەستە بلێ وماچ بۆ زاری منداڵی لادێییەکان
بووەشێنە
نوقڵانەی خەون
نوقڵانەی تیشك
بۆ کۆرپەکان
بۆ ساواکان
دارژێنە !
( ئەی ڕووباری سەرگەردانی هەورازی شێت
بە بیرت دێت
من و تاقە یارەکەم و
ئەستێرەکان
باوەشمان
بۆ دەگرتیوەو
خەرمانێکی ماچی گڕمان
پێ دەبەخشیت ؟! )
هۆ هۆ ئاوە غەمبارەکە
بە بیرت دێت
بۆ ناو تاڤگە شێتەکانی باوەشتدا
دەستی یەکدیمان
توند دەگرت و
لەگەڵ ماسییە سپی و زەردو سوورەکانی ناختدا

چاوەشارکێی غەممان دەکرد ؟!
ئەوە کێیە تۆی خۆش ناوێت ؟!
بەستەو هۆرەی ژان و غەمت
نالێتەوە ؟!
– بە بیرت دێت
من و تاقە دلدارەکەم
بەناو بێشە سەوزەکانی خەمخۆریتدا
ماچی قوولمان
لەناو جەرگەی لێوی یەکدی دەفڕاندو
هیچ جارێکیش
نەیار نەیدەتوانی
(کولێ)ی ڕقمان لێ بگرێت و
وێنەکانمان بە ڕووی چاوی
ئاواییدا بپرژێنێت!
چاوە کاڵەکانت نەبێت
خەمی دلی ئێمەی دەخوارد
هیچ ڕازێکی نەدەدرکاند
من و یاریش
لەناو لەشی یەکدیکەدا
دلنیابووین
لەئاپوورەی ماچدا دەتلاینەوە
بەیانیان و نیوەڕوان و ئێوارانیش
لە دەلاقەی ئارەزوودا
دەخولاینەوە
کاتێك دەستی شەو دەهات و
تیشکی خۆری سەردەبڕی

بە هێمنی بەرەو لادێ
دەکشایەوە
بۆ بەیانی
گوڵی هەمان بەزم دەبووین
دەڕواینەوە
( ئاخ سیروان
سیروانی وێڵ
بە بیرت دێت
کاروانێك هات
لەکەناری گۆم و چەم و ڕوووبارێکدا
بارو بنەو کۆڵی خست و
کۆچەرێکی لێو بەبارو خەفەت کوشتەی
لێ دابەزی و
چەمایەوەو ماچی کردیت
دواگۆرانیی
بۆ چاوی تۆو کۆچی یارە بێ نازەکەی
تێر گوتەوەو
لەچاو ون بوو ! )
ئەوە من بووم
ئەو کۆچەرە
ئەو جەرگ و دڵ پڕ لە خەنجەرە
لەپاڵ گردو تەپەکاندا
دڕك و پەیکوڵ
خوێنی پێیان دەخواردمەوە !
بە پۆستەی خوێن
نامەم بۆ یار

دەناردەوە

– ئەی سیروانی کەفچەرێنی دەستەو ئەژنۆ

جێت ناهێڵم

هەر دێمەوە

گۆرانیت بۆ دەڵێمەوە

ئەی سیروانی هێمن و شێت

کێ دەتوانێت

تۆی خۆش نەوێت

کێ دەتوانێت

چاوڕەشان و چاوکاڵانی

ئەم کەنارو ئەو کەناری

تۆی خۆش نەوێت

کێ دەتوانێت

بەجێت بێڵێت ؟!

ئەی سیروانی نامۆی دەشت و کێوو هەردە بێ گوڵەکان

ئەی زامداری دەستی دڕك و زەردەسیری و

پەیکوڵەکان

کێ دەتوانێت

جێت بهێڵێت

کێیە ئەوەی جێت دەهێڵێت ؟!!

کێ جێت دێڵێت

کێ جێت دێڵێت !!!

١٩٧٧

# پەنجەرە

خەوم بینی
لە هۆنراوەی دڵدariدا
پەنجەرە بووم
شەوی دڵڕەق مێردەزمەی تاریکی بوو
بەگوڕ هات و
پێڵووی چاوو هەست و نەستی
لێ داخستم
دزو جەردە دڵ سەختەکان
داورووژان
بە پسکەپسك تیریان وەشاند
شووشەبەندی دڵیان شکاند !
تەنیا گوڵی پەردەیەکی خنجیلانە
هەم هێلانە
هەم ئامانج و ئاواتم بوو
ڕایانڕفاند ! !
گەڵای ژینیان وا هەڵوەراند
لەو دەمەوە ئەو خەنجەرە
چەقیوەتە
دڵ و جەرگی ئەم پەنجەرە
بۆیە ڕقیش بوو بە بەچکە پاسارییەك
کە هەڵفڕی
باڵی خەمی لێ گرتەوە
گەڕا گەڕا
بۆ ڕوخساری ئەو ئاوازە

ئەو دڵکوژە
دزو جەردەو تاوانبارە
تا بەدەنووك
چاوەكانی هەڵکڵۆفێت و
بیكات بە پەندی ئەم شارە
چی ئاوات و هیوای هەیە
ملیان گیركات لە سێدارە !!

١٩٧٧/٨/٢٣

## زانین

کە زانیم فـەلـەك هات و چۆیـەتی
هەر کەسـە هەوڵی دەمـی خۆیـەتی
ئـەوی بێ دەسـتە واقــی ورمـــــاوە
هـاوارو دادو بـاوكــــە ڕۆیـەتـــــی !

١٩٧٤

# سووتووی داچۆڕانی ئەستێرەیەکی بێ ناز !

که هاتیته ژیانمەوه
خۆت هاویشته چاوانمەوه
ئەو ئەستێره بێ نازه بوویت
فراوانیی دڵی ئاسمانی دڵداریت
لەگەڵ خۆتدا هەڵگرتبوو !
منی خەمیش
ئەو بایه بووم
ڕێگەی پڕ پەیکوڵی هات و نەهاتم
گرتەبەر
لەسەر لووتکەی بێداریوه
هەڵم کردو
تۆی بێزاریش
سێبەرێك بوویت
له لێواری دەریاکانی
هۆڵ لێهاتووی خەمناکیدا
ڕاکشابوویت
بۆیه هاتم خۆم هاویشته چاوانتەوه
تاکو خەوی بیرچوونەوه

لەناو بێشەی ماچەکاندا بتوێتەوەو

پۆلە مەلی دڵی شەیدا

بەرەو دوورگەی لێوەکانت

باڵی خۆشی بگرێتەوە

کەچی خۆم دیت

ساڵی سەوزی بەتەمەنم

تۆیش زستانی پڕ لە پیت و پیرۆزیت

کاتێك لە هاوینی خەون و پەژارەدا

ڕووت دەکردە

خەمی شین و ڕێی دڕکاوی

بوویتە ئەو ئاوازەی

بە لاولاوی ژیانمدا

هەڵدەزنایت

وشەیەك بوویت

لە دەنگمدا

سواری زینی ئۆرکسترای زامان دەبوویت

کە تۆرایت و ماڵئاواییت لێکردم و

بەجێت هێشتم

بە دوواتدا دەریای چاوم

بوو بەدەشت و بیابانی

مانگی زەردو ئەستێرەکان

لە باوەشی ڕێگەکاندا

خۆم ون کردو

ڕێگەکانیش ونیان کردم

گەرم و گۆڕیی باوەشیانم

نەبینیەوە

لە گێژەنگەی برینێکدا

گیرسامەوە

کێلی ئەم دڵە کۆرپە پڕ لە زامەم

دایە دەستی پەژارەو خەم ! !

لە سێبەری سەد پەیکەری خەون و

یادە تاڵەکاندا

دەستەو ئەژنۆ لێی دانیشتم

نەمدەتوانی پەلی زارم

بۆ گۆی مەمکە نەرمەکانت

بۆ لێوە پڕ شەرمەکانت

بهاوێژم

تەرمی خەون و

ئارەزووە چڕەکانیان

تێدا زوو بنێژم

زوو بنێژم ! !

١٩٧٧/٦/٩

# هەنسکی دەنگە بێ ئۆقرەکان !

غەم دەریایەو لە بن نایەت
شەپۆل دەدات و بەرەو ناخی دڵی کۆرپەم
پەل دەهاوێت
ترس و لەرزی ناهەمواریم لێ نیشتووە
دڵێکی وا فرەوان و
بێ پەروانە
لە کوێ بێنم
وەك ئەستێرەی داچۆڕاوی ئەم ئاسمانە
ئا ئەم هەموو غەم و ژانە
لە خۆ بگرێت!

چوارەمین دەنگ
( ـ ئەی غەمەکان مەیەن مەیەن
دوورگەی دڵی بچکۆلانەم
داگیر مەکەن !
لانەی یاری بێ جۆلانەم
جێ لەق مەکەن !!)

دووەمین دەنگ
ـ من نە ڕەنجم نە کەپریشم
لە قامیشی بێ دەنگیدا
چاوی ژینم هەڵهێنابێت
من ئەو دڵەم گڕی گرم تێبەربووە
ڕەوە مەلی بێ هێلانە

پۆل پۆل دەهێن
لەسێبەری سەربڕاوی
خەونەکانی منداڵیمدا
بار دەخەن و
دادەواڵێن !
سێیەمین دەنگ
( ـ من نە بەردم
نە فرمێسکێکی زۆر سەردم
ڕووبارێکم
سێخڕانی زستان و هاوینانم
لێ تۆراوە
ڕەوە ماسیی برسی و تینوو
دەمی قرپیان
بۆ چاوانم هەڵزناوە
من نەخەونی بزرکاوم
نەکاروانی بەجێ ماوم
چەمێکی بێ سروەو دەنگم
دەنگم لە خۆمدا نێژراوە
شێوەو ڕەنگم
بە ئەسپی شێی بێ دەنگیەتی
ڕفێنراوە ! ! )
یەکەمین دەنگ
ـ من نە خەونم
نە گوریسی تەنیشت تەونم
دڵدارێکم

چناری سەوز
لەدلْمدا
لەسەر لووتکەی کێوی هیواو
خەونەکانم
وەکوو زەیتوون
گولْ دەکات و
بۆ کەشکەشەی ئاسمانی خەون
سێبەری نویْ دەگرێتەوە
من ئەو دەنگەم
لە ئاوزەنگی دەنگی خۆمدا
دەمنێژنەوە
من ئەو ڕەنگەم
لە ناو ڕەنگی دلّی خۆمدا
دەمبێژنەوە
دەمبێژنەوە !!

١٩٧٨

## گریان و زەردەخەنە

گەر نەسووتێین من و تۆ لە ڕێی ژیاندا
کێ بسووتێت ؟ کێ بقرچێت لە جیهاندا
سووتان و ئازارو ژان چێژن بـــۆ ژیـــان
زەردەخـەنەت نەدیوە لەگەلْ گریاندا ؟!!

١٩٧٥

## شیرین فەرهاد دەدوێنێت !

هۆ فەرهادی پاڵەوان

هۆ ڕەنجدەری بێ وچان

خێراکە زوو قوڵنگەکەت ڕاوەشێنە

بۆ کۆشکی من

بۆ کۆشکی پڕ لە ئەشکی من

ئاوی ڕوونی ئەوین بێنە

چەمی بەختت داساکێنە

تۆ دەتوانی  بە گۆرانی

بێستوونی سەخت و سەرکەش

داڕووخێنیت

لە زەمینی وشك و برنگ

ئاوی سازگار

بۆ تینوێتیی منی بەهار دەربهێنێت

سا خێراکە شان و باهووت

دەست و بازووت

ماندوو بکەو قوڵنگەکەت

بووەشێنە

واز مەهێنە

لەو کێوانە

ئاو دەربێنە ، ئاو دەربێنە  ! !

*

هۆ فەرهادی ڕوومەت گەش

هۆ نەخۆشی مردووی باوەش

ئارەقی زۆر بڕێژە

تینوویەتی و برسێتیش بچێژە

تا دەتوانیت

ئەو قولنگەت ڕاوەشێنە

جۆگەی ئەوین

بە دەست و بازوو

دێتە کایە

با هاوین بێت

باسەوون بێت

با پیرەژن

هەر خەریکی پەتك و بەندو تەوون بێت

قولنگەکەت ڕاوەشێنە

کێ گومانی لە دلدایە

کێیە دەلێت وشکە سالەو

ئاو دەرنایە

ئاو دەرنایە !!

*

هۆ فەرهادی پالەوان

چەندین جار بوو هاتمە سەر ڕێت

چەند جارم گوت

ئامۆژگاری پیرەژنی کۆنەسال

مەگرە گوێت

باپەڕو باڵ

لەسەر لەشی نائومێدیت دەرنەچێت

گوێ مەگرە لەو دەنگانە

کەوا دەڵێن: وەرزو کاتی پشوودانە

ئاو دەرنایە

لەو کێوانە

قوڵنگەکەت فڕێ مەدە سەر زەوی

ڕایوەشێنە

کێ بوو گوتی هەر بە گوڵێك

بەهار نایە

کێ بوو گوتی لەو لاپاڵە

ئاو دەرنایە

ئاو دەرنایە ؟!

***

هۆ فەرهادی زۆر تامەزرۆ

بۆ من هەرگیز خەفەت مەخۆ

من پێت ناڵێم

قوڵنگەکەت دانەو بڕۆ !

ئەگەرچی ئەم لاپاڵە زۆر سەختە

قوڵنگەکەت دەیسمێت

کونی دەکات

دەیجمێت

گوێم لێ بگرە

قسەم ڕوونە

ئاشکرایەو بێ پەردە

جۆگەی ئەوین هەڵبکەنە

ئاوی ڕوونی خۆشەویستیم بۆ بێنە

دەستی ژینت لە بەرۆکم بەرمەدە

من تاکو هەم

خەڵاتی تۆم

خەڵاتی تۆم !!

١٩٧٦/١٠/٢

# دوو وێنەی هەڵەوگێڕاوی سەر ڕێگەیەك !

## هاوڕێ

دوو هاورشێ بوون
مێردەزمەی مەرگی پڕ قین
ڕاوی دەنان
شەوی ڕەشی
هەڕەشەی ڕەش
تاریکایی دادەبارند
دوو هاوڕی بوون
مەرگی دوژمن
دەستی تەنگی لێ هەڵچنین
ڕووبارێکی هەڵەشەی شێت
لەبەردەمی ئاواتیاندا
قوت بووەوە
خەم تەك خەمدا
حووت بووەوە !!
دوو هاوڕێ بوون
هاوڕێیەکیان مەلەوانی نەدەزانی
ئەوی دییان
ڕووباری شێتی دووشەق کرد
هاوڕێیەتی
لەوێدا مرد !!

## گەڕان

دەگەڕێین و پەرێشانین
شەو کەڵپۆسی بێدارییە
دەگەڕێین و بێ نیشانین
قەتماغەی زام
شەوچرای ڕێی غەمبارییە
دەگەڕێین و بێ زمانین
دەردو پەتا کەشتیی دەریای ڕێبوارییە
دەگەڕێین و بێ خەرمانین
جنێوی خەڵکی وا لە شوێنمان
دەگەڕێین و بێ داستانین
لە دووڕیانی بێ چاریدا
ڕێگەی وێڵێن
لە هەورازی بێداریدا
ئاوی لێڵێن
بەدوای وشەی زمانێکدا
سەرگەردانین
دای بچێنین
گەڵای گەشی نوێ دەربکەین
تێر تۆی شەیدای پێ بدوێنین
کەوی کوڵم و سوێسکەی لێوو
کۆتری سپیی
دەنووک ئاڵی ماچەکانتی
پێ ڕابێنین
پێ ڕابێنین !!                    ١٩٧٧

# دڵی کۆرپەم ڕابژێنە !

وەرە گیانە  وەکو باران
ماچی سەوزی لێوی تەڕت
بەسەر کێڵگەی تینووی دڵی تامەزرۆمدا
ببارێنە
وەرە وەکو سروەی فێنکی بەرەبەیان
هەڵم بگرەو
بەرەو ئاسۆی ئەرخەوانیی ئەوینی نوێ
ڕامتەکێنە
وەرە لە قووڵایی ماچی قووڵی شەوانتدا
بە مەیی لێو بمخەوێنە
وەرە تاوێك لە باوەشی دەستبازیدا
دڵی کۆرپەی ئەویندارم
لەنێو لانکی دوو مەمکدا
ڕابژێنە
وەرە تاوێك هەر بۆ تاوێك
چی ئاسۆرو خەمم هەیە
لە نێو دەروون دەربهێنە
بەو لەنجانەت
بەنەرمیی ئەو جەستە جوانەت
بیڕەوێنە
وەرە تۆزێك بە زاری لەش
زاری لەشی بێ هاوەڵم

تێر بدوێنە

بە ئاوی ژین

ئاوی ڕوونی کانی ئەوین

تامەزرۆی گیان

ئارەزووی نێو بیابانی تینووی لێوان

بۆ هەمیشە جوان بشکێنە

بەڵام دڵی

کۆرپەو ناسکم

مەدۆڕێنە !!

١٩ – ١٠– ١٩٧٨

## داخ

لە داخی گەردوون خۆم سەرخۆش دەکەم

نیگاری پەری فەرامۆش دە کەم

بادەی تاڵی ژین بۆیە بەش منە

لە جیهاندا تف لەسەر پۆش دەکەم

١٩٧٤/٣/٢٨

# هاواریش هاوار دەکات !

هەتا شاخیش لە بێ دنگیی ئەشکەوتەکان
هاوار دەکات
ئاوی ڕووبار
لە باوەشی بووارەکان
هەڵدەچێت و پرسیار دەکات
بگرە درەخت
لە ڕقاندا گەڵای سەوزی دەتۆرێنێت
زەمینی وشك بێزار دەکات
بەفری شەیدایش خۆی دەکوژێت
لەسەر لووتکەی چیاکانی پەژارەوە
پرسیاری هۆی ڕووخاندنی کەپرەکانی بەهار دەکات
بگرە یاریش لە وێستگەی چاوەڕوانی و پەشێویدا
پرسیاری هۆی نەهاتنەوەی
دڵدار دەکات
بگرە خەمیش لەخەماندا
ڕووی پرسیاری
لە ڕوخساری غەمبار دەکات
تا شاعیریش لەناو ژاندا دەتوێتەوەو
خۆی و وشەو هۆنراوەکان
بێدار دەکات

پشت لە کۆشك و تەلار دەکات
تا ئاسمانیش بۆ کوشتنی خەونەکانی دڵی چنار
قورِ دەپێوێت
هەزار پلار
لە لاساریی لاسار دەکات
تا هاواریش هاوار دەکات
هەراو هوریا بێدار دەکات
تا ئەو رِۆژەی دوو دڵداری شەیدای یەکدی
بەیەك دەگەن
دڵی منیش لە ئاسمانی هیواکاندا
باڵی خۆشی دەگرێتەوەو
چەپکە گوڵی دڵداریی نوێ
مژدەی شیرین
گوڵاوی خۆش
پرِ شار دەکات !!

١٩٧٧/٨/٢٤

# تاسەی دیدار

کچێ دێم و
بەرماڵی دڵ
لەپەرستگەی چاوانتدا
ڕادەخەم و
نوێژی گڕی خۆشەویستی
بەسەر لەشی
خەونەکانی ئەندێشەتدا
دەبارێنم
کچێ دێم و
ماچ ئاڵامەو
لەسەر کوڵمی نازەکانت
دەیڕوێنم !!
دەبمە سەهۆڵ
لەبەر تیشکی خۆرەتاوی
هەردوو چاوی تینوێتیدا
کلۆکلۆ دەتوێمەوە
دەبمە ماچێك
تەنیا ماچێك
لەسەر گۆنای پەلەو شێتیی لێوانتدا
دەڕوێمەوە !

*

کچێ دێم و
لەشکرێکی بێ شوماری

خۆشەویستیم
بەقەڵغان و چەکی نەرمی وشەکانم
کیشوەری نێو ئەو دڵەیەت
داگیر دەکەم
ئاڵای خۆمی تیا هەڵدەکەم
لە نێو ئێزگەی دڵداریوە
دەڵێم کچێ
من هاتووم
بوونی خۆم و ئەم دڵەیەم
لە ژیانی ئەوینتدا
بسەپێنم !!
*
کچێ دێم و تەم و مژی غەم و پەستی
ناخی دەروون
ژەنگی جەرگی هەڵقرچاوی
بوون و نەبوون
لە پەیمانگەی ژوانی بزەی
تاسەی چڕی دیدارتدا
دەسڕمەوە !
خەونی کۆرپەی ژیانێکت بۆ دەکڕم
تا هەتایە لەناوجەرگەی
گوڵزارانی شادیو خۆشی و
کامەرانیی دڵداریدا
دەتڕژێنمەوە !

*

کچێ من دێم ، ئەتۆیش وەرە
باڵدارێکی خۆش ئاواز بە
لەسەر لقی داری دڵم
لانەیەکی ڕەگ و ڕیشە
پڕ لە شەیداو پەلەو تاسەو
تامەزرۆیی
دامەزرێنە !!
بە ناو باخچەی ژیانمدا
لەسەر گوڵی ڕەنگاوڕەنگی بەیانمدا
هەر بخوێنە !
تا ئەو کاتە دڵی شەیدام
بلاوێنە
کە دوو بە دوو
هەڵدەفڕین
باڵی خۆشی دەگرینەوە !

*

کچێ وەرە
گەلای پانی گەرم و گوڕیت
بەسەر سەرمای
لەشی ساردی
لەرزیومدا دابارێنە
بەرەو شاری خەندەو بزەو پێکەنینی
لەنجەو لاری بالای گەشی ئەویندارت

دەستم بگرەو ڕامتەکێنە
لە هەمێزی خەونی خۆشی باخچەیەکدا
بمخەوێمە
دەرگەی سۆزی
لەبەردەمی خۆزگەکانی ئارەزوومدا
ئاواڵە بێت
چیرۆکێکی بێ پراوە بێت
لە قووڵایی هەست و نەستە چڕەکاندا
تا هەتایە بمهەژێنە !

*

کچێ ، کچێ مەلەوانم
مەلەوانی باش دەزانم
بەڵام گیانە
لە ڕووباری قووڵی نازی تۆدا
مەلەوانی هیچ نازانم
دەسا وەرە
دەستت بێنە ، دەمت بێنە
لەو کێژەنگەی
تێی کەوتووم
بۆ هەمیشە دەرمبێنە ، دەرمبێنە !!
١٩٧٧/٤/٢٠

# وەرزی سەرهەڵدان

گەرچی ڕێگەت دڕك و داڵە
پڕ لە کۆسپ و سەرەولێژی و
کەندو چاڵە
بەفری زستان داپپۆشیوە
هەوری ڕەش و خوڕەی باران
ئوقرەو وزەی لێ بڕیوە
ئەی چاوکەژاڵ
هەر دێم بۆ لات
دڵ گیرۆدەی دڵت بووە
چەندین ساڵە
دڵ چاوەڕێی دەرفەتێکی
وای ساماڵە
ئەی ڕوومەت ئاڵ
هەر پێت دەگەم
لە باوەشی گەشی چاوە
پڕ لە تاوە
شینەکانی ژیانتدا مەلە دەکەم
دەبمە وەرزی کامەرانی و
لە سروشتی خۆشنۆشیتدا
سەرهەڵدەدەم ، سەرهەڵدەدەم !!

١٩٧٦

# دڵ

باڵندەکان
لەسەر لقی سەوزی ژیان هەڵدەنیشن
بە ئاسمانی دڵداریدا
جووت جووت هەڵدەفڕن
پاساریەکان
لەناو چەم و گوێسەبانەی خانووەکان
جووت جووت لانە دەکەن
لە ناو باخچەی دڵداریشدا
دڵدارەکان
بە شەقامی خۆشویستندا
جووت جووت هەنگاو دەنێن
کچێ ئایشێ
هەر من نەبێت
چ لە باخچەو چ سەر شەقام
تاک و تەنیام
مەرگ دێتە لام
دەستێك نییە
قژی ئاڵۆزکاوی دڵم
دڵی گەشی پڕ ئەسکڵم
شانە بکات
دەستی نەرمی پڕ بەزەیی
بەسەر ئارەزوومدا بێنێت
وەکوو تینوو

بنووسێته كانیی قووڵی ئەوینمەوە
تینووی بشكێت
تینووم بشكێت !!
****
كچێ خۆ من چاوی وشەم
كوێر نییە
ئاوی دڵم سوێر نییە
پەنجەكانی هەست و بیرم
نەشكاون
قاچەكانم گۆچان نینە
هەنگاو بنێم، مۆری شوێن پێم
لەسەر شۆستەی دڵداریدا
مەلە نەكات
هەستی جوانی و خۆشەویستیم
نەسووتاون
بەجێم بێڵن
درِك و پەیكوڵ
وەكوو ئەسكڵ
لەشی بەختم گشت بكێڵن
من دڵدارم و دڵداری نوێ
لە ناخمدا دەتوێنمەوە
لە ئامێزی چاوو دڵی
سۆزە چرِەكانی ئێستەو منداڵیمدا
گەورەی دەكەم
بە چاوی دڵ

دەڕوانمە ڕووی کچە چاوڕەشەکانی
شارەکەمان
کەچی پێکەنینیان گوێم کەڕ دەکات
لە بارتەقای خوو و ڕەوشتی ڕزیوەوە
هەڵدەدەنە گوێی یەکدیدا
بە شەقامی سوێری ژیندا
هەناسەم شەمەندەفەری
بێ ڕێبوارە
لە سینەمدا خەفەتبارە
منی دڵدار
ڕێبوارێکم ، بێزارێکم
بەدوای چاوڕەشێکدا وێڵم
لەسەرەتای بەهارێکدا
لەشارێکدا
پێیان گوتم
ئەو دڵدارە
لەو کەنارە
نەبینراوە
کەچی لە پەڕاوی پتورکاوی بێ نازێکدا
نووسرابوو
یارەکەی تۆ
لە ئەستوونی پشتی باوکی
نەهاتووەتە منداڵدانی دایکیەوە
کچێ ئێستەیش بە شەقامی دڵداریدا
دەگەڕێم و

بۆ گوڵەکان ڕاز دەخوێنم
سیمفۆنیاکەم هاوار دەکات
ئەی کیژەکان
ئەی چاوکاڵە تیر تیژەکان
وەرن دەرگەی دڵی کۆرپەی ئەوینی من
لەسەر پشتە
ئەوەی دێت و پێ دەنێتە ئەم بەهەشتە
لە هێلانەی دڵی سەوزی بەسۆزمدا
دەیخەوێنم
تا هەتایە لە جۆلانەی دڵداریدا
دەیلاوێنم
دەیلاوێنم ! !

١٩٧٧

## ڕق

ئەوەند لەگەردوون ڕقم هەستاوە
باخچەی ئومێدی دڵم بێ ئاوە
تەمی ناسۆری سەری داپۆشی
لەوەتەی کە پێم بەم دیودا ناوە !

٢٨ — ٣ — ١٩٧٤

# نەمدەزانی !

نەمدەزانی
تۆ گوڵێکیت لە بەهاری دڵداریدا
سیس دەبیت و هەڵدەوەریت
دەخلیسکێیتە ژێر هەنگاوی
پەشیمانی
بە دەستی بای نەبینراوی شێتییەوە
هەڵدەپەڕیت
لە کامێرای ژینی خۆتدا
بە سیکارتی ئاگراوی
سکی خۆشی و کامەرانی
هەڵدەدڕیت
*
نەمدەزانی
وشەکانی نامەکانم
چاوی کۆرپەی بێ دایکی پڕ فرمێسکن
بە ئاشکراو بە پەنهانی
نایانسڕیت !!
*
نەمدەزانی کامەرانی
لە ئەلبوومی بیری تۆدا
تۆپی پێیەو لە یاریگەی

چێژی نەنگ و کۆشکی مەی و دەستبازیدا
تووڕی دەدەیت
بەڵام زانیم
ئەوینی من زۆر بەسۆزە
بۆ کەندڕی ملشکانی خێرا دەبەیت
گیای ئەوینی ڕۆژگاری تۆ
لەسەر بنجی تەفرەلێدان
ئێستە دەڕوێت
ئیدی هەرگیز دڵی من بێت
وێزەی دڵی تۆ ناکەوێت
بڕۆ بڕۆ
بۆ قەڵبەزی گۆڵ خواردن و بیرچوونەوە
بۆ سەر لووتکەی پەشیمانی و
بەربوونەوە
ئیدی دڵی ئەوینی خۆم
ناخەمە نێو داوی تۆوە
بەرەو ئاسۆی دڵداری نوێ
هەنگاو دەنێم
درەختێکی گەشاوەی نوێم
لەوێ دەڕوێم ، لەوێ دەڕوێم ! !

٢٤ – ٨ – ١٩٧٦

# مژدە

من ئاوێك نیم نەخورێمەوە
خونچەیەك نیم
نەكرێمەوە
مژدەیەكم لە ڕێتاندا
دەخنێمەوە
من بەفر نیم
كە هاوین هات، بە تیشكی خۆر
بتوێمەوە
من كەپر نیم
گێژەلووكەی چڕ هەڵبكات
تێكم بدات
ڕەنگم ببات
بتلێمەوە
من باوەڕم
هیوام ڕێگام
بێ تەڵەكەو پێچ و پەنام
لە ئاسمانی خۆشیتاندا
دەشنێمەوە ، دەشنێمەوە !!

*

من دڕك نیم
تەڵەتان بۆ بنێمەوە
من گورگ نیم
بكەومە چەم
مەڕی حەزتان گەمارۆ دەم
من نەشەوم، نە تاریكیم

من ڕووناکیی هەمیشەییم
ڕەنگ بۆ ڕووتان دەگرمەوە !
من باوەشم
چرای گەشم
ئامێزتان بۆ دەگرمەوە
*
من لافاو نیم
لەناکاتدا هەڵبکەم و بنیشمەوە
من سووتاو نیم
بە ئێشمەوە
سەری حەزم بنێمەوە
من کە هاتم
ڕاستییەکم
ناکشێمەوە !
گۆرانییەکەم
دەڵێمەوەو دەڵێمەوە !!
*
من ڕووبارم
ڕووبارێکی بێ کەنارم
من بەهارم
وەرزێکی پڕ لە گوڵزارم
غەمی ڕێگە دەتوێنمەوە
بۆ هەمیشە گوڵی سەوزی
وشەی پیرۆز
دەڕوێنمەوە
دەڕوێنمەوە !!

١٩٧٦/٧/٢٧

# ڕازی نەدرکاو

لە دووری تۆ
جگەرەی غەم دەکێشم و
چڕە دووکەڵی ئاخ
بەبا دەدەم !
وەکو بەفری سەرلووتکەی شاخ
لە ئاسمانی پەژارەدا
دەتوێمەوە !
*

وەك ڕووبارێك
وەکو هاژەی پەلکەدارێك
وەك زامدارێك
دێم و لەشی لەنجەکانت
دادەتەنم
هەڵدەچم و
دەچمە کەشەی ورووژانی
ڕامووسین و
بیرچوونەوە
خوڕەی تاڤگەی حەزەکان و
مەلی پەلەو چاوەڕوانیم

لەناو باغی لیمۆکانتا

دەنیشنەوە

کە هەڵدەستم

بە گالیسکەی ماچی سەر لێو

گەشتێك دەکەم

گشت مەبەستم

ببمە گوڵ و بە بەرۆکی دڵداریتدا

هەڵزنێم  و

بڕوێمەوە !

١٩٧٧

# چاویلکەی چێژ

**( بۆ ئەلف میم )**

**ئێوارە بوو**
**هەتاوی دڵ، لە ئاسۆگەی دڵداریدا**
**بەرەو دەریای بیرچوونەوە**
**ئاوا دەبوو**
**شۆستە زەردە بێ دڵەکان**
**لەژێر قاچی چاوکاڵاندا**
**دەیانناڵاند**
**قۆڵ لە قۆڵ و پەنجە لەنێو پەنجەدا بوو**
**دەستی ناسك**
**لە گەردنی سێو دەئاڵاو**
**زاری تینوو**
**خۆی دەخستە نێو باوەشی**
**لێوی شیرین**
**لە ڕووباری**
**پڕ هەنگوێنی دڵداریدا**
**ئارەزووی سەد ساڵەی دڵی کپ و خامۆش**
**دەکردەوە**
**سێبەرەکان تێکەڵ دەبوون**
**هەنگاوەکان لێك دەئاڵان**
**سەرنجەکان**
**پتر دەبوون**
**باڵی خۆشی و شادمانی**

نەوبەهاری ئەوینیانەی خۆماڵییان
دەگرتەوە
لەسەر ئەبرۆی نەجووڵاوی
شۆخێکی شەنگ
ڕۆدەنیشتن
لەناو شاری دڵدا
گڵۆپێکی هەزار ڤۆڵتیی ئەوینی نوێ
گڕی دەگرت
دادەگیرسا
لەسەر تاپای ڕێگەی هیوای ئارەزوودا
خۆزگەکانی چەندین ناخی
ڕووناک دەکردەوە

*

ئێوارە بوو
پرشنگی دڵ ئاوارە بوو
ئاوا دەبوو
چەند پەنجەیەک لەیەک ئاڵان
چەند زارێکی تامەزرۆ
خۆیان هاویشتە نێو ئامێزی پڕ
چێژو خۆشیی ژیانەوە
چەند پەلکێکی گرێ گرێ
کرانەوە
لەم لایشەوە دوو سێبەری
بێ پەیکەری
خەمناک و سڕ

به هەنگاوی دەرزی ئاژن
لێك دابڕان .. جیابوونەوە
دوو دڵ لەیەك داترازان
خەم و ئازار
لە دایك بوون
هەر لەوێدا بەسەرهاتی
هۆنراوێکی فەرهادانە
سەبڕێنراو
خوێنی وشە
شانۆی ژینی بێ دەسماڵی تەنییەوە
*
ئێوارە بوو
وشەکانت باڵیان بەیەکدیدا داو
بەرەو خاکی نیشتمانێکی بێ سروە
سەری حەزیان خێرا هەڵگرت
– وەرە، وەرە
سەری حەزی وشەی سەوزی
بەستەزمان مەپژێنە
با سێبەرت دەستی ئۆخەی
لە گەردنی خۆزگەکانم نەکاتەوە
سووتاندتم ، تێشمدا سووتایت
خەوی خۆشیت
لە منداڵی وشەکانم تێك زڕاندو
ترس و لەرزت پێ فێرکردن
گوێت نەدایە ترپە ترپی دڵێکی پڕ خەنجەرو زام

بەناوچاوی بێ هەتاوی گلێنەمدا
پەڕیتەوە
چەند ملوانکەی شارۆچکەی پڕ
لەدەردو درم و پەتاکانت
لە مل کردو
بەسەر شۆستەی بێداریدا
دەستت دایە خۆ گەوزان و توایتەوە !
لەناو ئابڕووی هەنگاوە بێ ئۆقرەکاندا
گیرسایتەوە
چێزو سێکس
دوو کۆرپەڵەی چاوکەژاڵ بوون
لەفەرهەنگی بێ ئاسۆتدا
تامەزرۆیی یەك دیکەیان دەقۆستەوە
تۆیش
بێ ئەزموون بوویت
بە دووی ئەسپی ئارەزوودا
جڵەوی حۆت ون کردبوو
بە بێ هوودە
پەلکی ڕەشی خەونەکانی ئەوسای خۆتت
دەڕستەوە !
*
ڕۆخی ئەڵوەن
هەمووی دارە
خەفەتبارە
دارخورماکانی ئەو شارە

زەردەخەنەو پێکەنینیان ژەهری مارە
ژینیان داوە
لە قەنارە
لە سێدارە
شەقامەکان
خامۆشییان پێوە دیارە
بۆ پشت لە ڕۆخی ئەڵوەن دەکەیت
و بەناو شاری ئارەزەتدا
ملی ڕێگەی نەهامەتی و جنێو
دەگرێت
چێژوەرگرتن
پەساپۆرتەو لەنێو تەنکەی باخەڵتایە
نوقڵەو
لە گیرفانی بیرکردنەوەو
خوو و ڕەوشتی شێتیتدایە
ڕووبارێکەو
لە پاڵ سایەی
درەختە بێ بزەکاندا
پاڵێکی لێ دەدەیتەوە
ئوتۆمبیلە بێ هاوتاکان
دێن و هەڵت دەگرن
دادەبەزی و
هەڵت دەگرن
لە پەراوێزی شاری کپ و خامۆشەوە
فڕێت دەدەن

ئارەقەی شەرم

ئەژنۆت دەگرێت

هێزو توانا

لە دەماری لەشی سست و پڕووکاوتدا

ئیدی دەمرێت

ناوت دەمرێت

دەمرێت      دەمرێت

*

نامە زەردە شڕەکانت

بگرە کۆش و

ئەشکە سوێرە کوێرەکانت

بشارەوە

– تێتدا سووتام

گرێکی بێ ئەقرەت تێ بەردام

برۆ گرەکانت بخنکێنەو

یادە سەوزەکانی

ڕۆخی ئەڵوەن

لە یادی خۆو خۆشەویستیت

ببەرەوە

برۆ پەنجەی شەرمەزاریت

مەسووتێنە

لە بواری سنوورەکان بپەڕەوە

برۆ ئەڵوەن و ڕۆخە خەفەتبارەکەی

ڕقی زۆریان لێت هەستاوە

نەکەیت کچێ بخەڵەتێیت

فریو بخۆیت

جارێکی دی

پیَ بهاویته ئەو ناوه

هەموو زیخ و لمی ڕۆخی ئەڵوەنی گڕ

دەتسووتێنن

چاوی چێژەکانت

کوێر دەکەن و

پەساپۆرتی هەموو خەونەکانت

دەدڕێنن

نەکەیت کچیَ جارێکی دی

پەنا ببەیته بەر ئەڵوەن

چاویلکەی چێژ

له چاو بکەیت

بەسەر پردی زامەکانی

ئەوساو ئێستەی ئەو ڕووباره

زامدارەدا بپەڕیەوه

مەگەڕێوه

مەگەڕێوه

ڕقی ئەڵوەن

نەهەنگێکەو

قووتت دەدات، قووتت دەدات !! ١٩٧٧

## بوون و نەبوون

داخـی ڕۆژگـارم پـــڕ لـە دەروونـە
دادو هـاوارمـە لـــە ئـــەم گـــەردوونـــە
تـەمـاشـای ئـەم لاو ئـەو لای خـۆم دەکـەم
مـــایـەو ســـەرمـایـەم بـوون و نـەبـــوونـە
١٩٧٤/٣/٢٨

## جەژنانە

گیـانــە وا جـــەژنــە ، جـــەژنــانــەم نـاویـێت
مـاچـی گـــەرمـی ئـــەو لیـێوانـــــەم ناوێـــت
ئـــاشـــتـــی و ســەربــەسـتی جـەژنـانـەی منـــــە
جـەنـگ و کـــوشــــــتـن و وێـرانـەم نـــاویـێت !

# دوو پۆستەر

## یەکەم پۆستەر

لە باخەڵی پرسیارێکدا
نیشانەیەکی سەرسوڕمان
سەری هەڵداو هاتە دووان ! !
لە ناو شاری قەدەغەدا
سەری زوڕناژەنی
بێ وچانی
هێنایە ژان ! !
کە باخەڵی زڕیان پشکاند
بە دووی نیشانەدا گەڕان
سکی خەونیان هەڵتلیشاند
هەزارەها پرسیاری دی
لەدایك بوون
هاتنە زمان ! !

## دووەم پۆستەر

لە فەرهەنگی حەزو خەون و دڵداریدا
سەری وشەیەکی بێ زمانی
گەشیان پژاند
لە دەلاقەی ئارەزوودا

چەندین تیپی ئەو وشە هەن

بوون بە سۆزو ئاوازی نوێی

گۆرانییە غەمگینەکان

لەناخەوە

دڵی هەموو

دڵدارێکی سووتێنراویان

پتر هەژاند !!

١٩٧٨

# سەرنانەوەی حەز

هاتم لە ناکاتدا هاتم
چوون مردوویەك
کۆڵێك ژان و پەژارەو دارەتەرمێك
بوون بە پاداشت بە خەڵاتم
مۆری پەنجەی ناهەمواریم
بە توێڵمەوە هەڵگرتبوو
گڕی سووری سەد بێداریم
تێبەربووبوو
کە پێم نایە جەرگەی ژیان
بۆ ئامێزی چاوڕەشێکی نەرم و نیان
زیندوویەکی زوو مردوو بووم
لەسەر پەڕەی فەرهەنگۆك و پەرتۆکانی
دڵداریدا
نوقمی لیتەی غەمگینی بووم
لە سنووری پسێنراوی ژیان دەرچووم
پەرێشانی بوو بە هاوڕێ و
بە میوانی شەوو ڕۆژم
سەد تارمایی
کەوتە بەردەم
باڵای بەرزی گەلاوێژم
هەناسە زۆر ساردەکانم
شێت و هار بوون
ڕێی درێژم

نەیدەتوانی
کێوی خەم و خەفەتباریم
ژ بیر و یاد بباتەوە
گوڵێك نەبوو
لە ئامێزی حەزەکانی منداڵیمدا
دەمداتەوە
لەو کاتەوە
دڵنیابوون خۆی هاویشتە نێو دڵمەوە
کە ژیانی پڕ لە دەردم
بە ئەو خەون و ئاواتەوە
سەری حەزی دەنێتەوە ، دەنێتەوە !!

١٩٧٧ — ١ — ٢٤

@
@
@
@
@
@
@@@@@@@@@@@@@

# دەنگی بانگەوازێکی بێ سنوور

هەڤالانم، با هەمووومان
ڕووبارێك بین
لە جوگرافیای خوو و ڕەوشتی
هەوری ڕەشی ڕابوردوومان
یاخی ببین
ئاوی پشوو
بۆ پرشنگی مێشکی سەدان هاوڕێی
پێگەیشتوو
بەجێ بێڵین
بەهارێك بین سروەی بیرمان بەسەر کێڵگەی
دێڕەکاندا مەلە بکات
وەنەوشەی گەش
لە توێماندا بۆ سەد باوەش
پەلە بکات
شمشێریک بین
دەنگمان هەبێت
خەنجەرێك بین ڕەنگمان هەبێت
با پردێك بین
قەت نەهێڵین داودانەری چەقاوەسوو
بەسەر پشتی ئابڕوومماندا

تیَ بپەڕێت
لە ناوجەرگەی زەماوەندی زاواماندا
هەڵبپەڕێت
با هەردێك بێن
تۆزی زەردی لیرەی کۆنی ( خەلیفە )مان
لێ نەنیشێت
تاوێرێك بێن چاوی مۆنی بێ ڕێگەکان
ڕیشەی سەختمان
هەڵنەکێشێت
با گڕێك بێن
ئاوی لێڵی هاوارەکان
پشکۆی دەنگی لێبوردنمان
نەهەژێنێت
دەنگی بیرمان
نەخنکێنێت
وشەیەك بێن
لەگەروودا بڕوێینەوە
لە هاوینی قەدەغەدا
نەتوێینەوە ، نەتوێینەوە !! ١٩٧٤

# ناخۆمەوە

لێم بوورن ناخۆمەوە
لەم بەهەشتە، بەهەشتی ژین
خۆم ناخەمە نێو ئاگری
دۆزەخی قین
لەسەر باڵی دڵی خوێنین
زامێکی کە ناژێنمەوە
لە جەنگەڵی سەوزی ئەوین
گڕێکی سوور نانێمەوە
لێم بوورن ناخۆمەوە
بە بادەی ژین من سەرخۆشم
زۆر بێ هۆشم
ئەوەی ئێوە دەیخۆنەوەبیخۆمەوە،
هەتا ماوم ناژێمەوە
لە ناو ژانی زامەکاندا دڵۆپ دڵۆپ دەتوێمەوە
لێم بوورن ناخۆمەوە
تاکوو ماوم
بۆ هۆنراوە من ژیاوم
بەستەیەکی جوان ڕازاوەبادەی منە
بیرو هەست و زادەی منە
لە سنووری ژین لانەدان
جادەی منە
لێم ببوورن،
ناخۆمەوە، ناخۆمەوە !

١٩٧٤

# هەست

من هەست دەکەم
باری سەختی سەد غەم دەبەم
من هەست دەکەم
کە غەم دەخۆم
بۆ ڕووباری سەد تەم دەڕۆم
من هەست دەکەم
لە ڕێگەدا ژان دەڕوێنرێت
لە جیگەدا
خوێنی هەژار
دەسووتێنرێت
من هەست دەکەم
کە زام دەزێت
باخچەی ئارام وا دەتەزێت
کە هەست نەکەم
من هەست دەکەم !!

*

من هەست دەکەم
هەست بەسۆزی گریان دەکەم
هەست بە گڕی سووتان دەکەم
هەست بە ژانی
پڕ لە ژانی جیهان دەکەم
من هەست دەکەم
لەناو ژاندا

دەتوێینەوە
لەناو گڕی پڕ ڕقاندا
دەڕوێینەوە
شمشاڵی دەست شوانی مەڕمان
بێ دەنگ دەکرێت
منداڵی نێو دڵی تەڕمان
بێ ڕەنگ دەکرێت
من هەست دەکەم
هەست بە قوڕی دەستەسڕی
نەمان دەکەم
هەست بەودیوی جیهان دەکەم
هەست بە چوونی
من و ئێوەو خۆمان دەکەم
کە هەست نەکەم ..
من هەست دەکەم !        ١٩٧٤

#ترووسكەی دەڤەریێك خەندە

جەژنەو
لە مێژە بەدیداری خاکی بەرپێی سۆزت
نەگەیشتووم
شەرمەزاری نیگای ڕەنج و کۆششە سەوزەکانت بووم
دووریت دەریایەکی سوێری پێکنەگەیشتن و عەبدالّییە
هەناسەی ساردی ڕۆژگارم
لەناو گەردەلوولی بێ هوودەیی سەردەمدا
دەبینمەوە
غەمی کەشتییە تێکشاوەکەی ماندووبوونت
باری قورسی ڕابوردووەو
بەسەر شانی داتەکیوی ئەم وەرزە ناسکەی دڵمەوەیە
بیرمە
بەناو تونێلی تاریك و نووتەکی پڕ لە نەزانین و دواکەوتوویی و
ئەفسانەدا
پەلکێشی ڕێگەی ڕووناکی ئەفراندن و زانینت
دەکردم
بیرمە
داڕووجانی مەرەزەی هاوینی کۆسپ و تەگەرەکانت دەڕنی و
زوڵفی خەنەیی خەونە نەزۆکەکانت
شانەدەکرد
سواری ئەسپی شەکەتی دەبوویت و

بە چیای هات و نەهاتی وەرزی قات و قڕی هزردا
بەرەو لووتکەی ئاسۆی هیوا چاو گەشەکان
ملی تامەزرۆییت دەنا
تا قردێلەی ڕەنگاو ڕەنگی خۆزگە دێرینەکان
لە پرچی ڕەنگاڵەی ئەستێرەکانی ئاسمانی ڕۆژ
بکەیتەوە
بیرمە
داستانێك مێژووی پڕ لە نەهامەتی
ڕێگەی ئەسپی خەونەکانی تەنیبوویتەوە
تۆیش جڵەوی هێزو توانای بازووت
بەرەو کەناری ئەوبەری ڕزگاربوون
ڕادەوشاند
زەردەسیری چۆمی بەختت
بە ئاگری کۆشش و گڕی شەکەتی
دەسووتاند
هزرو بیرو لێ ڕامان
لە دوای ئەسپی ماندووتەوە
تۆزیان دەکرد
بیرمە
برین و زامی پەنجەکانی هۆشت
لە دەلاقەی درزی نەهامەتییەکانەوە
خوێنی بێ کەسی و بێ باڵییان
لێ دەچۆڕا
بیرمە
بزەی سۆزو ئەوین

لەسەر لێوی بەختی مێژووت دتۆرا
تۆیش لە بەرەبەیانی خەونی نەزۆك و نەسرەوتندا
گوڵی هیوات لە بەرۆکی ئارەزووەکان دەدا
تا داڵیی نەهامەتی بەر بگرێت و
زارۆکی خەون کاگۆڵکێ بکات
بیرمە
دەغڵ و دانی کێڵگەو شکارتەی ڕۆژگارت
دەدوریەوەو
مەلۆی گەنم و جۆی ئارەزووت دەنایەوەو
خەرمانی شەکەتیت گێرە دەکردو
دانەوێڵەی ورەو توانات شەن دەکرد
تا تاریکی تونێلی نەزانین
بڕەوێتەوە
تا گوندێك ئارەزوو
چۆمێك ئاوات و
دەشتێك هیواو
دەڤەرێك خەندە بشنێتەوە
بیرمە
گوریسی کۆسپ ملی ڕەنجی دەجەڕاندیت
تاریکی شەوگاری ڕەش
مەلی توانای دەتەراندیت
تۆیش لە ئامێزی لاژەو
هۆرەی خەونەکاندا
ئاوازی بەزم و ڕەزمی نەبەزینت دەچڕی
سەختی و هەڵەت و هەورازی ڕێت دەبڕی

لە ناو گێژەلوولکەی واق وڕمان و بێ دەرەتانیدا
ئارەقەی بە لووتکەی خەون گەیشتنت
دەسڕی
جەژنەو
هەموو هزرو بیری ئۆغرکردن
زەفەری لێ سەندووم
شەرمەزاری بازووی کۆشش و شەکەتیت
لە دووڕیانی شەرمدا دڵگیری کردووم
کەی لە بەر پێی خاکی خاکسەراتدا
دەستەو یەخەی شەرم
ڕاوەستم و
دانە دانە ملوانکەی شەرم ڕاپسکێنم
ماچێکی قووڵ
لە نێو چەوانی باوکایەتیت
بڕوێنم !!
٢٠٠٩/٩/٢١

# کوردستان

بـەڵێ کــوردستان ، کوردستانی جوان
مەڵبەندی کۆنی
باوو باپیران
بەناو پێدەشت و
کـۆساری تـۆدا
زۆر هاتووین و چووین
بۆ گەشت و سەیران
*
وڵاتی فەڕو سەیـرانـگەو خـۆشی
چەند لەسایـەتدا،
شـادیمان نۆشی
بـۆ سەربەرزیی تۆ،
زۆرمان خەبات کرد
پڕ بە مێژوومــان
شەهیدمان بەخشی
*
دوازدە مانگەی ساڵ،
وەرزت بەهار بوو
کێوو نزارت
پڕ لە گوڵزار بوو
گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ دەدرەوشایەوە
بۆ شادی و خۆشی،
گشت گوندت شار بوو
*
قاسپەی زۆر دەڕۆیشـت،

کەوی شاخانت
بۆن و بەرامەی دەشت و باخانت
بەر لووتی هەموو ڕۆڵەیەك دەكەوت
دەیلاواندەوە
شمشاڵی شوانت
*
بەڵی کوردستان ، کوردستانی جوان
مەڵبەندی میدیاو ،
کانگەی تێکۆشان
بە ناوی تۆوە ،
زۆر کەسان هاتن
تەختیان زەوت کرد بوون بە بازرگان !
*
کوردی هەژار بوو،
بازووی خۆی نوواند
چەکی هەڵگرت و
دوژمنی ڕەتـــاند
پێی بـە جـەرگـدا نـا ، لـە تـرس نەترسا
بـــە خـــوێنی ئاڵی
مێژووی نوێی نەخشاند
*
کۆچڕەوی گەورە،
دەنگی دایەوە
لە ویژداناندا
ڕەنگی مایەوە
هەر بە بەر چاوی

دۆستەکانتەوە

جگەرگۆشەمان سەری نایەوە

***

هەست و نەستیشمان ئەنـفال کرابوو

مێژووی خـەباتمان

پەڕ پەڕ دڕابـوو

بـە جینـۆسـایدو

کیمیایی باران

تۆتکی گـوندو شارمان بڕابوو

*

برا دیواری برای دەڕووخاند

باوك خانۆچکەی

کوڕی دەسووتاند

لە بەزم و ڕەزمی

کوشت و بڕیدا

خەنجەریش خوێنی خۆیی دەدۆڕاند !

*

بەڵی کوردستان ، کوردستانی جوان

کانگەی خەبات و

هەوڵ و تێکۆشان

لە جـیاتی خوێنی شەهیدەکانت

کێ بوو هات ، دانیشت؟

بوو بە بازرگان ؟

هەولێر ١٩٩٦/٣/٦

# کورسیگەلی بەتاڵ

کورسێگەلی بەتاڵ
چاوەڕوانی کەسانێکن، بێن
بۆ چرکەیەك یان چەند ساتێك
لەسەریان ڕۆنیشن و پشوو بدەن
ڕێگەوبانگەلێکی قیرتاو
لەوپەڕی گوند
مرۆڤیان پێدا نەگوزەریوە
ئاسمانێکی ساماڵ
تامەزرۆی ڕوومەتی هەورگەلی پاییزێکی درەنگە
جۆگەیەکی باریك
گلەیی لە پاساری و چۆلەکە دەکات
نایەن مژ بە ئاوی سازگاریەوە بنێن
چاوگەلی زاق
لە ئەژمەتی شۆکدا واق وڕماون
کانیاوی ماندوو
گوێ لە بەسەرهاتی کیژانی گوند ڕادەگرن
سەرکێشییەکانی تەمەنی منداڵییان
دەگێڕنەوە
پەنجەرەی ڕەنگاوڕەنگ
بە سێبەری سەروو ڕازاونەتەوە
بە ڕووی وەشتی یاراندا
کراونەتەوە
دەرگەیەلێك

نەختێك وازن

چاوەڕوانن یاران گوزەر بکەن

ئەوانەی هێشتە لە دەرەوەن

فرمێسکگەلێك بە خوڕ دەڕژێن

بە قەد ڕوومەت و گۆناکاندا

نامەی ماڵئاوایی دەنەخشێنن

هێشتە لێوی ماچ نەیگەستوون

لێوانگەلی هشك هەڵاتووی تینوو

لەسەرە ڕێی بەڵێن

دۆش داماون

ڕووەو کانیی ئەوین دنۆڕن

تینوویەتی خەونیان بە هەنگوینی تامەزرۆیی بشکێنن

هیواگەلێك پەلەیانە

بە شەقامی ئارەزوودا

هەناسەیان لێ بڕاوە

بە دوامیترۆی مژدەڕا بگەن

پۆلە ڕیشۆڵەی تامەزرۆیی

ئاسۆی چاوەڕوانییان داپۆشیوە

تا بە ئاسمانی دیداردا بفڕن

گۆرانیگەلێك هیشتە نەنووسراون

بە دوای ئاوازژەنێکدا عەبداڵن

پاڵتۆ خورییەکەی

لە میترۆدا بزرکردووە

چامەگەلی ئاوارە

پۆلیسی ڕەخنە ڕاویان دەنێت

لە بەندیخانەی بیرچوونەوە
توندیان بکات
ئاوازگەلی کۆن لەسەر ڕەفەی سەردەمانێك کەوتوون
تەپ و تۆزی پشت گوێ خستن
داپۆشیون
وشەگەلی بێ پیت
لە نێو لاپەڕەی فەرهەنگێکی بێ ناونیشاندا
پاڵ کەوتوون
چەندین کێڵگەی ئارەزووی هەنووکەیی تا چاو بڕکات بەرین
بە شوورەگەلی نەریتی پووچ
دەور دراون
ماچگەلێکی تینوو
لە کووچەو کۆلانانێکدا لە گیانەلادان
ئەویندارانی پەرێشانیان
پێدا دەگوزەرێن
عەبدالّی جەستەی مانگێکن
تەنیا گۆرانییەکانی بۆ ماوەتەوە
ڕەوە کۆترێك
بە ئاسمانێکدا دەخولێنەوە
هەوری خەفەتی کۆچی ئەستێرەی ئێوارە
داپۆشیوە
بلێسەی ئاگری لێکدابڕان
یاران لە زستانی بیرچوونەوە
ئاگەدار دەکاتەوە
لە وەرزێکدا

بالْندەکانی خەون
بۆ دارستانی هیوایەك کۆچ دەکەن
ڕووبارگەلی کات و سەردەم
تینوویان دەشکێنن

تەمووزی ٢٠١٠

# شەو

### 1. شەو

شەوێکیان خۆی لێ تۆراندم
لە ژێر درەختی بێ دەنگیدا
دای لە پڕمەی گریان
ئەشکی بیرچوونەوەی داباراند!

### 2. ئەوین

حەزم لێ کرد
لێی وردبوومەوە
بینیم
لەگەڵ ڕەشەبای غەمدا
کێبەرکێ دەکات
ئوقرەم لەخۆ بڕی
بەشکو دەمەوئێواران
بەدیدی شادبم
لێ ڕۆیشت و
پەری خۆشەویستی و شادی تۆراند!

### 3. جۆگە

چوون جۆگەی گوندەکەم
لەئەژمەتی ئازاردا
لە ئەژمەتی پەژاردا

لوول و پێچ دەخۆم و
پێچ دەکەمەوە
چوون ڕووبارێکی ماندوو
ئەسپایی دەکشێم
غەم و پەژارەکانم
لە جۆگەیەکدا دادەبارن
کانییەکان ژ بیریان کردبێت!!

## 4. گەنجینە

چاوەکانت دوو مانگن
ڕێگەی ژیانم ڕوون دەکەنەوە
گەواڵە هەوری غەمیان
تێدا نابینم
گەنجینەی بیرەوەری نەبێت
چاوەکانت
دوو مانگی ئاسمانی بەیەک گەیشتنن
تیری دیداریان
دڵ و جەرگ دەسمن!!

## 5. ترس

دەترسم
پاییز ڕاوت بنێت
دەترسم
ناوبانگی بتڕفێنێت

دەترسم

بارانی ئارەزووەکان تەڕت بکەن

دەترسم

لە ئامێزی ئاسماندا

بکەویتە گیانەڵا

## 6. مشت و مڕ

دەروازەی غەم

بەسەر کۆچڕەویدا والآیە

چاوی ئارەزوو

شمشێری هەناسەبڕکێی ڕاکێشاوە

لە پێکگەیشتنێکی هەڵکێشاوە

هەر چاوەڕێی دەکەم

مشت و مڕی نێوانیشمان

باڵندەیەکی شەیدای فڕین

بەرەو هێلانەی ئاوازو

گمەگم!

## 7. هەشتەمین ڕۆژ

هەشتەمین ڕۆژی هەفتە

سەرت لێدەدەم

تا سروودی سێزدەمین مانگ بلێمەوە

سروودی ڕاستی

سەرت لێدەدەم

تا پێت ڕابگەیەنم

کاتی بیست و پێنجەمین سەعاتی
ڕۆژی ئەڤیندارییەو هەتاوی ئەوینمان
بەر پێی ڕووناک کردووینەوە!

## 8. بیرچوونەوە

ساتەکانی ئەویندارى
پەنجەرەکانی دڵداری
تاڵییەکانی دووریم
لە بیر ناچنەوە
ئەو ئازارەیش ژ بیر ناکەم
هەردووکمان
لە بنی بیرەکەدا
بە دەستی دەست و پێوەندەکانی
سوڵتانەوە
چەشتمان!!

٢٠٠٧/١/٢٦

# دوایەمین پەیڤی مانگ

نەکەیت هەرگیز ئەو ڕستە سفت و سۆڵە
لە بیر بکەیت
بەڵێنێکی سوورم تێدا بۆ کردیتە قردێلەو
لە زوڵفی شۆڕی ئارەزووەکانم ئاڵاندیت
وردە ماچەکانم بۆ کردیتە گەردانەو
لە گەردنی خۆزگەکانی ئێوارانم جەڕاندیت
بەهارێکی ئەفسووناویم
لەسەر ڕۆخی شکارتەی خۆشەویستی بۆ ڕازاندیتەوەو
کانییەکانی ئەوینم تێك ئاڵاندو
دارسێوەکانی شادومانیم
لە قەراغ ڕووبارەکانی بەیەکگەیشتندا
بۆ کردیتە پەرژینی ژوانێکی گەردوونی و
پەپوولەی ماچم
بەرەڵای باخچەکانی بەهەشتی دەروونت کرد
بۆن و بەرامەی گوڵاوو ڕەیحانەو مێخەکم
بەردایە جەنگەڵی چڕی پەرچەمی نازت
زیندە خەونەکانم
لە دارستانی سێوی سینگتدا
پەرت کردەوەو
پەڕەسیلکەکانی ناخم
بە ئاسمانی ساماڵی لێوەکانتدا هەڵفڕین

پاسارییەکانی چێژ
لەگۆلی ناو پەلکە شۆڕەکانتدا
چاوشارکێی چێژیان دەکردو
ختووکەی ئارەزووە شێتەکانیان دەدا
ملوانکەی ماچ بە گەردنی بەلێندا
شۆڕ دەبووەوەو
تارای سپی بە پیتی سوێندو وەفاداری دەنەخشاند
نەکەیت دوا پەیڤی مانگ لە بیر بکەیت
من بەبێ پەیڤی بەلێنە سەوزەکانی لێوی ئارەزووت
نازانم چێژ لە خەونە خەوالووەکانی ماچ وەربگرم
بەبێ دەستەمۆکردنی پەرچەمە نەرمەکانی بالآت
نازانم لە بەهەشتی چاوە شینەکانی ئامێزتدا
ئوقرە بگرم
بەو هەناسە بایە بە پێوەم
لای باکووری هەرێمی نازی تۆوە هەلدەکات
بۆن و بەرامەی خەونی پێیەو
سەر لە جەمسەری سەهۆلبەندی گیان دەدات
بەو پەیڤە شیرینە زیندووم
هەنگوێنی بەلێنی سەوزی لێ دەتکێت
بەو پەنگرە ماچە هەلدەکەم
زستانی سەرماو سۆلەم گەرم دەکاتەوە
بەو سروە فێنکە دەژێمەوە
گەرمەسێری ژیانم
دەکاتە زوقم و شەختەی بەختەوەری
بەو تیشك و بروسکە تیژە دەبووژێمەوە

لای هەتاوەکانی چاوتەوە دەبریسکێنەوە
جا چۆن دڵی ئەوینت دێت
لە دادگەی دڵتدا
گازندە لە دەستی هەنگوینەکانی ماچ تۆمار بکەیت
پەنجە نەرمەکانی بەڵێن
لە دۆڵی مەماندا بەر خەنجەری هەڕەشە بدەیت
نەکەیت دوا پەیڤی مانگ پشت گوێ بخەیت
دڵۆپ دڵۆپ هەنگوینی ئارەزووی لێ دەتکێت
تینووی ساڵە برینگەکانی گیان دەشکێنێت
کانیی کوێرەوەبووی خەونەکان دەتەقێنێت
ڕووبارەکانی وشکە ساڵی تەمەن بە ئاوی ئەوین
ڤەدەژێنێت
گەردانەی مژدە بەگەردنی شادیدا دەکاتەوە
باوەشێك گوڵەماچ
لە سینەی ئارەزوو دەداتەوە
نەکەیت دوا پەیڤی مانگ لە بیر بکەیت
چۆن دڵی بەزییت ڕێت دەدات
کۆرپەی خەونە پەمەییەکان ڕانەژێنێت
چۆن چاوی هیوات بەرایی دەدات
گاگۆڵکێی هەنگاوە ساواکان نەبینیت
نەکەیت دوا پەیڤی مانگ ژ بیر بکەیت
مووورووی ئەو سرروودە بەهەشتییە
بۆ باڵای ئاوێنە نمات
دەهۆنێتەوە
بە کلی ئەوین بینایی خەونە ئەرخەوانییەکانت دەڕێژێت

ئەو گلێنە ڕەشە کوێر دەکاتەوە
لە ئاستی گەردنی جوانیت هەڵنایەت و
دەغەزارەکانی مێژوو لە دەوری کوانووی ڕق
کۆدەکاتەوە
بیرت نەچێت دوایەمین پەیڤی مانگ
سەدو یەك ڕستەی بەڵێنە
دەزووە نەیارەکانی بەژنی زراڤت
لە قامیشەڵانی کینەدا
دەپچڕێنێت
شاڕستەی هەوێنە
پاڕستەی خەون و کاری ڕانەبوردوو
بە دوای یەکدیدا دەهێنێت
بیرت نەچێت دوا پەیڤی مانگ
بانگی ژوانەکانی ئێواران دەکات
دەرزی لەچکی وەفاو ئەویندارى
لە بەرۆکی باغی سێوان دەدات
تۆ دەزانیت
بێ گوڵاوی هەناسەی بەڵێنەکانت
درەختی ژوان
لە باخچەی تەمەندا ناڕوێت
تەمەن ورك دەگرێت
پەنجەرەی دڵ دادەخرێت
قەڵبەزی ئارەزوو وشك دەکات
بیرت نەچێت دوا پەیڤی مانگ
پەیڤی دڵێکی پەژموردە نییە

لە هاوینی سەوندا
زەردو لاواز هەڵگەڕێت
پیت و وشەو زاراوەکانی لێك بترازێن
بازنەکانی مەچەکی جوانییان
لەبەردەم هەڕەشەی نەهامەتی و نەزانیندا
گشت بپسێن
پەیڤی مانگ
پەیڤی ئەسپێکە لاوی بەڵێنی سوار کردووەو
لە پێدەشتی غارغارێن و جریتبازی سەردەمدا
دەحیلکێنێت
یالّی خەونەکانمان شانە دەکات
تونێلەکانی شەونخوونی و بێداری تێدەپەڕێنێت
لەگەڵ کات و شوێنەکاندا
پێشبڕکێ دەکات
پەیامی پێدەشت بۆ ترۆپك و نهال و
لووتکە دەبات
بیرت نەچێت دوا پەیڤی مانگ
پەیڤێکە لەبەردەم زراڤی بەژنتدا
دۆش دادەمێنێت
بە ناو دەریای چاوە شینەکانی شادیتدا
دێت و دەچێت و ڕادەمێنێت
لە کەناری دیدارت نزیك دەبێتەوە
سەوڵی شاگەشکە لێدەدات
مژدەی ماچی گۆنای پێیە
لە بەهەشتی سینەو باغی سێوان بیچێنێت

بیرت نەچێت دوا پەیڤی مانگ
گەردانەی ئەمەکەو
دانە دانە بە پەنجەی سۆز چنراوە
بۆ سرووتی ڕۆژگاری بەختەوەری چاوەکانت
هەڵکراوە
بیرت نەچێت پەیڤی مانگم پێیەو
لەسەردا دێم
ملوانکەی ئەو پەیڤە دێنم
لە گەردنی ڕۆژو بەژنی ئەویندارت دەئاڵێنم
بە باوەشێك سروودو لاژەو حەیرانی مەستەوە
مەقامی خۆشی بۆ ئەو بەژن و ڕوخسارو چاوانەت دەڵێم
ملوانکەی پەیڤ پاسپۆرت و پەیامی دڵی بریندارمە
لەبەردەمی پێی نازەکانتدا
ڕایدەخەم و
لە سێبەری چێژی بەژنی بەڵێنتدا
کڕنووشی وەفا
بۆ پەیڤەکانی زاری نەپشکووت دەبەم
پەنجەی شەکەت بۆ هەنگوێنی لێو درێژ دەکەم
لە سەر هەرێزی بەهەشتی دیدارت ڕادەکشێم
سەرخەوێکی ماندووانەی هەمیشەیی دەشکێنم! ! ٢٠١٠/١/٨

## حەوتەوانەی هەور

١

نیو سەدەیە

ئەم گەمەیە

پەڵە هەوری چاوەڕوانی دوای بارانی نیوەشەوە

شەو ڕایەخی تێنووی خەوە

وەنەوز هەناسە سوار

خەون پەنجەرەیە

ڕووداوەکان دیوار

٢

گوڵێکی سوور

لەسەر سنوور

خڵتانی خوێنی سوورە

نزیك لەمەرگ

ئاوێزانی چاوەڕوانییەکی دوورە

٣

ئاو

دروشمێکی شینی پیشان دام

چاوی هۆشم ئەبڵەق

دڵی ڕۆژم واق وڕماو

ئاو ڕۆشنکەرەوە

بەسەر هێڵەکانی ترسەوە

یاری مەرگی دەست پێ دەکرد

٤

دەچوومە شەقامی بیرکردنەوە

لاقی هۆشم ماندوو

دڵی ڕۆژگار شەکەت

بیرەوەری تەمەنی زوو خەفەت

ڕستەی بەڵێن فرمێسک

پیاسە بابۆڵەیەکی بەسەرچوو

شۆستەی ئێوارە بێزار

شمشاڵ و دووزەلەی تەمەن

دوو جلەوی بیرکراوی

دەستی دوو شۆڕەسوار

٥

لەگەڵ باوکم

سیروان بواری نەداین

بەرەو گێژەنگی قووڵ

توند توند ڕایدەپێچاین

پێ مەلە پاسپۆرتی دەربازبوون بوو

مەرگ لەگەڵ قورگمان

سەرەتاتکێی شانازی دەکرد

لە کەناری ئاوەکەوە ژیان پێدەکەنی و

ڕقی مەرگی هەر هەڵدەستاند

٦

هەورەتریشقەی غەم

تەزبیحی پچڕێنراوی دەستی ڕۆژ بوو

دانە دانە

بەناو دڕك و داڵی

دڵی هەناسەمدا

ڕۆچووە خوار

دڕك بوو بە ژان و

تەزبیح بوو بە مار

٧

وشەکان

ئامادەباشی خۆیان بەرانبەر بە ڕستەکان

گورج ڕاگەیاند

فرمانەکان

لە جێناوەکان زیز بوون

ئامرازەکان لە گەردنی بەرکارەکان ئاڵان

لەو لاوە کارا هات و

هەموو یاسایەکی سێنتاکسی شێواند

٨

چەکی ڕۆژانەی سکاڵایە

سکاڵا لە دایکی ئاڵایە

ڕۆژی پێنج جار

بۆ خواوەند ناوگەڵی واڵایە

مانگی جارێك

بەدەنگی ئارەزووی ویوە نایە

٩

قامیشەڵان چەمی هەتاو بوو

ڕێگەی قوتابخانەی دەڕازاندەوە

کارگی سەر ڕێگە

بەیانیان سڵاوی خەونی

لە هەگبەی پەرتووکەکان دەکرد

پەرتووك

چیرۆکی پاشاو کوڕە هەژاری

بۆ کانە کارگ دەگێڕایەوە

١٠

باران شەڵاڵەی دەکرد

ڕەهێڵە تا سەر ئێسك دەیخووساند

ڕێگەی ماڵ دوور

باوکی نیگەران، پەشێو، چاو لە ڕێگەو سنوور

ملوانکەی چاوەڕوانی و پشوو نزیك گوند

دەپچڕایەوە

دڵ ئاوڕی لە ترس نەدایەوە

٢٠٠٩

# سێ کورتە هۆنراو

## ١ ـ قۆخ

قۆخێك تكایە ناو زاری قۆخێك
قۆخێكی قۆخانی لە قۆخ دا
قۆخ بوو قۆخی قۆخین
دەروازەی قۆخی
لە نیگای قۆخی قۆخدار
داخست
گیانی بە گیانی قۆخی شەوارەی قۆخدا كرد
تا قۆخ لە سەیرانی قۆخ
بۆ باوەشی خەونی قۆخ
بە قۆخە قۆخ
دەبێتەوە قۆخ!!!

## ٢ ـ ڕێگە

دوو ڕێگە
بوون بە برادەری ڕێگەیەك
ڕێگەیەك ڕێگەی بە دوو ڕێگە گرت
ڕێگەكان چوون بۆ لای ڕێگە
ڕێگە ڕێگەی بە ڕێگەكان نەدا
وەڵامی ڕێگە بدەنەوە
تا ڕێگە دەچێتە سەر ڕێگە

له ڕێگە دوو ڕێگە بە ڕێگە دەبن
دێنەوە سەر ڕێگە !!!

### ٣ ـ ماچ

ماچێك ماچ ی لە ماچێکی ماچ کرد
ماچی ماچ لە ماچ زیز بوو
ماچ ماچێنی لە فەرهەنگی ماچ
بە ماچی ماچ
قەدەغەکرد
ماچێك لە ئامێزی ماچدا
خەونی بە ماچی ماچەوە دی
ماچ بووەتە بووکی ماچ
لە زەماوەندی ماچدا
ماچی ماچ
بەسەر ماچاندا دەماچێنێت
ماچێك لە شەوی ماچدا
بێچووە ماچی بەسەر ماچاندا ماچاند
لە ماچی ماچیندا
گەڵای ماچی وەراندە زاری ماچی ماچەوە
ماچ هەنگوینی ماچ بوو
لە بەهاری ماچدا
شانەی ماچی لە هەنگی ماچ کردەوە
تا ماچ لەسەر ماچ لە ماچیندا
ببنە ماچی ماچین

ماچێك بوو بە ماچ

لە شاری ماچدا

ڕێگەی ماچ ماچینی بزرکرد

تا ماچی ماچ

دەستی ماچی ماچینی نەگرت

ماچ نەبووەوە ماچ !!!

٢٠٠٥/٩/١٩

# دوو چامەی کورت

## ١ ـ شاعیرێك

لە دەروازەی شارێکدا بوو
دەنگی شاعیرێکیان کڕی
بەندی دڵی وشەکانیان بڕی
سنگی سەرواکانیان دڕی
چامەکانیان لێ سەندەوەو
کێشەکانیان بەرەواژکرد
شاعیریان برد
فێرە پێهەڵدانیان کرد
مەدالیای زێڕیان بە سنگدا کرد
لە کۆشکێکی ڕازاوەدا
پشتی لە چامەی رەسەن کرد
لەسەر نوێنی ستایش راکشا
بەرەو هەورازی فیز هەڵکشا
زوڕنای ساختەی هێناو
فووی پێدا کرد
سەرو مێشکی چامەکانی برد
درۆی لە دووی درۆ رێسا
گوێی ئاوازو ڕێتمی کەڕ کرد
کەسێك نەبوو گوێی لێ بگرێت
بە دەهۆڵی پێداهەڵدان

بوو بە خاوەنی کۆشك و سامان
هاوڕێ و هاوەڵانی لە یاد نەما
ئەوەندەی گوت ئەوەندی گوت
هاواری کرد هاواری کرد
دەزووی دەنگ و ئاوازو ڕێتمی پسا
لە ناو کۆشکی ڕازاوەدا
تاك و تەنیا مرد !!!

## ٢ ـ ئێرە

ڕۆژێك لە ڕۆژان، بێرەدا تێدەپەڕم
نایەمەوە
لەو پەنجەرەوە تەماشای ڕووی مانگ ناکەم
لەو باخچەوە
بۆنی گوڵەکان هەڵنامژم
لە ناو ئەو هەرێزەدا راناکشێم
پەنجە ناسکەکانی پەری شیعر تێر ناگوشم
گوێ لەو ڕێتمەی لەنجەت ناگرم
ئەو فرمێسکەی وشەت ناسڕم
تێدەپەڕم
دەڕۆم ، نایەمەوە
گوێم لە هاوارو قیژەت نابێت
ڕەشەبای خەون ڕامدەماڵێت
هاژەی ڕووبارەکان
جێم دەهێڵن

دەڕۆم نایەمەوە

ڕووبارێکم

کە ڕۆیشتم ، ئاوڕ لە کەنارەکان

نادەمەوە

بەو کۆڵان و کووچەیەدا تێناپەڕم

ئەشکی چاوی شەکەتیی تۆ نا ... ناسڕم

لەگەڵ سروەی شیعرەکاندا هەڵناکەم و

ئاوازەکان ناڵێمەوە

بەرەبەیان

نایەم چاوی خەواڵووی تێر نەنوستووت

هەڵناسێنم

ڕازەکانی شەوانی چووت

نادرکێنم

سێوە لاسوورەی ڕووت

ناقرتێنم

ملوانکەی گەردنی بێگەردت

ناپچڕێنم

گڕ لە خەون و لە هەناسەت بەرنادەم و

بەژنی بەختت ناسووتێنم

کە ڕۆیشتم نایەمەوە

دەڕۆم

دەڕۆم

دەڕۆم

تەنیا بۆ خۆم

تا چاو بڕ کات نامبینیەوە

تا با هەڵكات نامبینیەوە

هەر دەڕۆم دەڕۆم

لە چاو

ب

ز

ر

د

ە

ب

م !!!!                    ٢٠٠٦/١١/٢٠

# دەریا

دەریایەك لە دەریایەك ئاووس بوو
دوای سی سەدەو سی دەیەو سی ساڵ و
سی مانگ و سی هەفتەو سی ڕۆژو سی کاژێر
دەریایەك لە دەریایەك لەدایك بوو
لە ئامێزی دەریایەکدا هەڵچوو
لە مێژووی دەریادا
دەریایەك دەریایەکی هەڵلووشی
دەریایەك گازی لە گوێی دەریایەك گرت
دەریایەك لە ناو شەپۆلی دەریایەکدا نغرۆ بوو
دەریایەك مێژووی دەریایەکی خوێندەوە
دەریایەك لە جوگرافیای دەریایەك تۆرا
دەریایەك ڕووبارەکانی دەریایەکی ڕاونا
دەریایەك کانی دەریایەکی کوێر کردەوە
دەریایەك سەنگەری لە دەریایەك گرت
دەریایەك کوودەتای لە دەریایەك کرد
دەریایەك چوو لە قاوەخانەی دەریایەك ڕۆنیشت
دەریایەك بە شەقامی قەڵاتی دەریایەکدا تێپەڕی
ڕای لە شۆستەکانی دەریا نەبوو
بەدەوری شەست مەتری دەریادا خولایەوە
قاوەیەکی تاڵی لە گازینۆی شەوانی دەریادا هەڵقوڕاند
شەوی بە پاسەوانی لە دەوری قەڵاتی دەریادا بەسەر برد

هەموو وایەرەکانی کارەباو تەلەفۆنی پێ ناشیرین بوو

بە قەد دارتێل و دیوارەکانی ماڵەکانی گەڕەکەکاندا بێ بەرنامە ڕاکێشراون

دیمەنی کۆڵان و شەقامی پایتەختی دەریایان ناشیرین کردبوو

بێزی لەو هەموو ئۆتۆمبیلانە هاتەوە کە ڕێ بە ڕێبوار نادەن

بە ناو دەریای دەریادا گەشتی دەریایی بکەن

دەریایەك هەموو خاڵەکانی پشکنینی شاری دەریای بەسەر کردەوە

هیچیان نەیانگوت بۆ کوێ دەچیت

لە کوێوە دێیت

کوا ناسنامەکەت

خەڵکی کوێیت

شەپۆلەکانت چی دەکەن

کەی هەڵدەچن

کەی کەشتییەکان نغرۆ دەکەن

چۆن باندە دەریاییەکان دەستگیر دەکەن

چۆن شەونخوونی دەکێشن

چۆن ماڵە گومان لێکراوەکان دەپشکنن

چۆن گەڕەکە بێ ئاوەکان دڵنیا دەکەنەوە

ئاوی ئیفرازیان پێ دەگات

چۆن خەون بە شەقامێکی قیرتاوو شارێکی خاوێن و

پایتەختێکی بێ تژی لە مەڕو ماڵات و

گیسك و بزن و تەگەو بەران و

مریشك و کەڵەشێرو جووجەڵەو

شەقامی هەڵکەنراوو پڕ لەقۆرت و قیرتاونەکراوو

بێ کارەباو ئاوو

بە ئاسایيش دەکەنەوە

دەریایەك پرسیارێکی لە دەریایەك کرد

دەریایەك خەونی بە بەژنی دەریایەکەوە بینی

دەریایەك چووە داخوازی دەریایەك

باوك و دایکی دەریا

داوای دوو کیلۆ زێڕی عیار بیست و یەکیان کرد

دەریا

گفتی نەداو نەگەڕایەوە

چوو لە دوورگەکانی سۆمەترە

خۆی تووڕە کرد

هەڵچوو

هاواری کرد

چەندین دوورگەی وەرگەڕاندو

چەندین کۆرپەی دەریای نغرۆ کرد

چەندی خنکاند

چەندی بێ سەرو شوێن کرد

چەندی هەر ڕاماڵی

چەندی خستە بن هەردوو باڵی

نەنیشتەوە

تا دەریای نەیاری خۆی نغرۆی ژێر دەریا کرد

دەریایەك بێزی لە دەریایەك هاتەوە

لە ڕۆخی دەریایەك ڕۆنیشت

ئاوڕی لە دەریا نەدایەوە
دەریایەك گوێی دەریایەکی ڕاکێشا
نەخەڵەتێت نقوڕچك لە دەریایەك بگرێت
دەریایەك چووە سەربانی ماڵی دەریایەك
تەماشای کچی دەریای کرد
دەریا لە دەزگەی ئاسایش سکاڵای تۆمارکرد
تا کاتی دادگەیی دیاری دەکرێت
دەریایەك بەردەمی دەریایەکی گرت
دەریایەك ترەکسووتی وەرزشی دەریایەکی لەبەر کرد
لە گۆڕەپانی دەریایەکدا دەستی بە یاری کرد
دەریایەك بە پارکی دەریایەکدا پیاسەی دەکرد
تینوو بوو لە ئاوی بۆڕی فرۆشگەی دەریا ئاوی خواردەوە
دەریایەك لە بیابانی دەریایەکدا لە تینوواندا کوێر بوو
دەریایەك لاژەی بۆ دەریایەك دەگوتەوە
قومێك ئاوی دەریای پێ ڕەوا ببینێت
دەریایەك نوێنی بووکێتی دەریایەکی ڕاماڵی
دەریایەك لە دەرگەی دەریایەکی دا
داوای مەنجەڵێك ئاوی ئیفرازی کرد
دەریایەك کارەبای گەڕەکیان کوژایەوە
مۆمی دەریایەکی داگیرساند
دەریایەك کەپووی دەریایەکی شکاند
دەریا لە بنکەی پۆلیسی تاوان سکاڵای تۆمارنەکرد
دەریایەك کوڕێکی بوو لە دەریادا خنکاندی

دەریایەك لە مۆتێلی پایتەختدا دانیشت

داوای دوو پەرداخ ئاوی دەریای کرد

دەریایەك بەلەمی نێو کەشتی دەریایەکی بینی

سڵاوی لێ نەکرد

پاسەوانانی دەریایی گازکرد

لە زیندانی کناری دوورگەی دەریایەکدا بیبەستنەوە

دەریایەك لە پەنجەرەی دەریایەکەوە ڕۆشتە ژووری

جگە دەریا هیچ دەریایەکی نەدیتەوە

دەریایەك بلیتێکی بڕی

سەیری فلیمی دەریایەکی کرد

باسی بەسەرهاتی نغرۆبوونی دەریایەکی دەکرد

پاڵەوانی فلیمەکە دەریایەك بوو

کەناری دەریای نەدیتبوو

دەریایەك گۆشتی برای دەریایەکی خوارد پێی هەرس نەبوو

دەریایەك کەزیی دەریایەکی ڕاکێشا

کەوتە نێو دەریایەکەوە

جلەکانی تەڕ بوون

دایکی دەریای سەرزەنشتی کرد

دەریایەك ڕۆیشتە پایتەخت

لە خاڵی پشکنینی دەریایەك،

دەریایەك بە بارمتەی گرت

داوای دەریایەك دۆلاری کرد

دەریا نەیبوو ، دەریا لەسەری دا

خوێنی دەریا ڕژا

دەریایەك دەریای خوێناوی کرد

قومێك ئاوی دەریایان بۆ نەبرد

دەریایەك لە بازاڕی دەریا سەتەلایتی دەریای کڕی

بەکارتەوە کەناڵی دەریای وەرنەگرت

دەریایەك لە دەرکەی نووسینگەی  ئینتەرنێتی دەریا چووە ژووریٚ

سەیری سایتی دەریای دەکرد

دەریایەك ئیمێڵێکی لە دەریای دەستەخوشکیەوە بۆ هات

نەیخوێندەوەو دیلێتی کرد

دەریایەك سەری لە ماڵی دەریای ئامۆزای دا

دەریای ئامۆزای لەسەر کار بوو

هاوسەرەکەی خولٚکی نەکرد

دەریایەك لەگەلٚ دەریایەکدا دیمانەیەکی سازدەدا

پرسیاری دەریای لێکرد

دەریایەك خەونی بینی ببێتە دەریایەك

خەونی دەریایەك قووت بدات

دەریایەك چامەی دەریای دەنووسی

لە نێو دێڕی دەریادا

خۆی ڤەشێردبوو

دەریایەك لە ناو باخچەی چامەی دەریایەکدا گیرسایەوە

هەموو کێشەکانی تەڕکرد

دەریایەك لە ئامێزی دەریایەکدا باوێشکی دا

لەسەر نوێنی دەریایەك خەواندیان

دەریایەك خەونی سەیری بینی

دەریایەك لەناو لەپی دەریایەكدا توایەوە

بوو بە دڵۆپی دەریایەك

بۆ نێو دەریا گەڕایەوە

دەریایەك دەریای بینی

پڕ دەریایەك گریا

دەریای بۆ بێنن

دەریایەك چووە خوازبێنی دەریایەك

باوكی دەریا قایل نەبوو

بە دەریای شاد بكات

دەریایەك سروودی دەریای دەگوتەوەو

لە دەریای ئاوازدا خنكا

ژێواری دەریا پێی نەزانی

دەریایەك هات مانگی دەریا ببینێت

لە لێواری دەریادا بزربوو

دەریایەك دەریای دەریای دەویست

ماڵی دەریای دەریایان پێ نیشان دا

لەگەڕەكی دەریادا

منداڵە وردكەی گەڕەك

بەدوای كەوتن

تا پێی كرا لە دەریادا خۆی بزركرد

دەریایەك دەریا بوو بە دەریا

دەریای دەریای بە دەریا كرد!!! تەمووزی ٢٠٠٥

## تا

تا دوا گولاڵە سوورەی بەهاری تەمەنت
گاز لە گۆی مەمکی ئارەزووەکانت دەگرم
تا دوا ڕوانینی بەژنی بەفری لووتکەی ژینت
لە بەر پێی نازی ئێوارانتدا دەمرم
تا ڕۆژ لە ئاسمانی ڕوخسارتدا ئاوا دەبێت
ئێشکی خەونە سوورەکانی کوڵمی حەزت دەگرم
تا مانگی بێداری بەر پەنجەرەی خەونت ڕوون دەکاتەوە
فرمێسکی گۆنای هیوات دەسڕم
تا ڕەوڕەوەی ماچەکانت لە ڕۆژگاری ژواندا بخولێتەوە
بەیداخی حەزەکانت هەڵدەگرم
نارۆم، نارۆم
تا بە دەریایەك هیواوە لە بەر دەرگەی کۆشکی نازتدا
ئوقرە دەگرم
نارۆم، نارۆم
تا ساباتی حەز بە سوورماچی شەوان نەکێڵم
تا چاوی هۆش بە ڕوانینی بەژن نەشێلم
تا سەنگەرەکانی ڕق
بەر شمشێری قۆناغ نەدەم
ڕوخساری ژوانی ژوانت بە جێ ناهێڵم
تا دوا دڵۆپی گریانی دووری
خەون بە بەژنی نازتەوە دەبینم
تا دوا مەنزڵگەی چاوەڕوانی بە هیوای

بینینی چاوی دیدارت
وێنەی چاوی پێکگەیشتنت هەڵدەگرم
تا هەناسەی ئەوین لە سنگی ئەوینتەوە هەڵمژم
لە بەهەشتی سنگی نیانتدا نامرم
تا بەهەشتی لێو مابێت
گاز لە سێوی لاسوورەی بەهەشتی کوڵم و نازەکانت
دەگرم
تا دڵی سۆز و گوڵی بۆن و
کوڵمی نەرم و بازووی بەفرینت مابن
لە ناو سەوزە گیای بەهاری لاویتدا
تەڕاتێنی دەکەم
نامرم ، نامرم ، نامرم !!! ٢٠٠٥/٥/١٥

# کاشکا من لەوێ بام(*)

کاشکا ڕۆڵە من لەوێ بام
بەیانیان زوو
دوای قاوەڵتی و چا خواردنەوە
دەستی شەنێرم گرتبا
بە باوەشێك هیواو ئاواتەوە
بۆ تەلاری فێرگەم بردبا
جار جار ئاوڕم لە نشینگەتان
دابایەوە
جار جار سەری ئارەزووم
بۆ شینایی ئاسمان
بڵند کردبایەوە
جار جار لە پەنجەرەوە
لە سەرەتاتکێی شانیام ڕوانیبا
تا بەردەم فێرگە شەنێرم بردبا
دەست لە ملانێی چاوەڕێم کردبا
تا وانەکانی خوێندبا
هەردوویش دوو بە دوو هاتباینەوە
بریا کیژم من لەوێ بام
شانیام لە باوەش کردبا
گازی خۆشەویستیم لە گۆنای گرتبا
پەنجە نەرمەکانی هێنابا

تەڵ تەڵ قژی ڕاکێشابام
نقورچکی لە گۆنا گرتبام
هەوڵی دابا
خۆی لە باوەشم فڕێ بدات
منیش توند توندم گرتبا
بریا ڕۆڵە من لەوێ بام
چووباینە سووپەر مارکتێك
گالیسکەکەی شانیام پاڵ دابایە
شیرو قاوەو شەکرۆکەم بۆ کڕیبا
جار جار لەگەڵ زەردەخەنەو
پێکەنیندا وێنەیەکی شیرینم گرتبایە
خۆزگە ڕۆڵە من لەوێ بام
گوێم لە دەنگی ناسکت گرتبایە
شەنێر شەنێرو شانیا شانیات
بە گوێمدا دابایە
بریا کچم من لەوێ بام
چاوم لە بەژنی زراڤت بایە
چۆن ڕووت لە خانەی یەزدان دەکرد
چۆن دەستی شەنێرت دەگرت
چۆن بۆ فێرگەت دەبرد
چۆن شانیات بە ملاك تێردەکرد
چۆن گالیسکەکەت پێش خۆت دەخست
چۆن بازاڕت دەکرد

بریا ڕۆڵە من لەوێ بام

تەنیا چاوم لێت بوایە

خۆزگەیش درەختێك بوایە

لەبەر تەلارەکەتاندا

چرۆی بکردایە

بۆ تا هەتایە

لەوێ بڕوایە

لێ من لێرە لەبەر چاومە

شەنێر بە ناو هۆڵی فڕۆکەخانەکەدا

ڕیزەکانی تێدەپەڕاند

دەهاتەوەو چەپکێك ماچمان

لە گۆنا ناسکەکەی دەڕواند

دڵی لێرەو دڵی لەوێ بوو

نەیدەزانی لەکوێ تەنیا دڵێك بەجێ بێڵێت

شانیا لە ئامێزی دادایدا

نەیدەزانی بۆچی وا زوو هات و

وا زوو دەچێتەوە

لەکوێوە بۆ کوێ باڵ دەگرێتەوە

کەی پێ دەگرێت و

جارێکی دی کەی دێتەوە؟؟؟

پیرمام ٢٠٠٩/١٠/٨

(*) سۆزی باوکێکە کچەکەی لە تاراوگەو ئاوارەیی بێت.

# ستارتی ئەوین

(ئەگەر کۆمپیووتەر نازانیت مەیخوێنەوە!!!)

وەرە لە ستارتی ئەوینەوە
دەست پێ بکەین
بە ئینتەرێك ویندۆزێکی ڤیانی نوێ بکەینەوە
پیتەکانی بە کیبۆردی مایکرۆسۆفتی سەردەم
بنووسین و
لە هاردی(دی) دەروونماندا
سەیڤی بکەین
بەرنامەی هاوچەرخانە لە ئینتەرنێتی ڤیانەوە
داوون لۆد کەین
بە وۆردی نوێ
ماسنجەری دڵ بە کاربێنین
لە نێو ژووری چاتەکاندا
ماچی گەرمی پێکگەیشتن
بچنینەوە
سێرچێکی یادوەرییەکان بکەین
هەموو هاردو دیکۆمێنتی دڵ بگەڕێین
وێنەی ڕەنگاوڕەنگی منداڵیمان
لە مای پیکچەری تەمەندا

کۆپی بکەین

لە باوەشی دەروونی ڕۆژگاری ئەوینماندا

پەیستی بکەین

وەرە

وۆردە خەونێك لە فۆڵدەرێکی نوێدا

بکەینەوە

لە تەمەنی کلیکێکی بەختیاریدا

دیلێت نەکرێت

با پێکەوە نێت وۆرکی ئەڤین والآبکەین

لە سایتێکی ئازادەوە

هۆم پەیجێکی دی بکەینەوە

گۆگل و یاهووی ڕابوردوو نەگەڕێین

هیچ ویبێك سێرچ نەکەین

یەك ڕاست سایتی دڵ کلیك بکەین

هۆمی تایبەت هەڵبژێرین

بەدەنگ و ڕەنگ

بە چات شاد ببینەوە

لە ژووری پاڵتۆکدا چاوەڕوان بین

بێ شەت داوون

بە بابەتی بابەتاندا بچینەوە

وەرە لەسەر پەیجی ئەمڕۆ

بە پیتی (ئێڵ) ئیمێلێك دابڕێژین

بێ ئەوەی هیچ سپێسێك هەبێت

دڵمان لێك دابپچڕێنێت

وەرە لێوی ماوسی تامەزرۆم

دەبلێ کلیك لەسەر جووتە لێوی شادیت بکات

پەنجەی نەرمی پیتەکانم

یاریی سەردەم

بە جووتە مەمکی کۆنترۆڵی خۆزگەکانت بکات

بێ هیچ  ڕیستارتێك

بە ئینتەری سەرەتاوە

بێمە هۆمی پەیجەکانتەوە

نەکەیت میمۆریم فۆرمات بکەیت

با هاردی (سی) و (دی) و (ئی) نەسڕێنەوە

دەستت بێنەو

ماوسی دڵم بجووڵێنە

هافی نێوان هەردوو دڵمان

بە نێت وۆرکی ئەڤینەوە

توند پێوەستن

نەکەیت شفت و ئەی بەکار بێنیت

دڵی ئەمڕۆم سلێکت بکەیت

لە ئامێزی پەیجی هیوادا

دیلێتی کەیت

بێ پاسوۆرد بێ و لەدەرگەی سایتی خەونم وەرە ژووری


تینوویەتی لێوی فلووپییەکانت

لە ڕووباری مای دیکۆمینتی ئاییندەمدا تێر بشکێنە

سیدی گۆرانییەکانی منداڵی بێنە
لە دیسك کۆمپاکتی ئەوینمدا بیحەوێنە
بە میدیا پلایەری هۆش
ڕایبژێنە
ستران و لاژەی منداڵی لە دیسکتۆپی چاومدا
بخاتە ڕوو
بیَ فلتەر بێت
شۆرت کەت بەکارمێنە
فلاش میمۆری دڵ بێنە
لە نێو هاردی ئەو ئەوینەی خەونمان پێوە دەدی
سەرگوزەشتە هەن دەریانبێنە
با (یوو پی ئێس )ی نێوان بەندەکانی دڵ و ئارەزوومان
نەکوژێتەوە
پرۆگرامی ئەم ژیانە کلۆس نەکەین
چی گێم هەیە
ببینین و لە ناو گێمدا دابگیرسێین
بە شەت داونێك نەکوژێینەوە
وەرە، ئینتەرێکی خێرا بکەو
خۆت بهاوێژە نێو جیهانی ئەرخەوانی ئەم پەیجەوە
پەیجێکی دی بکەرەوە
گشت پەیجەکان لە خۆ بگرێت
ئینسێرتی کەو بگەڕێوە
بگەڕێوە ستارتی دڵ

له دەرگەی هۆمی هەمیشەیی بدەو
قوولّ قوولّ بڕوانە توێی ئیمێلەکان
دانە دانە، وێنەکانی (مای پێکچەر)ی ڕوح
هەڵبدەوە، تا بزانیت
چەندم خۆش دەوێیت و
له ئامێزی فایلی ئەم دڵەمەدا
چ سایزێکم بۆ هەڵبژاردوویت
وەرە ستارتم کەو
پەیجی ناخی ناخەوەی دڵم ئۆپن بکەو
تا هەتایە هەر ستارت بم و
نەکوژێمەوە!!!          ٢٠٠٥/٦/٢

# شاعیر لەچەند دێڕێکدا



- ساڵی ١٩٥١ لەناوچەی بنکوورەی سەر بە قەزای خانەقین لەدایکبووە .
- ساڵی ١٩٦٣ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی گۆڕەشەلەی کەناری زێی سیروان لە ناوچەی خانەقین تەواوکردووە.
- قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری خانەقین تەواو کردووە .
- ساڵی ١٩٧٠ چووەتە بەشی کوردی کۆلێژی وێژەیی زانکۆی بەغداو لە ساڵی ١٩٧٤دا بەکالۆریۆسی زمان و وێژەی کوردی وەرگرتووە .
- لەساڵی ١٩٧٠وە دەستی بە نووسین کردووە .

- له زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی وێژەیی و شیعرو بابەت و وتاری هەمەجۆری بلاّوکردووەتەوەو بەرهەمێکی زۆری شاعیران و چیرۆکنووسانی کوردی کردووەتە عەرەبی و بلاّوی کردوونەتەوەو له سایتی ئینتەرنێت بەرچاو دەکەون و چەند بەرهەمێکی دەستنووسی هەیە چاوەڕێی چاپ دەکەن ، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە
- کۆشیعری شەپۆلی ئاواز ساڵی ١٩٧٨ بەغدا .
- کۆشیعری ژیلەمۆی ڕاز ساڵی ١٩٨٠ بەغدا .
- کۆشیعری بەردەباز ساڵی ١٩٨٦ بەغدا .
- کۆشیعری خۆر کۆچ ناکات ساڵی ١٩٨٧ بەغدا .
- کۆشیعری ڕێس ساڵی ١٩٩٧ هەولێر .
- کۆ شیعری ئەفسانەی سێو ساڵی ٢٠٠٥ هەولێر .
- دەستووری شیکردنەوە له زمانی کوردیدا ٢٠٠٨ هەولێر.
- ئامۆژگاری دایك. چیرۆکی منداڵان. وەرگێڕراو. ٢٠٠٨ هەولێر.
- خەونەکەی دارا.چیرۆکی منداڵان. وەرگێڕراو ٢٠١٠، هەولیر.
- خەناوکە.چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠١٠
- فریشتەی دارستان.چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان،هەولێر، ٢٠١٠.
- کۆچیرۆکی (هەورە تریشقە)، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠١١.
- ڕۆمانی (بەفر له پەنجەرەوە دێتە ژووری)، حەننا مینە، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠١١.

- ديوانی (درۆیەکی دیکە)ی شاعیر(زانا خەلیل)،وەرگێڕان بۆ عەرەبی، هەولێر،٢٠١١.
- ڕۆمانی (پردەکەی سەر ڕووباری درینا)، ئیڤۆ ئاندریچ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، ٢٠١١.
- ڕۆمانی (گۆڕەپانی نەفرەتی)، ئیڤۆ ئاندریچ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، ٢٠١١.
- (قاسپەی کەو ـ شدو القبج)، وەرگێڕانی ٦٠ شیعری ٤٠ شاعیری کورد بە عەرەبی، دار الغاوون، بەیرووت، ٢٠١٢.
- مامۆستای زمان و ئەدبی کوردی بووە.
- ڕۆژنامەنووسە.
- ئێستە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی ـ پەروەردەو فێرکردن)ە .

# چامەکان


چامە لاپەڕە

خەون ........................................

ڕێگە........................................

شەقام ........................................

هزرو شایلۆغانی پرسیار ........................................

چەند چامەیەکی کورت ........................................

ئاگر ........................................

ئەفسانەی سێو........................................

کۆچ ........................................

گالۆك ........................................

لە خانەقین خۆرەتاوە ........................................

سووتان ........................................

ماچ ........................................

مۆبایل ........................................

چرپەی هەناسە سوارەکان ........................................

یادداشتی مرۆڤێکی ڕەوەند ........................................

ڕەشەبا ........................................

پێنجینەی گۆڕستان ........................................

هەرەس ........................................

هەل ..!! ........................................

چەند پەیڤێك ژ بۆ خانی........................................

بزمار ........................................
چەقۆ ........................................
بەفرو سۆز ........................................
ڕێس! ........................................
لە دەروازەی پەشیمانیدا!! ........................................
گوند ........................................
ئەسپ ........................................
هۆنراوە ........................................
ئەو نامەیەی نالی نەینارد ........................................
شیعر پایتەختی دڵە، دڵ پایتەختی شیعرە ........................................
ئەستێرەی ناز ........................................
ئەم داربەڕووە ........................................
من و ئەو ........................................
کوانوو ........................................
سەری ساڵ ........................................
ڕەشەبایەك هەڵ دەکات ........................................
هەور ........................................
پێنووس ........................................
کتێب ........................................
پەری ........................................
ئاونگە شیعر ........................................
گێتیی گومان ........................................
برین ........................................

کۆچی شاعیر ..........................................
شوان ..........................................
درەخت ..........................................
مێژوو ..........................................
سێ چامە ..........................................
لاژەیەکم چی گەڕوویەك دەملێتەوە؟! ..........................
سێبەر ..........................................
پەنا ..........................................
نووشتەی مەرگ ..........................................
تێك ئالان ..........................................
چەند کۆبلەیەك بۆ نەورۆز ..........................
نەورۆزی گڕو نێرگس ..........................
زەنگیانە شیعر ..........................................
بین ..........................................
گەردەلوول ..........................................
پەڵە ..........................................
کورتە هۆنراو ..........................................
تیشك ..........................................
دیوار ..........................................
وشە ..........................................
بەسەرهاتی ئاوێنە ..........................
ڕۆژهەڵاتیم ..........................................
دڵ و خورپە ..........................................

چوار دڵۆپ ڕاز ........................................

هێڵێکی ناتەریب ........................................

جۆخێن ........................................

پەنجەرەو خەون ........................................

سووتان ........................................

بەردەباز ........................................

پرد ........................................

مەگری ........................................

وشەو پێنووس ........................................

داستان ........................................

دوو پۆستەر ........................................

بێ ناونیشان ........................................

باڵا ........................................

بڵاچە ........................................

کانی و ڕووبار ........................................

چاوەڕوانی ........................................

دوو هۆنراوە ........................................

پاسپۆرت و گەردانە ........................................

وشەو ئاواتی شار ........................................

ئەوینی دڵدارێکی تامەزرۆ ........................................

سەوداسەری دڵدارێکی وێڵ ........................................

چاوەڕوانی ........................................

من لەناو چاوی نێزەدا دەڕوێمەوە ........................................

دۆخی شارو وەرزی لەدایکبوونی ڕۆژ ........................
من هاتووم ........................................
بە بیرت دێت ........................................
پەیامی نوێ بۆ یارە بەنازەکەم.........................................
گۆرانیی نەبەزێك ........................................
بمتوانیایە ........................................
پەژارەی بەیەك گەیشتنی دوو دڵ ........................
بەستەیەك بۆ سانتیاگۆ ........................................
خۆشم دەوێیت ........................................
گەشتێکی خوێن ڕژاو ..........................
دوو دیمەنی هەردوو دیوی بەسەرهاتی وێنەیەك ...................
جریوەی ئەستێرەی باوەڕ ........................................
دوو وێنەی غەمبار لە چوارچێوەیەکی پەستدا !........................
هەڵپەڕکێیەك لە مردنی گریاندا ........................................
حەز لە سووتاندا ........................................
باران زامی ڕابوردوو ناشواتەوە ........................................
سەرەتای پرسیاری بێ تابلۆ ........................................
ئاوێنەی نیاز ........................................
چەند تابلۆیەکی نەکێشراو ........................................
کامیرای هۆش ........................................
سێ وێنەی یەکگرتوو ........................................
سروودی خۆشەویستی ........................................
داخوازی ........................................

چوار کورتە هۆنراو ..................................
دڵ کۆشت بۆ دەگرێتەوە.........................................
ڕێگەی خەون و ئاوات.........................................
سەمفۆنیای ئەوین .........................................
چەند وێنەیەکی رەنگاو ڕەنگ.......................................
تابلۆی هەستێکی نوێ ..................................
نامەوێت .............................................
گۆرانی ...........................................
ئەو گۆرانییەی هەموو ڕۆژێك گوێی لێ دەگرم .....................
خۆزگەکان پەڕو باڵ دەردەهێنن ..........................................
باران ..............................................
تامەزرۆی کیشوەری چاوەکانتم ..........................................
ئەو شەوەی ئەستێرەی خەم لە جریوە جریو ناکەوێت! ............
برینەکان مەکولێنەوە ..................................
شاری دڵ .........................................
هێلانە..................................................
پاپۆڕی دڵ بە گرت مەدە!! ..................................
ئاوارە ...................................................
نەورۆزو خۆشەویستی ...................................
چی ناو دەنێیت؟...................................................
چاوەکانت ..................................
کە هەنگاو ژان و غەم دەپروێنێت ...........................
بێداری ...........................................

بەسەرهاتی چەند شەوێکی زڕ ........................
باران و خەونی سەوز ................................
گۆرانییەکی لەبارنەچووی کەنار سیروان ..............
پەنجەرە ...........................................
سووتووی داچۆڕانی ئەستێرەیەکی بێ ناز ...........
هەنسکی دەنگە بێ ئوقرەکان ........................
شیرین فەرهاد دەدوێنێت ............................
دوو وێنەی هەڵەوگێڕاوی سەر ڕێگەیەك .............
دڵی کۆرپەم ڕابژێنە ...................................
هاواریش هاوار دەکات .................................
تاسەی دیدار ..........................................
وەرزی سەرهەڵدان ....................................
دڵ ......................................................
نەمدەزانی .............................................
مژدە ....................................................
ڕازی نەدرکاو ..........................................
چاویلکەی چێژ ........................................
دوو پۆستەر ............................................
سەرنانەوەی حەز .......................................
دەنگی بانگەوازێکی بێ سنوور.........................
ناخۆمەوە................................................
هەست ...................................................
ترووسکەی دەڤەرێك خەندە ............................

کوردستان ..........................................
کورسیگەلی بەتاڵ ..........................................
شەو ..........................................
دوایەمین پەیڤی مانگ ..........................................
حەوتەوانەی هەور ..........................................
سێ کورتە هۆنراو ..........................................
دووچامەی کورت ..........................................